# ژنان

وەرزانەیەکی
سیاسی
کۆمەڵایەتی
فەرهەنگی و ئەدەبیە





سەرنووسەر:
نەسرین حەسەنزادە

دەستەی نووسەران:
کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی،
ڕەسووڵ سوڵتانی
حەلیمە ڕەسووڵی، عەلی بداغی

پووشپەڕی ١٣٩٠، ژوئیەی ٢٠١١

ژمارە ٣٠



ئیمەیلی «ژنان»
Yjd.kurdistan@yahoo.com

ژمارە تەلەفۆن بۆ پێوەندی گرتن بە
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

00964 - 7702103121



دیزاینی بەرگ: پێشەوا عەلیپوور

مونتاژ: مینا سوڵتانزادە

تایپ: شیلان قوربانی فەر


# پێرست


بەرەو پیلی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ...................... ٢

بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد .............................. ٣

ژن و سیاسەت، حیزبایەتی و یەکسانی........................................ ٧

ستەمی شاراوە، ناراستەو خۆو سەردەمییانە بە دژی ژنان ...................... ١٣

چەسپاندنی کولتووری فێمینیزم............................................... ٢٠

زەروورەتی لێک نزیکبوونەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.......... ٢٣

ماددە هۆشبەرەکان و خوو گرتن لە ئاستی ناوەندا.................................. ٢٥

بەشداریی کاریگەرانەی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی ڕزگاریی نەتەوایەتی
دا.......................................................................... ٢٨

ناسیۆنالیزم و فۆرم گرتنی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان............................ ٢٩

ژن و سروشت، ئەفسانەیەکی هەمیشەیی........................................ ٣٢

کوردستان نیشتمانی بووکە چاو بە فرمێسکەکان.............................. ٣٦

پێگەی ژنان لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست............................ ٣٨

ژیانی ژنانی تەڵاقدراو لە ژێر دەمامکی خێزانداری دا............................ ٤١

بۆچی ژنان بەڕێوەبەرێکی باشترن؟........................................... ٤٤

ژنانی کارکەر (شاغل)..................................................... ٤٥

ماڵداری و لە خۆ بێگانە بوونی ژنان ........................................ ٤٧

ڕزگار بوون لە حەسرەت ............................................. ٤٩

ژن ئەستێرە......................................................... ٥١

ئەدەبی.............................................................. ٥٢

بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژنانی
سوسیالیست ئەنترناسیۆنال لە ئاتێن........................................ ٥٦

جۆراوجۆر.......................................................... ٥٨

هەڵدانەوەی لاپەڕێک لە ژیانی ژنێک........................................ ٦٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەروتار

# بەرەوپیلی سێیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیک دا بە نیازە سێیەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ.

هەرچەندە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان خاوەنی ٦٥ ساڵ خەبات و تێکۆشانە، لەم ماوەیەدا تا ئێستا توانیویەتی تەنیا سێ کۆنفرانس و دوو کۆنگرە بگرێ. ئەوەش رەنگدانەوەی مێژوویپڕ لە هەورازو نشێوو هەر لەم کاتەش دا سەخت و ناهەمواری کاری رێکخراوەییژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. هەر لە جێ دا کاری رێکخراوەیی رێکخراوێکی وەک یەکیەتییژنان بەرهەمی هەلومەرجی دێموکراتیکە کە هەر سینفێکو توێژێک دەتوانن ئازادانە رێکخراوی تایبەت بەخۆیان پێک بێنن، بەڵام ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سایەی کۆماری ئیسلامی دا لەم هەلومەرجە بێبەشن. تەنیا ئەو بەشە لە ژنان دەتوانن تێکۆشانی رێکخراوەییان هەبێ کە لە دەرەوەی وڵات یان لەژێر سێبەری هێزە ئازادیخوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەسەر دەبەن.

ئەوەی لەم کۆنگرەیەدا پێویستە باسی لێوە بکرێ و رێگا چارەی پێویستی بۆ بدۆزرێتەوە ئەوەیە کەیەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پلەی یەکەم دا هەوڵ بدا پێوەندییەکی سیستماتیک و دۆستایەتی و هاوکارییەکیپتەو لە نێوان هەموو رێکخراوەکانی ژنان، چالاکانی بواری مافەکانی ژنان لە دەرەوەی وڵات دا پێک بێنێ. هەر کام لە رێکخراوەکان و کەسایەتییەکانی ژنان ئەگەر بە جیاوتەنیا بۆخۆیان کار بکەنبەر لەوەی خزمەت بە بەرەوپێشبردنی مافی ژنان بکەن تەنیا دەتوانن خزمەت بەخۆیان بکەن، بەڵام هاوکاری و هەماهەنگیی نێوانیان دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەریان پێ ببەخشێ و ببێتە نموونەو سەرمەشق بۆ ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هیوایەکیگەش بە داهاتووی خەباتی ژنان دەبەخشێ.

بێگومان یەکیەتیی ژنان ـ دیارە وێڕای رێکخراوەکانی دیکە ـ ئەو کاتە دەتوانن بەکردەوە لەپێناو نەهێشتنی ستەم لەسەر ژنان و دابینکردنی مافەکانیان خزمەت بەژنان بکەن کە لە وڵات دا ئازادانە بتوانن تێکۆشانیان هەبێ، بەڵام کۆنگرە لانی کەم دەتوانێ قامک لەسەر گرنگترین کێشەکانی ژنان و رێگا چارەکانیان دابنێ و بە ئاگاییەکی زیاترەوە لە بارەی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستانە درێژە بە کار تێکۆشانی خۆی بدا.

کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان وێڕای دیاریکردنی رێبازی کارو تێکۆشانی داهاتووی خۆی، پێویستە بە روونی و راشکاوانە رابردووی خۆی هەڵسەنگێنێ و بە شەفافیەتەوە قامک لەسەر کەموکوڕیەکانی رابردووی دابنێ بۆ ئەوەی شێوەو مێتۆدی لەبارتر بگرێتە بەر زیاتر خۆی لەگەڵ هەلومەرجی نوێ و راستییەکانی ئەمڕۆ بگونجێنێ.

کۆنگرەی سێیەمی یەکیەتیی ژنان جگە لەوەی کە بەجێهێنانی ئەرکێکی دێموکراتیکە و نیشانەی پابەندبوونی ئەم رێکخراوەیە بە پەرنسیپەکانی دێموکراسیە، ئەزموونێکە دەکەوێتە سەر ئەزموونەکانی کاری رێکخراوەیی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەم رێکخراوەیە لە کوورەی خەبات و تێکۆشانی خۆی دا قاڵترو لە ئاگایی و پێشینەی تێکۆشانی دا دەوڵەمەندتری دەکا.

بەو هیوایەی کۆنگرەی داهاتوویەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە ئازادی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو ئۆگران و لایەنگرانی لەو بەش لە کوردستان دا پێک بێ و بتوانێ رۆڵی شیاوو کاریگەری خۆی لە نێو ئەوان دا بگێڕێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان و پێگەی ژنی کورد

(لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠دا)

کوێستان فتووحی




**پێشەکی**

کە باس لە ناسیونالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەکەین، چەندین پرسیار بەرەوڕوومان دەبێتەوە. پێناسەی ناسیونالیزم وبزووتنەوەی نەتەوەیی، مێژوو و دەسپێکی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی نەتەوەیی هەموویان دەتوانن جێگای پرسیار و باس بن و بێگومان بیروڕای جیاوازیش لە بارەی هەرکامێکیانەوە هەیە.

کاتێکیش دێینە سەر پێوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و پرسی ژن، کۆمەڵێک پرسیاری دیکە قوت دەبنەوە. مەبەستمان چیە؟ ڕەنگدانەوەی ویست و داخوازەکانی ژنان لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا؟ بایەخدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە باری فکری و تیۆرییەوە بە پرسی ژن، یان مەبەستمان لە ڕۆڵ و بەشداریی ژن لە بزووتنەوەکە دایە؟

لە بەرایی باسەکەمدا دەبێ ڕوونی بکەمەوە کە لەم باسەدا مەبەستم لە ناسیۆنالیزمی کورد شکڵ گرتنی ئەو تێگەیشتن و عەقڵییەتە شوناسخوازانەیە کە دەیەوێ کورد وەک نەتەوەیەک خاوەنی مافە نەتەوەییەکانی خۆی بێ و دەسەڵات و دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەبێ. چەمکی بزووتنەوەی نەتەوەییشم بۆ هەموو ئەو بزووتنەوانە بەکار هێناوە کە ویستی نەتەوەیی لە سەرووی ویستەکانی دیکەی بووە یا تێکەڵ بە ویستەکانی دیکەی بووە. لەم جۆرە بزووتنەوانەدا لە سەدەی بیستەم لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا هەبوون و هەر ئێستاش لە هەموو بەشەکانی کوردستان بزووتنەوەی نەتەوەیی هەیە.

هەروەها دەبێ بڵێم کە باس لە پێوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ژنی کورد دەکرێ، پێویستە هەر دوو لای مەسەلەکە هەم بایەخدانی فکری و نەزەریی بزووتنەوە بە پرسی ژنان، هەم ڕۆڵ و بەشداریی ژن لە نێو بزووتنەوەکەدا دەبێ بخرێتە بەر سەرنج. هەروەها بایەخدان بە ژن لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، پێویستە لە توێی ئەم باسەدا ئاوڕی لێ بدرێتەوە. بەڵام چونکە ماوەکەم بۆ دەربڕینی ئەم باسە، کەمە بە ناچار باسێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و پرسی ژن لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا دەکەم.

**بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و پرسی ژنان لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا**

لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠ەوە، واتە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە هەتا کۆتایی سەدەی ٢٠، نەتەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتمانەکەیدا کۆمەڵێک بزووتنەوەی نەتەوەیی بە خۆیەوە دیتوون، وەک شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ لە باشووری کوردستان، وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیمۆکراتیک لە دوای رووخانی رێژیمی شایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستاش بەردەوامە، هەروەها ئەو راپەڕین و بەرخۆدانەی کە لە باکووری کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ٢٠ەوە دەستی پێکرد و ئێستاش بەردەوامە.

هەرکام لەو بزووتنەوە و حەرەکەتە نەتەوەییانە تایبەتمەندیی خۆیان و جیاوازیی خۆیان هەبووە. بۆ وێنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوای رووخانی رێژیمی شایەتی، ئەگەرچی دەسەڵاتێکی کوردی لە شێوەی دەوڵەت و حکوومەت دا پێک نەهات. بەڵام هێزەکانی نێو ئەو بزووتنەوەیە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ناوچەیەکی بەرینیان بە دەوستەوە بوو. هەروەها لە باشووری کوردستانیش، بەر لەوەی راپەڕین لە سەرەتای دەیەی ٩٠دا دەست پێ بکا، بۆ ماوەیەک هێزە کوردییەکان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەبوو. لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینییشدا ئەو کاتەی شۆڕشی ئەیلوول لە ئارادا بوو، بەشێکی گەورە لە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد دا بوو. ئەمە لەو بارەوە گرنگە کە هێزە نەتەوەییەکانی کورد، لە مەیدانی کردەوەشدا تەعامول و روانینی خۆیان بەرامبەر بە ژنان دەرخستوە. بێجگە لە ناوچەی ژێر دەسەڵات، مەحەکێکی دیکە هەیە بۆ ناسینی روانگە و هەڵوێست و کردەوەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی بەرامبەر بە ژنان. ئەویش بەشداری و رۆڵ و دەوری ژن لە نێو پێکهاتەی ئەو حیزب و رێکخراوانەدایە.

من هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیەک بە ٣ بوار بکەم:

١_ بواری فکری و تیۆری ( واتە ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی ئەم هێزانەو ئەدەبیاتیاندا)

٢_ بەرنامەو هەنگاوی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکاندا

٣_ ژن لە ستراکتۆری ئەو هێزانەدا.

**رەهەندی یەکەم:**

**ژن لە بەرنامە و پەسندکراوەکانی هێزە کوردییەکاندا:**

ئەگەرچی ئەم بەستێنە لێکۆڵینەوەی وردتری پێویستە، بەڵام دەتوانم بڵێم زۆربەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەرنامە و پەسندکراو و دروشمەکانیانداو هەروەها لە بڵاوکراوە و راگەیەنەکانیاندا، گرنگییان بە پرسی ژن داوە، باسی ستەم و هەڵاواردن لە دژی ژنانیان کردوە. دیارە جیاوازی هەیە لە بەینی ئەم حیزب و فلان رێکخراو، یەک کەمتر یەک زیاتری کردوە. بەڵام هەڵاواردنی رەگەزی یا جنسی و ئەو نابەرابەری و چەوسانەوەیەی لە کۆمەڵدا بەرامبەر بە ژنان هەیە، لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی حیزب و رێکخراوە کوردییەکاندا رەنگدانەوەی هەیە و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنیان بە ئەرکی ئەو حیزبانە و بزووتنەوەی کورد دانراوە. دیارە ئەو حیزب و رێکخراوانەی بیر وباوەڕی سوسیالیستی و چەپ و پێشکەوتنخوازانەیان هەبووە، زیاتر باسی پرسی ژنانیان کردوە، بەم جۆرە لە بزووتنەوەکانی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی ٢٠دا دان بە پرسی ژندا نراوە. بەڵام ئەم دەنگە نابیسین کە نابێ رزگاریی ژن بە رزگاریی نەتەوە ببەستینەوە. بە پێچەوانەوە، ئەو باوەڕە زاڵە کە دەبێ رزگاریی ژن هەڵ بگیرێ بۆ دوای رزگاریی گەل و نەتەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە لەگەڵ تێپەڕینی زەمان، پرسی ژن لە پەسندکراو و ئەدەبیاتی ئەو حیزبانەدا، پڕرەنگتر دەبێ. ساڵ بە ساڵ و کۆنگرە بە کۆنگرەو بە پێی گرنگیدان بە پرسی ژن لە ئاستی جیهاندا، ئەم پرسە لە ئەدەبیات و گوتاری هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا تۆختر و دیارتر دەبێ و تەنانەت هێندێک حیزب، باس لە پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە ژنان دەکەن کە دەبێ ژنانی کوردیش لێیان بەهرەمەند بن.

ئەم ئاوڕدانەوەیە لە پرسی ژنان، هەروەها پێکهێنانی رێکخراو و یەکیەتی و کۆمەڵەی تایبەت بە ژنان کە زۆربەی هێزە کوردییەکان کردوویانە، بەر لەوەی لە خزمەت بەرەوپێشبردنی پرسی ژنان و ئازادیی ژناندا بووبێ، بە مەبەستی راکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای ئەو هێزانە و بزووتنەوەی نەتەوەیی بووە.

**رەهەندی دووهەم:**

بەرنامەی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزی کوردیدا:

لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا لە دەیەی ٦٠ەوە تا ١٩٧٥ لە باشووری کوردستان، شۆڕش و بزووتنەوەی کورد، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەبووە.( مەبەستم شۆڕشی ئەیلوولە کە لە چاو شۆڕشی نوێ ناوچەکەی بەرفرەوانتر بوو). چ بە هۆی ئەو بارودۆخەی شۆڕشەکەی تێدا بووە (شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی)، هەروەها بە سەرنجدان بە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و زاڵبوونی پێوەندیی عەشیرەتی و بەگشتی سوننەتی بوونی کۆمەڵگە، لە باری یاساییەوە هەنگاوێکی جیددی یا بڕیارێکی گرنگ لە بەرژەوەندی ژنان لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد، بەدی ناکرێ. واتە شۆڕشی کورد، گرنگیی بەو ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانییە نەداوە کە لە بن دەستی خۆی بەرامبەر بە ژنان هەیە. جا هۆیەکەی یا بیانووەکەی هەر شتێک بووبێ. هەر بۆیە گەورە بە بچووک، کچ بە زۆر بەشوودان ، ژن بەرخوێندان، ژن بە ژنە و جۆرەکانی دیکەی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، هەڵنەوەشێندرانەوە و دژایەتیی جیددیان لەگەڵ نەکراوە.

بەڵام لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەم بارەیەوە بزووتنەوەی کورد باشتر جووڵاوەتەوە. هۆیەکەی دەکرێ چوونە پێشی زەمان بێت، چونکە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، بە چەند ساڵ دوای شۆڕشی ئەیلوول هاتوە و لەوانەشە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاستی تێگەیشتنی گشتی لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ، جگە لەمەش دەکرێ جیاوازیی ئەو هێزانەی ئەو بزووتنەوەیان بەڕێوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بردوە، بوویێتە هۆی ئەوە هەڵوێست و روانین و هەڵسوکەوت بەرانبەر بە ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بووبێ. ئەو خەڵکەی لە دوای شۆڕشی ئێران، لە حیزبەکانی رۆژهەڵات (دیمۆکرات و کۆمەڵە) کۆبوونەوە و چوونە ریزی رێبەریی ئەم حیزبانە، لاو بوون. لە رێبەریی ئەو حیزبانەدا مامۆستای زانکۆ ومامۆستای قوتابخانە و کەسانی سەر بە چینی نێوەراست هەبوون. هەر بۆیە لە مەیدانی کردەوەدا دەبینین کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، دیاردەکان و دابونەریتی دژ بە ژنان، لە لایەن ئەو حیزبانەوە، تا رادەیەک دژایەتییان کرا. کۆمەڵێک بڕیار و یاسا دژ بە ژنبەژنە و گەورە بە بچووک، کچ مارە کردن لەسەر پشتی لانکە و بەشوودانی زۆرەملی هەبووە و کادیران و تێکۆشەرانی حیزبەکان، ئەم یاسا و بڕیارانەیان بەڕێوە بردوە.

بنکە و بارەگای ئەو حیزبانە و بەرپرسان و کاربەدەستانی هێزەکانی نێو بزووتنەوە، زۆرجار لە لایەن کچان و ژنانەوە بە خەمخۆر و پشتیوان سەیریان کراوە و لە بەرامبەر ستەمی کۆمەڵگەی پیاوسالار بە تایبەتی ستەم و نابەرابەریی نێو بنەماڵەدا، پەنایان بۆ بردوون.

دیارە بە هیچ جۆر مەبەستم ئەوە نیە بڵێم ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد «شامی شەریف» بووە و ئیدی ژن لە سایەی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کورد لە هەموو ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەرییەک رزگاری بووە. دەمەوێ بڵێم ئەو هەوڵانە هەبوون و بەکردەوەش بەڕێوە چوون، بەڵام:

**یەکەم:** لە هەموو ناوچەیەک وەک یەک بەڕێوە نەچوون،

**دووهەم:** زۆر جار سەبارەت بە هێندێک بەرژەوەندیی رێکخراوەیی، بە هاسانی چاوپۆشی لەو گوشار و ستەم و چەوسانەوەیە کراوە کە بە دژی ژنان هەبووە.

**سێهەم:** هێزەکانی نێو بزووتنەوە لە حاڵی شەڕ وبەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی دا بوون و دەسەڵاتێکی سەقامگیریان نەبووە.

**چوارەم:** نەریت و رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکان هەر بە بڕیار و یاسا، لە نێو ناچن بەڵکوو کاری درێژخایەنی فەرهەنگی و گۆڕینی هەلومەرجی ئابووریيشی دەوێ،

**رەهەندی سێهەم:**

**جێگەی ژن لە پێکهاتەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورددا**

یەکەم خاڵ کە دەبێ لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە هێزەکانی رێکخەر و بەڕێوەبەری بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، زۆر بەکەمی لە شارەکاندا ماونەوە و بە هۆی شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، ناچار بوون رووبکەنە گوندەکان و ناوچەی شاخاوی . ئەم راستییە لە دوو بارەوە لە سەر پێکهاتەی حیزبەکان و تەرکیبی هێزی ئینسانیی ئەوان کاریگەر بووە:

ــ سەختی خەباتەکەیان و توندوتیژ بوونی خەباتەکەیان، مەیدانی لە ژنان تەنگ کردۆتەوە و ئەکتەری سەرەکی و هەرە دیار پیاو بووە.

ــ چونکە ژینگەی بزووتنەوەکە، لادێ و ناوچەی شاخاوی بووە و، لادێش سوننەتی و داخراو و پیاوسالارترە لە شارەکان، بۆیە کۆسپی جۆراوجۆر لەبەردەم بزووتنەوە هەبووە بۆ دۆزینەوە و دروستکردنی کادری ژن و سەرکردەی ژن. بەو حاڵەش ژنی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر بەشداریی هەبووە لە بزووتنەوە بە گشتی و لە کاروباری هێزەکانی نێو بزووتنەوەدا. با ئاماژە بە هێندێک بوار و ئاست بکەین کە ژنان تێیاندا بەشدار بوون:

**بەشداری لە هێزی پێشمەرگەدا**

لە باشووری کوردستان هەم لە شۆڕشی ئەیلوول دا، هەم لە شۆڕشی نوێدا، ژن وەک پێشمەرگە زۆر دەگمەن بووە، ژمارەیان زۆر کەم بووە، دەکرێ بڵێین بە ژمارەی پەنجەکانی دەست بوون. لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رێژەی کچان و ژنان لە ریزی پێشمەرگەدا، لە چاو پیاوان کەم بووە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ رێژەی ژنانی پێشمەرگە لە باشووری کوردستان، جیاوازییەکی زۆر گەورە هەبووە. دەتوانین بڵێین لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەدان پێشمەرگەی ژن هەبوون کە شانبەشانی پیاوانی پێشمەرگە لە هەموو چالاکییەکانی پێشمەرگایەتی دا بەشدار بوون.

لە باکووری کوردستانیش لە نێو پارتی کرێکارانی کوردستاندا، زۆریی و دیاریی کچانی پێشمەرگە(گریلا) راستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لەم بارەیەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو ریزی کۆمەڵە و حیزبی دیموکراتیشدا ژمارەی بەرچاو پێشمەرگە هەبوون، بەڵام کچانی پێشمەرگە لە ریزی کۆمەڵەدا، زۆر زیاتر بوون و پلە و بەرپرسایەتیی نیزامیشیان پێدراوە. لە نێو هەموو ئەو هێزانەدا، ژنانی پێشمەرگە نەک هەر لە کاری پشتی جبهە، لە مەیدانی شەڕ و تێکهەڵچوونی چەکداری دا حوزووریان هەبووە و لێیان شەهید بووە.

**بەشداریی لە رێکخستنەکاندا**

لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان بە هۆی ستەمی چەندقات کە لێیان دەکرێ( ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و رەگەزی) پشتیوان و دڵسۆزی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە و رزگاریخوازانەی نەتەوەکەیان بوون. بەو هۆیەشەوە کە کاری رێکخستن بۆ ئەوان گونجاوتر بووە لە کاری پێشمەرگایەتی، لە رێکخست نە نهێنییەکاندا بەشدار بوون. لە لایەکی دیکەوە، بۆ هێندێک کار و ئەرک لە ژێر دەسەڵاتی دوژمندا، لە پیاوان گونجاوتر بوون، بۆیە هێزە سیاسییەکانیش، ئەم لایەنەیان لەبەرچاو بووە. هیچ بەشێکی کوردستان نیە کە بە سەدان کچ و ژن نەچووبنە بەندیخانە و ئەشکەنجە نەکرابن ، لە هێندێک بەشی کوردستانیش بە دەیان کەس لەو کچانە گوللەباران و لە سێدارە دراون. هۆی ئەم چوونە بەندیخانە و ئێعدامانە، کار لە چوارچێوەی رێکخستنی هێزە سیاسییەکان و هاوکاریی بزووتنەوەی کورد بووە.

**کارو تێکۆشان لە چوارچێوەی دامەزراو و دەزگاکانی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا**

ئەگەر هەڵسووڕان لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوارچێوەی نێو هێزی شەڕکەر و لە هەلومەرجی خەباتی پارتیزانی دا بۆ ژنان بەزەحمەت بووە، ژنان بە تێکۆشان لە دامەزراوە و دەزگاکانی دیکەی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد قەرەبووی ئەو غەیبەتە نەخوازراوەیان کردۆتەوە. ئەوان لە نەخۆشخانەکان و قوتابخانەکانی شۆڕش، لە دامەزراوە فەرهەنگی و فێرکارییەکان و لە راگەیەنەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا، هەم بە ژمارە و هەم بەو کار وئەرکانەی لە ئەستۆیان گرتوە، بەشداری و ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە.

**حزووری ژن لە ڕێبەری و ئاستی بڕیارداندا**

لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠دا، نموونەکانی بەشداری و حزووری ژنان لە ڕێبەریی حیزبەکاندا زۆر کەم بووە. دەتوانین بڵێین ئەگەر یەک دوو ژنیش ڕێگایان کەوتبێتە نێو ڕێبەرایەتیی پارت یا ڕێکخراوێک، لایەنی سەمبولیک و ڕەمزیی هەبووە و، ئەم بەشدارییە هیچ گۆڕانێکی لە ڕوانین و بڕیاری ڕێبەریی پیاوسالاری ئەو حیزب و ڕێکخراوانەدا پێک نەهێناوە. لە ڕاستیدا گرنگیدان بە حوزووری ژنان لە نێو سەرکردایەتیی حیزبە کوردییەکاندا، هی ئەم ساڵانەی دواییە ، نەک هی سەدەی ٢٠. ئەگەرچی حوزووری ژنان لە ڕێبەریی حیزبەکاندا، ئێستاش هەر زۆر کەمە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە جارن باشترە.

**سەرپەرستیی بنەماڵە لە غیابی مێرد دا:**

گرنگترین و هەر لەو کاتە دا دژوارترین جۆری بەشداریی ژنی کورد لە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا، سەرپەرەستیی بنەماڵە لە غەیابی مێرد دایە. ژن چ ئەو کاتەی مێردەکەی بۆتە پێشمەرگە و خەباتکار و چۆتە شاخ، یا پەڕیوەی وڵاتان بووە، یا کەوتۆتە زیندان، یا لە ڕەوتی خەبات دا گیانی لە دەست داوە، ئەرکی سەرپەرستیی بنەماڵە و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی منداڵەکانی کەوتۆتە ئەستۆ.

ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵات و دەست و پێوەندەکانی، زۆرترین کۆسپ و گرفتیان بۆ دروست کردووە. لە ڕاستی دا پیاوانی خەباتکاری کورد و بزووتنەوەی نەتەوەیی، لەم لایەنەوە زۆر قەرزداری ژنانن. بە بێ ئەو ئەرکە قورسەی ژنان لەم پێوەندییە دا گرتوویانەتە ئەستۆ، پیاوان نەیاندەتوانی بە خەیاڵی ئاسوودەوە، خەبات بکەن وتەنانەت بە خەیاڵی ئاسوودەوە بەرەومەرگ بچن.

**بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دەبێ دەرکی ئەو ڕاستییە بکەن کە ئەگەر بەرامبەر بە پرسی ژنان و ویست و مافەکانیان کەمترخەم بن، گەورەترین زیان بە خۆیان دەگەیەنن. چونکە خۆیان لە پشتیوانیی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە بێبەش دەکەن**

**ئەنجام:**

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست دا، لە باری تیئۆری و فکرییەوەو، هەروەها لە پەسەندکراو وئەدەبیاتی خۆیدا، بایەخی بە ژن داوە و دانی بە پرسی ژندا ناوە، ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانیشی پێک هێناوە. بەڵام بەهۆی جۆراوجۆر بەکردەوە، کاری گەورە و گرنگی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ستەم و چەوسانەوەی ژنان، لە دەست نەهاتوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، زیاتر لە هەوڵی ڕاکێشانی پشتیوانیی ژنان بۆ لای خۆی و بەشدارکردنیان لە خەباتی نەتەوەیی دا بووە.

ژنان جگە لەوەی بە کردەوە لە خەبات و تێکۆشانی هێزە کوردییەکاندا، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپەکان بەشدار بوون، وەکوو بەشێکیش لە خەڵک، لە هاوکاریی جۆراوجۆر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی سیاسی کورد درێغیان نەکردوە و لە حەرەکەتە جەماوەرییەکانیشدا، دژی داگیرکەران، شانبەشانی پیاوان بەشدار بوون. بەڵام لە ئاستی ڕێبەریی و بڕیاردانی هێزەکوردییەکاندا، کەمترین جێگایان هەبووە،

کاتی ئەوە هاتوە ژنان لە هەوڵی بەدەستهێنانی جێگەو پێگەی باشتر بۆخۆیان لە نێو بزووتنەوەی کورد دا بن لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. بەڵام نابێ هەموو توانای خۆیان تەنیا بۆ خەباتی نەتەوەیی، ئەویش لە چوارچێوەی حیزبەکاندا سنووردار بکەن، بەڵکوو پێویستە سنوورە حیزبی و ڕێکخراوەییەکان ببەزێنن و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەستراوەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی، وەکوو ژن بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا، هاوکاری یەکتر بکەن.

ئەوەندەش کە دەگەڕێتەوە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی و هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان، دەبێ دەرکی ئەو ڕاستییە بکەن کە ئەگەر بەرامبەر بە پرسی ژنان و ویست و مافەکانیان کەمترخەم بن، گەورەترین زیان بە خۆیان دەگەیەنن. چونکە خۆیان لە پشتیوانیی هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە بێبەش دەکەن . دەبێ نەک هەر دان بە پرسی ژن و ڕەوایی ماف و ئازادییەکانیان دا بنێن ، بەڵکوو پێویستە هێزی ژنان و پرسی ژنان و داواکانی ژنان لە مەسەلەکانی خۆیان هەڵناوێرن و نەیانخەنە پەراوێزی هیچ پرسێکی دیکە.

* ئەم بابەتە لە یەکەم کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕۆژەکانی ٢١ و ٢٢ی ئاوریل لە سلێمانی بەسترا، پێشکەش کراوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن و سیاسەت، حیزبایەتی و یەکسانی

## بۆ کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - سلێمانی

ئەحمەد ئەسکەندەری

فیساغوورس ئەڵێت: « ئەسڵێکی باش هەیە کە **نەزم و ڕووناکی و پیاوی** خوڵقاندووە و ئەسڵێکی خراپیش **پشێوی، تاریکی و ژنی ئافراندووە**».

ئایا دیاردە کۆمەڵایەتی، فەرەهنگی و سیاسییەکان دەکرێت بەژنانە وپیاوانە دابەش بکرێن؟ ئەو بوار و مەیدان و چالاکی و ئەرکانەچین کەپیاوان یان ژنانەن؟ ئایا هەر وەکوو چۆن جلی ژنانە و نەخۆشی ژنانە و ئارایشی ژنانە و ... هەیە هەروا کاری ژنانە و پیاوانەش هەیە؟ ئایا فڕۆکەوان و فڕۆکەوانی ژن هەیە؟ پزیشکمان هەیە و پزیشکی ژنیش؟ لێرەدا مەبەست پزشکی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی تایبەت بەژنان نییە.

لە کوردیدا زۆرجار وشەی پیاوکوژ بە کار دێنن کە لە ڕاستیدا مەبەستمان مرۆڤ کوژە، واتە قاتڵ. ئەوەی کە ئەڵێت پیاوکوژ ئاگای لێ نییەکە مەبەست کەسێکە بە تایبەتی پیاوان دەکوژێت و کاری بەسەر ژنان و کچان نییە! لەم ڕۆژانەدا یەکێک لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام:

« زیندانییەکی سیاسی ژن گوێزرایەوە بۆ زیندانی ڕەجایی شهر»! ناوی زیندانییەکە ناوێکی ژنانە بوو و دیاربوو لەگەڵ ناوی پیاو هەڵنابێت. ئایا نۆرم ئەوەیە کە زیندانی سیاسی پیاو، جا ئەگەر وانەبوو دەبێت بڵێت زیندانی سیاسی ژن. بیرم کردەوە باشە ئەم پێداگرتنە لەسەر ئەوەی کە ئەو زیندانییە ژنە مەبەست چییە؟ ئایا بیری لە عادەتی




مانگانەی زیندانییەکە کردبووە؟ ئایا زیندانییە؟ ئایا زیندانییە کە حامیلە بوو؟ ئایا بە منداڵەکەیەوە زیندانی بوو؟ هیچکام لەوانە نەبوو!! ئەی بۆلێرەدا ژن بوونەکەی بەرجەستە دەکرێتەوە؟ ئایا ڕێژیمێک کە زیندانی سیاسی ژنی هەبێت دڕندەتر و دیکتاتۆرترە لەوەی کە هەر زیندنی سیاسی پیاوی هەیە؟

هەر لەم گۆشە نیگاوە دەتوانین سەرنج بدەینە سەر وەزیری ژن، سەۆک کۆماری ژن، بەڕێوەبەری ژن و هی دیکەش.

بەم پێیە ئایا دەکرێت بڵێن سیاسەت ژنانە و پیاوانەی هەیە؟ ئایا تایبەتمەندی جنسییەتی و ڕەگەزی ڕێبەران و بەرپرسان و کاربەدەستان باڵ دەکێشێت بەسەر بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتدا؟

لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا نیشانی دەدەن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دیارە بە شێوەیەکی ڕەها وا نییە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ژنانێک کە دەبنە سیاسەت داڕێژی وڵاتێک، کۆمەڵێک یان ڕێکخراێک، ژنانی کۆمەڵگاکە و ڕێکخراوەکە باشتر دەبینێ هەتا پیاوان کە جاری وایە ژنانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەر نابینن. لێرەدا پێویستە پێداگری بکرێت کە مەبەست ئەوە نییە سیاسەتێکی دژ بە ژن ئۆتۆماتیکی سیاسەتێکە بە قازانجی پیاوانی کۆمەڵگا. بە بڕوای من ستەمی جنسی و ژێردەستەیی ژنان کە هەڵبەت یەکەم ئامانج و یەکەم قوربانییەکەی ژنە، هەموو کۆمەڵگەکە زەرەرمەند دەکات بەژن و پیاوەوە. خۆژنان دانیشتوانی دوورگەیەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نین دابڕاو لەپیاوان، ئەوان کچن، هاوسەرن، خوشکن، دایکن و لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا کار دەکەن و شوێنەواریان دیارە. بەشێکی گرینگی بوودجە و وزە و هێز و سەرچاوە و سامانی وڵات بەوە لەدەست دەچێت کە سیستەمی پیاوسالاری و دەسەڵاتی سیاسی بەرابەری ژن و پیاودەستەبەر ناکات. ئەو سەرمایەیە دەیتوانی کۆمەڵێک لە ەگیروگرفت و کێشەکانی گیرۆدەی کۆمەڵگا چارەسەر بکات و خۆی بە ستەم لە دژی ژنان و هەڵاواردنی ئەوانەوە خەریک نەکات.

کێشەکە لە سیستەمێک دایە بە ناوی سیستەمی پیاوسالاری کە تێیدا سیاسەتەکان وەها داڕێژراون و دادەڕێژرێن کە لە دژایەتیدایە بەرامبەر بە مافی یەکسان بۆژنان و نایەکسانی بەرهەم دێنن و دیسانەوە بەرهەمی دێننەوە. خودی ئەم سیستەمەش خۆی لەچوارچێوەی سیستەمێکی گەورەتری نایەکسانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی دایە.

لەم بوارەدا بە داخەوە زۆرجار وادەبێت کە ژنانێکیش نەک هەر لایەنگر بەڵکوو لەوانەیە ببنە بەڕێوەبەری سیاسەتی پیاوسالارانە. وانییە کە هەبوونی ژنێک لە سەرەوە خێرا بە زامنی دامەزرانی دێموکراسی و بەرابەری بێت. لەپێکهاتنی دیکتاتۆری و زاڵبوونی چینە دەسەڵاتدارەکاندا تاوانی تاکە کەس و ئەم یان پیاو یان ژن نییە. ئەگەر لە ئینگلستان بۆ نموونە باسی سەردەمی مارگاریێت تاچێر بکەین، تاوانی ئەو نییە وەکوو تاک، بەڵکوو ئەو سیاسەتەی کە ئەو ڕێبەری و پەیڕەوی دەکات، ئاراستەی وڵات و حکوومەت و حیزب و ڕێکخراوە بەرەو پاراستنی بەرژەوەندییەک دەبات کە ڕێگا بەرو یەکسان و دێموکراسی و گەشەی کۆمەڵایەتی نابڕێت.

کە دەچینە سەر باسی سیاسەت خێرا باسی دەسەڵاتی سیاسی و بە دەستە وەگرتنی پۆستە باڵاکان دێتەپێش.

ئایا هەبوونی ژنان لە ئاستی ڕێبەرایەتی وڵاتدا نیشانەی یەکسانییە؟ بەپێچەوانە ئایا بەشداری نەکردنی ژنان لەئاستی باڵادا نیشانەی ئەوەیە کە لەو وڵاتە یەکسانی خراوەتە پشت گوێ؟

بۆ ئێمەی کورد هەڵسەنگاندنێک هەیە دەکرێت وەکوو نموونەیەک بەرجەستە بکرێتەوە. ئایا دەکرێت لەو وڵاتانەی کوردی لێیە، کورد لە دەسەڵاتدا هیچ بەشێکی نەبێت، بەڵام حکوومەتێکی دێموکراتیک لە دەسەڵاتدا بێت؟ بێگومان وڵامەکە نایە!

هەر بەو پێیە ناشێت لە وڵاتێک، لەپەرلمانێک، لە حکوومەتێک، لە حیزبێکدا، تەنانەت لە ڕێکخراوێکی پیشەیی و فەرهەنگی و هونەریدا ژن بەشدار و چالاک و بەڕێوەبەر نەبێت. بەڵام باس لە دێموکراسی و ڕێبەرایەتی و نوێنەرایەتی ئازادانە و یەکسان بکرێت. بە پێچەوانە دەکرێت لە وڵاتێک ژن سەرۆک و ڕێبەر بێت و یەکسانی زۆر لە خوارەوە بێت.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە تورکیا تانسۆچیللەر، لە ئارژانتین ئیزابێل پیرۆن، لەپاکستان بێنەزیر بووتۆ، لە هیندوستان ئیندار گاندی و هەروەها لە سریلانکا، بەنگلادێش، پێروو، نیکاراگوا، موزامبیک، ئوکراین، مولداڤی، فلیپین و مالزی و ئەوانە ژنانێک گەیشتوونەتە لووتکەی دەسەلاتی سیاسی وەکوو سەرۆک وەزیر وسەرۆک کۆمار، هیچکام لەم ولاتانە نە لە کاتی هەبوونی ئەو خانمە سەرۆکانە و دواتر نەبوونە پێشرەوی سیاسەتی یەکسانی و پێگەی ژنان لە ولاتەکەیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز نەبۆتەوە. هەڵبەت کارتێکردن و لایەنی باش و ئەرێنی هەبووە.

لە لایەکی ترەوە دەبینین کە لە ولاتێکی پێشەنگی یەکسانی وەکوو سوئێد قەت سەرۆک وەزیری ژنی نەبووە. هەر چەند لەپەرلمان و چ لە ناو حکوومەتدا و لە ئاستی بەرپرسیارەتی دیکەشدا رێژەیەکی بالای ژنان لە بەڕێوەبردن و دارشتنی سیاسەت و پلان داناندا بەشداری چالاکیان هەبووە.

هەر لێرەشدا ئاوماژەیەک بەوە بکەم کە ئایا ئەوە سیاسەتی حیزبەکانە کە بۆتە هۆی پێشکەوتن و دەرکەوتنی ژنەکانی رێکخراوە، یان لێهاتوویی و خەبات و رەنجی خودی ژنەکان بووە! سەرەتا با لەو پێوەندییە دوو لایەنەی هەن لە نێوان تاک و حیزب بگەڕێم کە کار تێکردنیان لەسەر یەک دەبێت و ئەوەی کە کۆمەڵێک دیاردەی تریش هەن لە کۆمەڵگادا کە ئەو رەوتە توند یان شل دەکەنەوە. وەلی بەپرسیارێک وەڵام دەدەمەوە: ئایا قەت بیستوومانە لە پیاوێکی رێبەری یەکێک لەو حیزبانە کە بڵێت من پێشتر زۆر کەم شتم زانیوە، ئەو رەنج و زەحمەت و هاوکاری و ئیمکانات و سەرچاوەی ماددی و مەعنەوی حیزبەکەم و یارمەتی هاورێکانم بووە کە منیان بەم پێگەیە گەیاندوە؟ وەڵامەکە دیارە نایە.

بە کورتی دیار نەبوونی ژنان لە شوێنە حەساس و گرینگ و بڕیاردەرەکاندا بە واتای نەبوونی نوێنەرایەتی ئازادانە و دیموکراتیانەیە و هیچ پاساوێک هەڵناگرێت! کاتێکیش کە ژنان چوونە ئەو شوێنە و بەرپرسایەتیان درایە، دەبێت بە وردی چاوەدێری بکرێن بۆ ئەوەی بزانرێت هەتا چ رادەیەک ئەرکەکانی خۆیان بەگشتی بەڕێوە دەبەن و بەتایبەتی چلۆن نوێنەری ژنانی کۆمەڵگاکەن و بەرژەوەندییەکانی ئەوان ئەپارێزن. رێک هەر ئەو چاوەڕوانییەی کە کورد لە نوێنەران و هەڵبژێراوانی خۆیانلە حکوومەت و دەزگاکاندا هەیە.

**بۆ ئەوەی بزانین ژنێک دەتوانێت چ رۆڵێکی هەبێت با بزانین ئایا رۆڵی کەسایەتی تا چ رادەیەک گرینگە بۆ ئەوەی سیاسەتێک بچێتە پێش؟**

ساڵی ١٩٠٦ ولاتی فینلاند دەنگدانی ژنانی بە رەسمی ناسی. ژنانی سوئێد پازدە ساڵ دواتر ئەو مافەیان بە دەستهێنا. هەمان ساڵی ١٩٠٦ لە ئێران شۆڕشی مەشرووتە بەرپا بوو کە رووداوێکی زۆر گرینگی مێژوویی نوێی ئێرانە. لەو ساڵەدا بەپێی یاسای هەڵبژاردنی مەجلیس ژن و دز و بکوژ و لەدین دەرچوو و ئەوانەی تەمەنیان لەژێر ٢٠ ساڵ بوو مافی دەنگدانیان نەبوو! ئەمە چل ساڵ پێش کۆماری کوردستان بوو. قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان کە پیاوێکی ئایینی بوو، ساڵی ١٩٤٦ واتە دوو ساڵ پاش ئەوەیژنان لە فەرانسە مافی دەنگدانیان پێدران لایەنگری مافی دەنگدان بۆژنان و هەروەها خوێندنی ئیجباری بووە بۆ کچان و کوڕان و سزادانی ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان نانێرنە خوێندنگە.

لە باشووری کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ پەرلمان دەنگ دەدات بەیاسای فرەژنی! واتە شەست و دوو ساڵ دوای کۆماری کوردستان لە باشوور هۆکاری موسوڵمان بوون و داب و نەریت و ئەوەی کەگوایە خەڵکەکە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە بەرجەستە دەبێتەوە!

کاتێک رۆژنامەنووسێک پرسیار دەکات لە قازی محەمەد کە «حیزبی دیموکراتی ئازاربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بە ژنان، ئایا ئێوەش ئەم کارەتان کردووە؟» ئاوا وەڵام ئەداتەوە، «هەرچەند ئێمە ئەم هەنگاوەی ئازەربایجان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنین بەڵام دەبێ ئاگادارتان بکەمەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدەست بهێنین». سەرۆک کۆماری کوردستان هەم ئەم مافە بۆ ژنانی ئازەربایجان بە سەرکەوتنێک دادەنێت، هەم بە ئەرێنی دەزانێت و هیچ بیانووی موسوڵمان بوونی خەڵک و دواکەوتوویی و داب و نەریت و هێشتا زووە، ناهێنێتەوە.

زۆرن ئەو سیاسەتمەدار و سەرۆک حیزب و رێبەرانەی کە دواکەوتوویی ژنان و گوایە کەم توانایی ئەوان بۆ بەڕێوەبردن و رێبەرایەتی کردن دەکەنە بەهانە بۆ ئەوەی پێش بە ژنان بگرن.

**ئەو چییە رێگرە لە بەردەم بەرەوپێشچوونەکان؟ ئاستەنگەکان کامانەن؛**

ئایا ژنان خۆیان خەتابارن؟ بۆ نایکەن؟ «بۆچی ئەبێت هەر پیاوان دەستیان بگرن بۆ هەموو شتێک؟ سەد جار پێم وتووە خۆی نایکات، ناتوانێت... من خۆ ناتوانم کارەکانی ئەویش بکەم. هەموو کارێکمان بۆ خانمەکان کردووە دوایە خۆیان ناتوانن؟ بەسەری تۆ ئێمە تەنانەت positive discrimination واتە هەڵاواردنی ئەرێنیشمان کردووە هەر فایدەی نییە و هیچ ناکەن»! ئەم قسانە زۆرن و هەڵبەت ئەمانە تایبەت بە کوردستان نییە و لە هەموو کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا دەبیسترێن.

بە بڕوای من چوار هەنگاوی گرینگ دەتوانین لێرەدا بەدی بکەین بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە؛ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاو بە بەراورد لەگەڵ ژنەکان ئەوپەڕی ئازادییان هەبووە بۆ فێربوون، چوونە ناو کۆمەڵگە و ئەزموون وەرگرتن. دیارە پێگەی ئابووری و کۆمەلایەتی و چینایەتی بنەماڵەکان جیاوازی هەبووە کە ئەمەش لە ژیان و پەروەردە و ئاسانکاری بۆ خوێندن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەرەوپێشچووندا ڕۆڵی گرینگی هەیە. کوڕانێکی زۆر هەر زوو لەبەر هەژاری بنەماڵە ناچارن دەست لە خوێندن هەڵبگرن.

نووسەری ناوداری ئینگلیسی ڤیرجینیا ڤۆلف لە کتێبێکی بەناوبانگیدا بە نێوی A room of one,s own (هەبوونی ژوورێک بۆخۆت)، بابەتێکی سەرنجراکێش ئەورووژێنێت و ئەڵێت ئەگەر شاعیر و شانۆنووسی بەناوبانگ شەکسپیر خوشکێکی هەبوایە ڕێک بە ئەندازەی خۆی زیرەک و لێهاتوو، نەیدەتوانی بگاتە پێگەی براکەی. ئەم خوشکە ـ کە ناوی دەنێت جوودیت ـ نە وەکوو شەکسپیر لە ماڵی باوکی ژووری خۆی هەبوو، نە دەیاننارده خوێندن وەکوو ئەو، نە ڕێگایان پێ ئەدا بچێت بۆ لەندەن و بە ئارەزووی خۆی هاوسەرگیری بکات و دوایەش جیا ببێتەوە و هی دیکەش. تەنانەت ئەگەر خەریکی کتێب خوێندنیش بوایە خێرا دەنگیان ئەدا: «بڕۆ چێشتەکە ئامادە بکە، بڕۆ گۆرەوی براکەت بدوورەوە»؛ بە بێ پرسی خۆیشی ئەیاندا بەشوو و هەتا دوایی.

ئەم باسەی ڤیرجینیا ڤۆڵف جێگایەکی تایبەتی هەیە لە ناو فیمینیستەکان و چالاکانی مافی یەکسانی ژنان.

ئەگەر هێندێک بە وردی بچینە ناو باسەکەوە و بۆ ئەوەی بزانین ئاستەنگەکان کامانەن و ڕێگای بەرەوپێشچوون لە کوێوەیە، دەتوانین باسی میتۆدێک بکەین کە لە چوار هەنگاو یان قۆناخ پێکهاتووە کە من ناوم ناوە ویستن، توانین، وێران، هێشتن

١ـ ویستن: ئایا ژنان دەیانەوێت؛ ئایا خوازیاری فێربوون هەن؟

لە نموونەیەکی خوشکی شکسپیردا کە ڤیرجینیا ڤۆڵف باسی دەکات، ویستی فێربوون و چوونە ناو بوارەکانی کۆمەڵگاوە هەیە. بەڵام بە تەنها ویستن بەس نییە.

٢ـ توانین: ئایا ژنان ئەگەر ویستیان، توانایی ئەنجامدانیان هەیە؟

ئایا توانایی چوونە خوێندنی هەیە، ئەگەری باری ئابووری بنەماڵە ڕێگا بدات، ژوورێکی بۆخۆی لە ماڵەوە هەیە، نایکەن بە خزمەتکاری براو باوک و کەسوکار، ڕێگای پێدەدەن هەر کات خۆی ویستی و بە ئارەزووی خۆی هاوسەرگیری بکات و منداڵی ببێت و بە کورتی بتوانێت بڕیاری ژیانی خۆی بدات.

**زووتنەوەی ژنانی کوردستان دەبێت لەم دۆخەی ئێستای خۆی بێتە دەرو دەرگای تازە بەرەو رووی خۆی بکاتەوە ومەیدانی خەبات وچالاکییەکانی خۆی فراوانتر بکات. توێژینەوە، لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی ئامار لە سەر باری ئێستای کۆمەڵگا بە گشتی ودۆخی ژنان بەتایبەتی ودەست نیشانکردنی خاڵە بە هێزەکان وخاڵە لاوازەکان زۆر پێویستە**

٣ـ وێران: ئایا ژنان ئەگەر ویستیان و توانییان، دەوێرن؟

دایبنێین ژنێک ویستی هەبێت و بشتوانێت، لێرەدا پرسێکی دیکە دێتە پێش ئەویش متمانە بەخۆیە کە ئەمە بەشێکی تایبەتە بە ئینسانەکە خۆی، واتە بە ژنەکە، بەشێکی کۆمەڵگە و کەسانی دەورووبەرن کە تا چ ڕادەیەک وەکوو مرۆڤێکی یەکسان ڕەفتاری لەگەڵدا ئەکەن بۆ ئەوەی جورئەت بە خۆی بدات هەنگاو بنێتە پێش. لێرەدا هاندەری پێویستە و کەس یان کەسانێک کە پشتگیرییان بکات.

٤ـ هێشتن: ئایا ڕێگایان پێدەدرێت؟ ئەگەر ویستیان، توانیان، وێرایان، ئایا بۆیان هەیە؟

لەم بەسەدا ژنان تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتوویشدا تووشی کێشە دەبنەوە. لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە و بە شێوەگەلێکی جیاواز پێشیان پێدەگیرێت. تەنانەت لەوانەیە بگاتە ئاستی سووکایەتی کردن بە مەبەستی بەربەستکردنی ڕێگای بەرەوپێش چوونی ژنەکان. گرینگە گاڵتەی پێ نەکەن و ڕێگری لێ نەکەن بە شێوەی جۆراوجۆر! ئایا جۆکیان بۆ دروست ناکەن؟ ئازاردانی جنسی نایەتە ئاراوە؟ کە بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە و بەشێکی هاوشێوەی دونیا زۆر درەنگ ئەبێتە بابەتێکی جیددی و کراوە. هەر بۆیەش چارەسەرکردنی ئازاردانی جنسی زۆر ئەکەوێتە درەنگ و جاری وایە زیانی گەورە دەگەیەنێت کە قەرەبوو کردنەوەی بۆ ژنەکە نەک ئاسان نییە لەوانەیە نامومکین بێت.

ئەی ڕۆڵی پیاوان لێرەدا چییە؟ ئایا پیاوان لەم بوارەدا دەبێت سەرینی خاترجەمی بنێنە ژێر سەر و چاوەڕوان بن بزانن ژنان خۆیان چی ئەکەن؟ ئەگەر قبووڵیان بێت کە پرسی ژن و یەکسانی پرسی هەموو کۆمەڵگاکەیە و زەرەر و زیانەکانی نایەکسانی و ژێردەستەبوون و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان کارتێکردنی ئەبێت بۆ هەموو کۆمەڵگاکە، کەوابوو لە هەر کام لەو بوارانەدا پیاو ئەرکی زۆری لەسەر شانە و ڕۆڵێکی گرینگی هەیە کە نەبێت پشتگوێ بخرێت. پرسیار ئەوەیە کە پیاوانی دەسەڵاتداری حکوومەت، سەرۆکایەتی حیزب و ڕێکخراوەکان:

ـ چەندە یارمەتییان داوە بۆ متمانەی بەخۆ لەناو ژناندا بچێتە سەر؟

ـ تا چ ڕادەیەک ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توانایییەکانیان؟

- چییان کردووە بۆ ئەوەی ژنان بوێرن بە بێ ئەوەی لە کاردانەوەی خراپ بترسن، بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەرببڕن!

- چییان کردووە بۆ ئەوەی ڕێگای بەرەوپێشچوونیان لێ نەگرن و بهێڵن ئەوانیش بێنە سەرەوە!

بەداخەوە لە هیچکام لە ڕێکخراوەکاندا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بزانین ژنان لە دەروونی ڕێکخستنەکاندا چۆن هەڵسووکەوتیان لەگەڵدا کراوە و تا چ ڕادەیەک دەتوانین شوێن پێی ئەو چوار هەنگاوە هەڵگرین. گێرانەوەی بیرەوەری ئەو خانمانەی لە ریزی ڕێکخراوەکان و لە ژوورەوە بوون، وێنەیەکی دڵخوازمان پێ نیشان نادەن و ئاماژە بە پشتگوێ خستنێکی زۆر دەکات!

**ژنان و حیزبایەتی**

ئەم باسە دوو لایەنی هەیە:

یەکەم حیزب بەرامبەر بە ژنان چۆنن و هەڵوێستیان چۆن بووە؟ بە هەمان شێوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسیدا دۆخەکە چۆن بووە؟ ژنان تا کوێ توانیویانە بگەنە ناوەندی بڕیاردان لە حیزبدا؟کە دەگەنە ئەو شوێنە، تا چ ڕادەیەک راوبۆچوونەکانیان بە هەند وەرگیراوە؟ دەگوترێت کاتێک کە ژن بوو بە ئەندام لە کۆمیتە یان دەستەی بڕیاردەردا، خودی بڕیارەکە لەو شوێنە ڕادەکا! واتە پیاوەکان بڕیارە گرینگەکان لە شوێنێکی دیکەدا پەسند دەکەن.

**دووهەم ژنان و حیزب:**

من پێموایە ژنان لە کوردستان زۆر باش بوون لەگەڵ حیزبەکان، بەداخەوە ئەوە حیزبەکانن کە سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان و بەرژەوەندی ژنان لەگەڵیان باش نەبوون!! لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە کە هەڵسووراوانی حیزبی و ڕێکخراوەیی ژنان سنووردار بکرێت! ئەگەر شتێکی وا ڕوویدات ئەمە لە خۆیدا هەر هەڵاواردنی ژنانە، بگرە هەڵاواردنە بە مانای گشتییەکەی! هەڵبەت ژنانیش سەربەستن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم یان ئەو حیزبدا چالاک بن و لە هەر پۆستێکدا کارەکانیان ببەنە پێش. باسی پێگەی ژنان وەکوو نوێنەرانی نیوەی کۆمەڵگا لە ناو ڕێکخراوەدا دەکەین. هەبوونی ژنان و چالاکبوونی ئەوان و بەرجەستەبوونی یارمەتی ئەوان بۆ حیزب زۆرجار دەبێتە میداڵێک بۆ حیزبەکە و دەیدا لەبەرۆکی خۆی. بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە بەرەوپێشچوونی حیزب یان ڕێکخراو هەمان و پێشکەوتنی دۆخی ژنان و سەرکەوتنی ئەوان هەمان! دەڵێن ئەو ژنانە سەربەرز و ئازادن کە لەگەڵ حیزبی ئێمەدان!

ڕێکخراوی ئێرانی وا هەیە کە لەبزوتنەوەی کوردستان و چالاک بوونی ژنان بۆ برەودان بە کاری ڕێکخستن و حیزبانەتی لە دەرەوەی وڵات کاڵکی ماددی وەردەگرێ! هەر حیزب و ڕێکخراوێک هەڵبەت بۆی هەیە وئەوە مافی خۆیەتی ژنان وکچانی ناوە و دەرەوەی وڵات لەدەوری ڕێکخراوەکەی خۆی کۆبکاتەوەو مەبەست ئەو بەشە لە چالاکی وهەڵسووڕان نییە.

لە مەیدانی کاری سیاسی لەرۆژهەڵاتی کوردستان لە بەر نەبوونی پرۆژەیەک بۆ گەشەپێدانی بزووتنەوەی ژنان وابووە کە ئەوژمارە کەمە لە ڕێکخراوەکان و ژنانی چالاک لە ناوەوەی وڵات بۆمەبەستی ڕێکخراوەیی بەکار هێندراون.

گرفت وکێشەی گەورەی چالاکانی ژن لە ناوەوەی وڵات هەڵبەت دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی وسیاسەتی دژ بە ژنی ئەوان ونەبوونی مەیدانێکە بۆهەڵسووران لە سەر مافەکانی ژنان وئەو راستییەی کە بچووکترین چالاکی ئەوان وەکوو هەنگاوێک بۆ یارمەتی خەباتی چەکداری و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان پێناسە دەکرێت. باسەکانی خاتوودیبا عەلیخانی و فیلمەکانی لەم کۆنفرانسە دا گۆشەیەکی بچووکە لە دژواربوونی مەیدانی هەڵسووڕانی ئەوان.

بەداخەوە زۆر جار درووستکردنی ڕێکخراوی ژنان بەپلەی یەکەم بەیارمەتی دانە بە حیزب نەک بۆ پێشکەوتنی بارودۆخی ژنان. جاری وا هەیە بەپێی نزیکی ودووری کەسە چالاکەکان ورێکخراوە کە لە حیزبەوە سنوور دادەنرێت بۆ ڕێکخراوی ژنان. پێویستە دابڕانێک هەبێت لە نێوان کاری حیزبی بە ئامانجی حیزب و کار بۆ پێشخستنی بزووتنەوەی ژنان وبە کردەوە ڕێگا بکرێتەوە بۆ نەسلێکی نوێ. گەرانیخوێنێکی نوێ بە ناورێکخراودا بریتییە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ناوەندەکانی بڕیاردان دا، هێنانی ژنانی لێهاتووەوهەروەها ڕێگا خۆشکردنە بۆ گەنجەکان، نەک تەنها ئەو گەنجانە کە بەڵێ بەڵێ ئەڵێن بۆ سەرەوە، بەڵکووتەنانەت ئەوانەش کەوا رەخنەگرن! بەرجەستەکردنی ژیانی پێشمەرگایەتی دەبێت لەچوارچێوەی ڕێزگرتن لەخەبات وماندووبوون و تێکۆشانی رابردووی ریزێک لە ژنانی پێشەنگ وئازادا بنرێت. شانازی، فیداکاری،رەنجومەینەتی ئەو تێکۆشەرانە کە هیچکات نابێ بخرێتە پشت گوێ، ئۆتوماتیکی بەمانای وەرگرتنی پۆستی سەرەوە بۆ ڕێبەرایەتی کردن نییە! ئەگەر ئەومێژووەتێکەڵ بێت لەگەڵ لێهاتوویی، هەڵبەت ئەو کەسانەی شیاوی باشترین پۆست وپێگەن لەناو ڕێکخراوەی خۆیاندا ونابێت هیچ ڕێگرێکیان بۆ درووست بکرێت.

لە کاتی جیابوونەوە لە ناو ڕێکخراوەکاندا لە پڕ بیرتان دەکەوێتەوە کە هەبوونی ژنانێک لەکومیتەی ناوەندی و لە ئاستی سەرەوەی ڕێکخراوەکەدا ریکلامێکی باشە و هەڵبەت بۆرەقابەت لەگەڵ لایەنی بەرامبەریش بەکەڵکە! ئەمە لەبەرتێگەیشتن لە هەڵاواردنی پۆزەتیڤ نەبووە، هەروەها لە ئەنجامی هەوڵدان لەرێگای جۆراوجۆرەوە بۆهێنانە ژوورەوەی ژنان بۆ ئاستی سەرەوە نەبوو. بەڵکوو وەکوو تاکتیکێک بەکار هێندراوە!

بە هۆی چالاکی حیزبەکان لەدەرەوەی وڵات و پەیوەندی لەگەڵ رەوەندی کوردی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ڕەچاوکردنی ڕۆڵی ژن و گرینگی هەبوونی ژمارەیەک ژنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هێندێک ئاڵوگۆڕدەبینرێت؛ ئەگەرئەوە ببێتەهۆی بەرەوپێشچوونی دۆخی ژنان زۆر باشە، کێشەکە لەوەدا یەکە هێندێک جاربەداخەوە بۆبەرژەوەندی ڕێکخراو کەڵکی لێوەرگیراوە.

گرینگ ئەوەیە هەڵوێست بگۆڕدرێت لەوەی کە ژن لە خزمەتی حیزب دابێ، بەرەوئەوەی کە حیزب نیشانی بدات خزمەت بە گەشەی بزووتنەوەی ژنان ئەکات و پێشیان دەخات.

**خزمایەتی و حیزبایەتی؟**

لە هێندێک وڵات نەک ژنان بەڵکوو پیاوانێکی زۆر بە حیسابی خزمایەتی دەچنە پێشو دەبنە سەرۆک وپۆستی باڵا وەردەگرن. لە زۆر وڵاتیش و لەناو زۆر ڕێکخراوەدا ژنەکە خۆی ولە سەر لێهاتوویی خۆی، نەک براو هاوسەرو باوک چووەتە پێش.

ئایا دوو کەسی بنەماڵە کە هاوسەر، خوشک وبراییەکن و لە یەک ئۆرگاندا لە سەرەوە کار دەکەن، ئاساییە؟ ئەمە بۆ دووبرا، کوڕوباوکو لەم چەشنە پەیوەندە بنەماڵەییانەش هەروایە. لێرەدا قسە لە سەر ئەوەنییە کە هاوسەران وکچانی ڕێبەران و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ناتوانن لە زومرەی نوخبەکاندا بن. یان توانایی گەیشتن بە پۆستی باڵایان نییە. باسەکە لە سەر ئەوەیە کە لەوئاستەدا وکاتێک کە دوو کەسی وەها لە یەک کۆمیتەدا کاردەکەن، بێلایەن بوون خەوشەدار دەبێت وقسە وباسی حکوومەت و کۆمیتەی ناوەندی ورێبەرایەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوو حیزبەوە دەچێتە ژووری دانیشتن و ئاشپەزخانەو بواری تایبەتی بنەماڵەوە. ڕێگاچارە قەت ئەوە نییە، ژنەکە لە پۆستەکەی خۆی دووربخرێتەوە، باسی یەکسانی و لێهاتوویی دەکەین. چەند ساڵ لەمەوبەر دوووەزیری سەربە حیزبی سۆسیال دیموکڕاتی سوئێد کەبڕیاریاندا پێوەندی هاوسەرێتی پێکەوە ببەستن ناچارکران یەکیان واز لە پۆستەکەی بهێنێت و هەروایش بوو.

بێژەرێکی ناوداری تەلەفزیۆنێکی سوئید دوای هەڵبژاردنەکانی پاییزی ساڵی ڕابردوو تەنها لە بەرئەوەی خوشکەکەی بوو بە وەزیر ناچاربوو دەست هەڵگرێت لەیەک دوو پرۆگرام کە تایبەت بووبە مشتومڕ لە سەر بابەتی سیاسی و ئابوورییەکانی وڵات گفتوگۆ لەگەڵ سیاسەتمەداران. هۆکارەکە ئەوە بوو کە لەوانەیە ئەوپەیوەندییە بنەماڵیەییە کاربکاتە سەرناوەرۆکی گفتوگۆکان وپرسیارەکانی ئەو خانمە بێژەرە.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم لە بزووتنەوەی ژنانی کوردستان دەبێت لەم دۆخەی ئێستای خۆی بێتە دەرو دەرگای تازە بەرەو ڕووی خۆی بکاتەوە ومەیدانی خەبات وچالاکییەکانی خۆی فراوانتر بکات. توێژینەوە، لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی ئامار لە سەر باری ئێستای کۆمەڵگا بە گشتی ودۆخی ژنان بەتایبەتی ودەست نیشانکردنی خاڵە بە هێزەکان وخاڵە لاوازەکان زۆر پێویستە. بەداخەوە کاری تیئۆریک یان نەکراوەو یان زۆرکەم کراوە، شوێنەواری ئەم کەمکارییە لەزۆر بواردا خۆی بەزەقی دەنوێنێت وهەمووان بەرپرسین لە بەردەم ئەم کەموکووڕییەدا. ئەگەرکەسێک بە وردی سەیری بەشێکی زۆرلە مێزگردەکان و وتارخوێندنەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی بکات دەردەکەوێت کە زۆرجار باسەکان دوو بارە دەبنەوەوشتی تازە لە سەربناغەی خوێندنەوەی نوێ ولێکۆڵینەوەوتوێژینەوەی نوێیان زۆر کەم تێدایە.

ڕێکخستنی کۆڕوکۆمەڵ وسێمینارو هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژووی بزووتنەوەکە هەڵبەت زۆرباش و بەکەڵکە، لە هەمان کاتدا ئەبێت هەر کام لەم کارانە هەنگاوێک بەرەوپێشمان ببات وچالاکییەکان ڕێگاخۆشکەربن بۆبەرزکردنەوەی ئاستی بزووتنەوەکە لە هەموو بوارەکاندا.

هۆکارێکی بارودۆخەکەی ئێستا ئەوەیە کە سیستمی پیاوسالاری، بەداخەوە لە ڕێگای حیزبەوە مەودای داهێنەربوون وخوڵقاندنی لە ناو ژنەکان و کچەکان داسنووردارکراوە، یان ڕێگایان پێنەدراوە کە خۆیان دەربخەن، هەڵەی خۆیان بکەن و هەڵەکانی خۆیان چاک بکەنەوەو لە هەڵەکانیانەوە فێر بن. ئاشکراشە کەمرۆڤ هەڵە دەکات ئەمەش دیاردەیەکی پیاوانە یان ژنانە نییە. هەر ئەوەندەی بەرپرسێک یان سەرۆکی ڕێکخراوێک خوازیاری باشتر کردنی دۆخی ژنان بێت، بەس نییە، هەنگاوی بەرەو پێش هەڵگرتن لەم مەیدانەدا کارو پشتگیری وشێلگیربوون و چوونە ناو ململانێی دەوێت لەگەڵ فەرهەنگی پیاوسالارانەی ناو ڕێکخراوەکەدا. بەگشتی تەنها بەوەی کە ڕۆژی هەشتی مارس وتاری ئاگرین وجوان و پڕ لە قسەی خۆش بدرێت وباسی ژن ورۆڵی ئەوان بکرێت کارەکە تەواو نابێت. بەداخەوە کارنامەی هێندێک لایەن بۆپشتیوانی وپشتگیری لە بزووتنەوەی ژنان و یەکسانی لەو ئاستە زیاترتێپەڕ نابێت.

ئەم ڕەوتە دەبێ بگۆڕدرێت و ئەم گۆڕانکارییەش کاریی کەس و دوو کەس نییە وهەوڵدانی بە کۆمەڵی هەموو لە یەک دەخوازێت. هیوادارم ئەم کۆنفڕانسە هەنگاوێکی باش بێت بە ئاراستەی ئەو ئامانجە. لەم ڕێگایەدا جگە لەرەنج وتێکۆشان،کۆکردنەوەی زانست و بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری و هەروەها بوێری بۆدەست بردنە ناوهێندێک دیاردەونەریتی دواکەوتوویی کۆمەڵگاکە پێویستە.

ستەمی جنسی جیهانییە، سیستەمی پیاوسالاری، هاروەها بزووتنەوەی فێمینیستی وتێکۆشانی ژنان وپیاوانی ئازادیخواز بۆکۆمەڵگایەکی یەکسانیش هەر جیهانییە. بۆبەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی ژنانی کوردستان ئێمە تەنها نین ودۆست و یارویاوەری زۆرمان هەیە.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# ستەمی شاراوە، ناراستەوخۆ و سەردەمییانە بە دژی ژنان

**بۆ کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – سلێمانی**

**کوێستان گادانی**



**هاورێیانی بەرێز ،**
**بەشدارانی خۆشەویستی یەکەم کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

بەر لە هەموو شتێک ئیزن بفەرموون کە بە بۆنەی پێکهێنانی یەکەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتەوە دەستخۆشی وماندوونەبوونی لە هەیئەتی بەڕێوبەریی ئەم کۆنفرانسە بکەم وهاوکات پیرۆزبایی لە هەموو بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە دەکەم و هیوادارم لە پێناو گەیشتن بە مافی یەکسانی هەمیشە پشتیوان و هاوکاری یەک بین.

بەرێزان:

من ئەمرۆ دەمهەوێ بە کورتی باسێک سەبارەت بە شێوە ی شاراوە ،ناراستەوخۆ و سەردەمیانەی ستەم و هەڵاواردن بە دژی ژنان شی بکەمەوە ، حەول دەدەم تاکتیکە نوێیەکانی ئەمرۆ بە دژی ژنان لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دا بێنمە بەر باس.

باسێکی کورت

کێشەکان و ستەمەکانی دژ بە ژنان زۆرن کە باسیان لێ بکرێت، من لێرەدا بە دوو بواری پولێن دەکەم : یەکیان ستەمی دژ بە ژنان لە رووی داب و نەریت و دینەوە، ئەوەی دیکەیان دەسەڵاتی سیاسی و حکومی. بە بڕوای من هەر شێوە ستەمێک دژ بە ژنان ئێمە باسی بکەین دەکەوێتە ژێر چەتری ئەم دوو بوارە، چ ستەمی ئاشکرا بێت و چ ستەمی شاراوە. تا ئێستا زۆرمان نموونە لە ستەمی ئاشکرا دژ بە ژنان دیوە و بیستوە و دەکرێ بڵێم بە داخەوە لە گەڵیشی راهاتووین و ڕەنگ بێ تا رادەیەک بۆمان عادییش بووبێت یان باشتر بڵێم کە ئەوەندەمان بیستوە ڕەنگ بێ چیدیکە سرنجمان رانەکێشێت. بەڵام لە سەر یەک ستەمی ئاشکرا هەر وەک لە ناوەکەی را دیارە ئاشکرایە و هۆکارەکانیشی دیارن ( چەندە راست و چەندە هەڵە ئەوە خۆی جێگای باسە) تا رادەیەکیش ( لە شوێنی جیاوازو بە شێوەی جیاواز) کار بۆ ئەوە کراوە کە بەرەنگاری بکرێت و پێشی بگیرێت. بەڵام ئێمە دەبینین کە ئەو چەوسانەوە و فەرق و جیاوازیەی بە دژی ژنان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە ئاشکرا دەکرا، وردە وردە روخساری خۆی گۆریوە. لەژێر گوشاری خەباتی ئازادیخوازی و بە یارمەتی بزووتنەوەی چەپی جیهانی و هەروەها چوونە سەری ئاستی سەواد و زانست لە جیهاندا، چیدیکە نەدەکرا بە روونی و بە راشکاوی بڕیار و کردار بە دژی ژنان بەرێوە بچێ ، بەڵام ئەوە کۆتایی چەوسانەوەی ژنان نەبوو. تاکتیکی تازە، یان هەڵوێستی کۆمەڵگا چ وەک تاک چ وەک سیستم شێوەیەکی دیکەی لە دژایەتی کردن لەگەڵ ژنان بە خۆیەوە گرت، ئەویش لە فۆرمی ستەمی شاراوەدا. من لە چەند بواردا ئیشارە بە چەند نموونەیەکی ستەمی شاراوە دەکەم، بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی.

**کۆمەڵایەتی**

لاوازیی رۆڵی ژن لە هەموو بوارەکاندا بە بڕوای من لە فەرهەنگ و کولتوور و سایکۆلۆژیی ئەو کۆمەڵگایە سەرچاوە دەگرێت کە ژنەکانی تێدا دەژین و هەر ئەمەش وای کردوە کە گەشە کردن و پێگەیشتنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازیی هەبێ. زۆرجار دەبینین کە لە بنەماڵەیەکی دێموکراتدا ،لە چوارچێوەی ژیانی رۆژانەیاندا هەموو مافی وەک یەکیان پارێزراوە بەڵام لە هێندێک بواردا کە لێنزی دووربینەکانی کۆمەڵگا دەکەوێتە سەر ئەو بنەماڵەیە ،گەورەکانی بنەماڵە روو بەدەرەوە هەستیار دەبنەوە و دەکرێ بڵێین کە بە پێچەوانەی دڵخوازی خۆیان رەفتار دەکەن ،هەمووی بە خاتری ئەوەیە کە نەکەونە بەر قسە و باسی دەوروبەر. بەڵام لە دەروونی خۆیاندا دەزانن کە کارەکەیان یان هەڵویستەکەیان هەڵەیە. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە لە سەردەمی ئێستادا چیدیکە ناکرێ بە بیانووی پیرۆزکردنی دەوری پیاو ، ستەم لە ژن بکرێ، بەڵام ئێستا حەول دەدرێ لە رێگای پیرۆزکردنی دەوری» بنەماڵە « لە کۆمەڵگادا، ژن بچەوسێتەوە. نموونەیەک کە لە رێگای ستەمی شاراوە و ناراستەوخۆوە تەئسیر لە سەر پێگەیشتنی نەسلی داهاتوو دەکات ئەوەیە کەچیی دیکە ناکرێ ژنان لە خوێندن بێبەش بکەن ، بەڵام زۆرتر ژنان مەجبوور دەکەن لە چەند رشتە و زانستی تایبەتدا پسپۆر بن ، یا مەدرەکی زانکۆییان تەنیا لەسەر باقی جیازی مێردکردنیان دابنێن .

رۆڵی ژن وە ک چاوەدێر لە رەسم و یاسای کولتوری کوردەواری و ئەرکی گوێستنەوەی بۆ نەسلی داهاتوو، کە ژن فاعل و ئۆبیەکتیشە، وای کردوە کە ژنان ناراستەخو زۆلمیان لێ دەکرێت و بەڵام لە ئەسڵدا بە هۆی ئاشنا نەبوون بە مافەکانی خۆیان و کەمیی وشیاریی فێمنیستی زۆربەی ژنەکان بەو ستەمە شاراوەیە نازانن و رەنگ بێ ژیانی خۆیان زۆر بۆ راحەت بێت ،ئەوە بە لای منەوە کێشە نیە، مادام ژنێک چۆن راحەتە ئاوا ژیان بە سەر بەرێت. ئەوەی کە من نیگەران دەکات گواستنەوەی ئەو ستەمە شاراوە و دەست و پاگیرەیە کە نەسلی داهاتوو گیرۆدەی دەبێت و ئەم کۆمەڵگایە دەبێتە سیستمێکی خۆ بەرهەمهێنەری نەسل بە دوای نەسلدا. مەبەستم ئەوەیە کە لە رێگای ستەمی شاراوە لە چوارچێوەی بنەماڵە و کۆمەڵگای داخراودا هەمیشە لە یەک نوختەی سابیت دەمێنینەوە و فەقەت چێهرەکان دەگوردرێن نەک سیستم .

نموونەیەکی دیکە لە ستەمی ناراستەوخۆ دژی ژنان ئەوەیە کە تەجاوز بە ژن لە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجەدا کارێکی بێزراوە، بەڵام تەجاوز بە ژن لە ماڵیدا ، راگرتنی بونیانی پیرۆزی بنەماڵەیە و کارێکی جوان و ژنانەیە. لێرەدا مەبەست لە رێزدانان و خواستی ژنە لە چوارچیوەی بنەماڵەدا، ئەوەی کە وەک وەزیفە بۆی دانراوە و دەبێ ئەرکی خۆی بە جێ بگەیێنی ئیدی مافی ئەو ژنە یان خواستی ئەو ژنە هیچ دەستەبەر ناکرێت و گوێی نادرێتێ.

داب و نەریتی کۆمەلگا لە هێندێک شوێنی تایبەت لە چوارچێوەی ستەمی ناراستەوخۆدا دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە لە باری روحییەوە تەئسیرێکی نێگاتیڤ لە سەر ژنان دابنێت و هێز و توانای باوەربە خۆ بوونیان تێدا نەهێڵێ کە ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی ئەنگیزەی کارکردن و پاسیڤ بوونی تاکی ژن و لە بەین چوونی بەها مروڤایەتییەکانی ئەو تاکە لە خۆ پێ گەیاندن .

### ئابووری:

بەستراوەیی ئابووریی ژن بە پیاو دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن هەمیشە چاو لە دەستی پیاو بێت بۆ ئەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی دابین بکات. کاتێک کەسێک لە باری ئابوورییەوە چاولەدەستی کەسێکی دیکە بێ ئەمە دەبێتە کۆسپێک لە سەر رێگای کە نەتوانێ ئەو جۆرەی خۆی دەیهەوێت لە توانایەکانی خۆی بۆ گەشە کردن و خۆ پێگەیاندن ( بۆ نموونە خوێندن و چوونە زانکۆ) کەڵک وەربگرێت. رەنگە و دەشزانین کە لەم بوارەدا ئێستا بە گشتی وەزعی ژنان باشتر بووە. بۆ نموونە دەبینین کە ژنان تەنانەت کاری سەربەخۆی خۆیان هەیە، زۆرجار دەبینین کە پیاوەکان لە ماڵێدا بە خانمەکانیان دەڵێن رەئیسی ماڵێ و هەموو شتێک هەر خانم تەسمیم دەگرێت، بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە باس دەکەوێتە هێندێک تەسمیم گیری ئەسلی و نەهایی لەگەڵ ئەوەیدا کە خانمی ماڵەوەش لە باری ماڵییەوە ئیمکانی باشی هەیە بەڵام دیسان پیاوەکان بڕیاردەری ئەسڵین، چونکە ئەو مەسەلەیە سەروکاری لە گەل پارەخەرج کردن هەیە و پیاوەکان باشتر دەزانن و لێی شارەزاترن کەواتە دەبینین کە ئیتر ناکرێ ژنان لە چالاکیی ئابوری و سەربەخۆیی ماڵی مەنع بکرێن، بەڵام حەول دەدرێ تەنیا لە چەند بواری تایبەت و « ژنانە» دا مەجال بە ژن بدرێ و باقی بوارەکان هەر لە پاوانی پیاوان دا بمێنێتەوە.

### سیاسی:

ژن و سیاسەت، ژن و دەسەڵات، خەباتی ژنان، خەباتی نێونەتەوەیی ژن و بڕیاردان لە کاروباری سیاسی هەموو ئەو وشە و رستانەمان لەمێژ ساڵە گوێ لێ دەبێت و هەموو حیزبەکان، رێکخراوەکان لە پرۆگرامەکانیاندا هەوڵی بەشداریی زیاتری ژنان لەم بوارەدا دەدەن، بەڵام با پرسیارێک لە خۆمان بکەین: نەتیجەی کار چ بووە و بە کوێ گەیشتووین؟ چمان کردووەو تا کوێ هاتووین؟ لە سەرەوە باسی ژنم لە بواری کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و هەروەها ئابووریدا کرد، بە بڕوای من ئەم بوارانە وایان کردوە کە بەشداریی ژن لە سیاسەت دا زیاتر لە بەشەکانی دیکە بێ. بەڵام ستەمی شاراوەی لەدژی ئەنجام بدرێت. بۆ نموونە لە هیچ بەرنامە وپرۆگرامێکی حیزبی سیاسی و رێکخراوەکان دا نابینین کە ژن نەتوانی بەشدارو ئەندام بێت و لەو بەرنامەو پرۆگرامانەدا نە نووسراوە کە کام کار بۆ ژنانە و کام کار بۆ پیاوان. کەواتە ناکرێ ژنان لە خەبات و شۆرش بێبەش بکەن. بەڵام رێگایەک دەبینینەوە کە سنوور بۆ رادەی بەشدارییان دابنێن و هێندێک پلە و پایە هەر دەبێ « پیاوانە» بمێنییتەوە.

تریبوونی تەبلیغیی کاری سیاسی پیاوانەیە، مەبەست ئەوەیە کە زۆر جار وا هەبووە ئەو ژنانە گەرچی ژمارەشیان زۆر نیە بەڵام زۆر کاری باشیان کردوە و بڕیاری باشیان داوە و نەزەرو بۆچوونی بەکەڵکیان هەبووە بەڵام بە دەگمەن دەبینین کە ئەو ژنانە بە ئەندازەی پیاوەکان دیار بن، بەو شیوە ناراستەوخۆیە دەیان هەوێ بەشداریی ژنان لاوازبکەن و لە سەتحێکی دڵخوازی خۆیاندا رایبگرن نەوەکوو نیشان بدرێت کە ژنان ئەگەر چی رێژەشیان کەمە بەڵام تواناییان لە ئاستی پیاوان دا هەیە.

چەند جار لە پێشوودا بیستوومانە کە ژن بۆ قەزاوەت و دادوەری نابێ چوون ژن بە ئێحساسە و ناتوانێ قازییەکی بێ



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

لایەن بێ. چەند جار گاڵتە بە ژنان کراوە کە ناتوانن سەرۆک کۆمار بن، ئەگەر سەرۆک کۆمار حامیلە بوو چ دەقەومێ، ئەوکات خۆ ناکرێ کاروباری وڵات بۆ ٦ مانگ یان ٩ مانگ تەعتیل بێ.

بەرێزان ،

دوایین هەڵبژاردنی ئامریکاتان خۆ لە بیرە، لە سەدەی ٢١دا، لە گەورەترین دیمۆکراسیی جیهان، ساڵی ٢٠٠٨ لە چەند راپرسی دا گووترابوو هیلاری کلینتۆن زۆر لێ هاتوویە بەڵام بۆ سەرۆک کۆماری نابی، بۆ؟ دیار نییە؟ حاشایان لەو راستییە کرد کە ئەزموونی سێناتوربوونی کلینتۆن وەک ئەزموونی ئۆبامایە بەو جیاوازییە کە هیلاری کلینتۆن ئەزموونی ٨ ساڵ ژیان لە کۆشکی سپیشی هەبوو بەڵام دیسان ناراستەوخۆو بە بیانووی مەبەستێکی پیرۆز وەک هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆک کۆماری رەش، پێشگیری لە هەڵبژاردنی یەکەم سەرۆک کۆماری ژن کرا.

هۆکارەکان:

پشتیوانیی بەردەوامی کۆمەڵگا لە هیندێک داب و نەریتی کۆن، دەرەتانی گەشەکردنی دیموکراسییەک کە تێیدا مافی مرۆڤایەتیی ژنان بپارێزرێت بەرتەسک کردوە. گرینگتربوونی خەباتی نەتەوایەتی لە مافی بەرابەری، پرسی ژنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەندەی دیکە بێرەنگ کردوە، بەربڵاویی وزەی کاری ژن و جیاوازیی باکگراوندی تاکی ژن و پەرشوبڵاویی نیشتەجێ بوونی بە هۆی مەوقیعییەتی سیاسی و جوغرافیایی تا رادەیەک بۆتە هۆی پاسیڤ بوون، قەتیس مانەوەی دروشمە بە هەست و تواناکان لە چوارچێوەی تیۆری دا بۆتە هۆی دڵساردی و نائۆمێدیی تەنانەت ژنانی چالاکیش.

هەمووی ئەوانە دەتوانن هۆکاری بەردەوام بوونی ستەمی رەگەزایەتی بن بەڵام ئاخرەکەی دێتەوە سەر ئەو کێشە دێرینەیە کە شەری دەسەڵاتە. پیاوانی پاوان خواز ئەوەندە کە لەگەڵ یەکتر شەری دەسەڵاتیان هەیە هاوکات ئەوەندەش لە بەشداربوونی عادڵانەی سەدی ٥٠ی کۆمەڵگا لە دەسەڵاتدا تۆقاون. جا فەرقی نییە ئەو دەسەڵاتە لە بنەماڵەیەکدا بێت یان زانکۆیەک و ئیدارەیەک و وەزارەتێک .هەر وەک پێشتریش ئاماژەی پێ کرا ناکرێ وەکوو سەدەکانی پێشوو و بە شێوەی راستەوخۆ حاشا لە مافەکانی ژن بکەن ، دەبێ بە زمانی دڵسۆزی، بە زمانی بەرژەوەندیخوازی بۆ کۆمەڵگا یان بە زمانی پاراستنی بنەماڵە و یان بە گاڵتە و زوبانی تەنز ناراستەوخۆ زەمینە بۆ پێشێل کردنی مافەکانمان خۆش بکەن. ئاخرین نموونە لەو بوارەدا حەولی بەرنامەی پارازیتی بەشی فارسی دەنگی ئامریکا بوو کە دەیهەویست چالاکێکی یەکسانی خوازی مافی ژنان مەجبوور بکا بە بیانووی تەنز لە نێوان فێمینیست بوون و جوان و لە بار بووندا یەکیان هەڵبژێرێت.

### داب و نەریتی کۆمەڵگا لە هیندێک شوێنی تایبەت لە چوارچێوەی ستەمی ناراستەوخۆدا دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی کە لە باری روحییەوە تەئسیرێکی نێگاتیڤ لە سەر ژنان دابنێت و هێز و توانای باوەربە خۆ بوونیان تێدا نەهێڵێ کە ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی ئەنگیزەی کارکردن و پاسیڤ بوونی تاکی ژن و لە بەین چوونی بەها مرۆڤایەتییەکانی ئەو تاکە لە خۆ پێ گەیاندن

رێگە چارە:

رێگەکانی بەر بەرەکانی لەگەڵ چەوساندنەوەی ناراستەوخۆ زۆر دژوارە .لە قۆناغی یەکەمدا دەبێ نموونەکان و ئەو مۆڵەتانەی کە مەجالی سەرهەڵدانیان پێکدێنن بناسین. ئێمە چالاکانی مافی ژنان دەبێ فێر بین کە روخسارە جوان و مووەججەهەکانی ئەو یاسا و داب و نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی ستەم بە رووی ژنانیان لە ناو دڵی خۆیان دا شاردوەتەوە بناسین و لە قاویان بدەین.

لە قۆناخی دووهەمدا دەبێ یەک یەکێ ئەو دیوارە پیرۆزانەی لە دەوری مافی ژنان هەڵچنراون ، ئەگەر تەنانەت گەیشتبنە ئاسمانیش و ناوی خودا و دین و ئایینیشی لە سەر بێت برووخێنین. دواتر دەبێ سەرکەوتنەکان و شکاندنی دیوارە کۆنەکان زەق بکەینەوە. نموونەی ژنانی قازی و ژنانی سەرۆک کۆمارو ژنانی سەرۆک وەزیر وەبیر ئەو کەسانە بێنینەوە کە تا چەند ساڵ پێشتر گاڵتەیان پێ‌دەکردین. نموونەی ژنانی سەربەخۆ لە بواری ئابووریدا بکەینە ئۆلگووی ژنانی سەردەم. نموونەی ئەو ژنانەی کە لە زانستە دژوار و بە رواڵەت پیاوانەکان سەرکەوتنی گەورەی زانستی یان بە دەست هێناوە زیاد بکەین، بەم شێوەیە دیوارەکان برووخێنین ئەو جار دەبێ بچینە سۆراغ سەقفەکان.

بەرێزان!

لە زانستی بەرێوەبەریدا بۆ ناساندنی سنوورەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتن دەستەواژەی « سەقفی شیشەیی هەیە» یانی سەقف یان میچێک کە بە رواڵەت نابینرێ و وەک کۆسپێک بۆ چوونە سەر نایەتە بەرچاو بەڵام بە کردەوە پێشی سەرکەوتن دەگرێت.

تاک تاکی ئێمە سەقفێکی شیشەییمان لە سەرە، یانی بە کردەوە ئاستێک و سنوورێک بۆ چوونە سەرێمان دیاری کراوە کە بە رواڵەت حاشای لێ دەکرێت و بۆ خۆشمان رەنگ بێ نەیبینین. بەڵام ئەوەتان وەبیر دێنمەوە کە ئەو کۆسپە فیزیکییە هەرچەند راستە و واقیعە بەڵام کەرەستەو ماتریالەکەی لە شیشەیە واتە ئەگەر لێی بزانین و باش بیناسین بە ئاسانی لادەچێت و دەشکێ. بەڵام ئەگەر وریا نەبین، یان بۆهەتا هەتایە لە سەرمان دەمێنێتەوە یان لە شکانەکەیدا سەرمان دەشکێنێ و شان و پیلمان بریندار دەکات.

هونەری موعاملە لەگەڵ ئەو سەقفە شیشەییانە.هونەری ژنانی فێمینیستی سەدەی ٢١ە.

هیوادارم کە باسەکەی من ئەگەر لە زاویەیەکی بچووکیش بێت بتوانێ یارمەتیدەر بێت کە هەر کەسە بە گوێرەی توانا و ئیمکانی خۆی بە شێوەیەکی سەردەمیانە دژی ستەمی شاراوە هەڵوێست بگرێت بۆ رزگار بوون لە دەست ئەو شێوە ستەم لێکردنە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنان لە تان و پۆی ناسیۆنالیزم دا*

**بۆ کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – سلێمانی**

**سۆران عەلیپوور**



کورد وەک قەوارەیەکی نایەکگرتوو و ناسنامەیەکی بریندارو جوغرافیایەکی پارچەپارچەبوو، یەکێک لە گرێ ئاڵۆزەکانی دنیای مۆدێرنە، چیرۆکی گەڕان بە دوای شوناس و شوێنگەی خۆی دا و شکستە یەک لە دوای یەکەکانی لە گەیشتن بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دا، تاکی کوردی کردوە بە بوونەوەرێکی ئایدیالیست کە هاوکات کەسایەتییەکی ناجێگیر و شوێنگەیەکی ناجێگیر و دەروونێکی ناجێگیری هەیە و ئەو وێناکردنە لە سەر ئاستێکی فراوانتریش و لە سەر ژیان و ژیاری گرووپی ئەو مرۆڤانە وەک نەتەوەیەک هەمان ڕەنگ دانەوەی هەبووە،گرێی دەروونی نەگەیشتن بە خەونی ناسیۆنالیستی و قەوارەی سیاسی بەشێکی بەرچاوی شوناسی کوردی داگیرکردووە.

خولیای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی پشکێکی گەورەی لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخی کوردیدا پێ براوە، قەلەمرەوی ئەو تێروانینە ئیدیالیستیە و کارکردی لە سەر ئەرزی واقع هێند بەربڵاوە کە سەرلەبەری هێز و پتانسیۆلی کۆمەڵی کوردی بە ژنانیشەوە خستۆتە ژێر هەژموونی خۆیەوە. سەفەری مرۆڤی کورد بۆ گەران بە دوای ناسنامەو هۆویەتیی پارچە پارچەکراویی دا بووە بە گوتاری باڵادەست، هەژاریی تیۆریک و دواکەوتویی و نەخوێندەواری و لاوازی ڕێبەریی و کێشە و ململانێ نێوخۆیەکان و فاکتەرە دەرەکییەکان و ......نەیانتوانیوە ڕۆڵی ژنان وەک هێزێکی مرۆیی گەورە و توێژێکی کۆمەڵایەتیی یەکلاکەرەوەو لەو سەفەری گەڕان بە دوای هۆویەتە دا دەرک بکەن.

ڕێکخراو و دامەزراوە سیاسییەکان کە نوێنەرایەتیی خەونە ئایدیالیستیەکانی کورد دەکەن، زیاتر لە دیاردەکانی دیکەی مێژووی هاوچەرخی ئێمە پێویستیان بە خوێندنەوەو لێ تێگەیشتن هەیە، پارادۆکسی دامەزراندنیان لە نێوان فۆرمێکی مۆدێرن و ئامانجی مۆدێرن لە لایەک و پێکهاتەیەکی نەریتی لە نێوخۆی ڕێکخراوەکان دا و لە کۆمەڵگەی کوردیش دا ئەوانی لەگەڵ دەردێکی زگماک دا گیرۆدە کرد، نەخۆشی چۆنیەتیی پێناس کردنی خۆیان لە نێو پێکهاتەی ئاڵۆز و لێک دابراوی کۆمەڵگەی کوردی دا. ئەوە فاکتێکی سەرەکی بوو لەوەی کە دروشمە پێکهاتەشکێن و مۆدێرنەکان تەنانەت لەگەڵ کەشی نێوخۆی ڕێکخراوەکانیش دا وەک تێکستێکی دەق نەشکاوی نێو پەیرەو و پرۆگرامەکان بمێنێتەوە.

ئایا بزووتنەوە و پارتە کوردییەکان چۆن لەگەڵ هاوسەفەرێکی دیکەدا کە هاوکات خەونی یەکسانی و فێمێنیستیی لە سەر دایە مامەڵەیان کردوە و دەکەن؟ ئایا سەفەری ئەو دوو ڕێبوارە بەرەو یەک وێستگەیە و بەردەوامی کامەیان بە ئەوەی دیکەیانەوە بەستراوەتەوە؟

مێژووی کەم نەتەوە هێندەی نەتەوەی کورد، بە تایبەت لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا بە بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانیەوە بەستراوەتەوە، وێنا کردنی مێژووی نوێی کوردەکان بە بێ وێنا کردنی ڕاپەرین و بزوتنەوەکانیان کارێکی ئەستەم و پڕ کەم و کوڕییە، ئەو دۆخە ئەگەر خاڵێکی ئەرێنی هەیە واتە فۆکوس کردن لە سەر دڵی هەمیشە زیندووی نەتەوەیەک کە بۆ ئازادی لێدەدا، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی نەرێنیشی زۆرن، لەوانە پشت گوێ خستنی خوێندنەوە و لێکدانەوەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیاریی و شارستانی کورد. لە ڕووی تیۆرییەوە یەکێک لە قوربانییەکانی ئەو دەرکەوتەیە ژنانن، ئەو هێژموونیە هەم ڕەنگ و ڕوویەکی سیاسی دەدا بە کێشەی ژنان و دوای دەخا بۆ سەردەمێکی دیکە، هەم ڕۆڵی ژنانیش لە خودی هێژموونیەکەدا لاواز دەکا.



کتێبخانەی دیجیتالی www.rabari.org

## لەبارەی بزووتنەوەوە:

یادەوەرییەک کە لە بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان هەیە، خودی چەمکی «بزووتنەوە»ی تووشی لێڵی و ئەو کەسانەشی تووشی دردۆنگی کردووە کە بە جۆرێک پەیوەندیان بە بزووتنەوەکانەوە هەیە، توێژینەوە کلاسیکیەکان باسیان لە خۆرسک بوون و بەرفراوانی و بەهێزی و پێگەیشتوویی بزووتنەوەکان دەکرد، وەک بزووتنەوەی بەلشەوییەکانی روسیە، یا بزووتنەوەکەی مهاتما گاندی.. لە کاتێک دا روانگەی نوێ بۆ «بزووتنەوە» جۆرێک لە پێرسپێکتیڤ دەخاتە روو کە لەگەڵ روانگە کلاسیکیەکە مەودا دەگرێ.

رۆدێلف هێبێرل دەڵێ: «بزووتنەوە هەوڵێکی گشتییە بۆ گەیشتن بۆ کۆمەڵە داواکارییەک بە تایبەتیی گۆرینی هێندێک نەهادی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو» لە لایەکی دیکەوە هێربێرت بلومێر دەنووسێ: «کۆمەڵە دەسپێشخەرییەکە بە مەبەستیی دروست کردنی نەزمێکی نوێ لە ژیان دا»

تایبەتمەنییەکانی بزووتنەوەیەک چییە:

* بزووتنەوە لە دەروونی کۆمەڵێک خەڵکی نارازییەوە سەرهەڵبدا، واتە خەڵکانێک هەبن کە دژایەتی دۆخی هەنووکەیی بکەن.

* بێجگە لە دژایەتیی کردنەکە بەرەو رەخنە گرتن لە نۆرم و گۆرینی ستراکتۆرەکانیش هەنگاو بنێن، ئەو دژایەتیی کردنە دەتوانێ رووی لە مەسەلەیەکی تایبەتی بێ یان بە گشتی دۆخی هەنووکەیی بێنێتە ژێر پرسیار.

* بۆ وەدیهێنانی ئەو گۆرانکاریانە دەبێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە مەیدانی پراکتیک دا بوونیان هەبێ و بەردەوام بن، تایبەتمەندی(بەردەوامی) لای زۆربەی تیۆریسنەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان پەسندە.

* بە پێچەوانەی دیدی باو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان بە تەواوی رێکخراو و ئۆرگانی نین، تیۆریسنەکانی وەک فریمان و هێبێرل پێیان وایە کە پێویستە بزووتنەوەکان خاوەنی ساختارێک بن، بەڵام هەبوونی رێکخراوێک یان حیزبێکی سیاسی زەرور نیە.

* تایبەتمەندی پێنجەم کە زۆر گرینگی پێ دەدرێ، هەبوونی تەعەهودێک و دەرکێکی گشتییە لە ئامانجەکان، هێبرێل بەوە دەڵێ» هەستی شوناسی گرووپی». واتە ئێنتمایەک کە گرووپێک پێکەوە گرێ دەدا.

ئەو تایبەتمەندیانە دەکەینە بەردەبازێک بۆ پرسیارێکی کلێشەیی لە دنیای ئێمە دا، کە ئایا گەلۆ بزووتنەوەی فێمنزم لە کوردستان بوونی هەیە یان نا؟ لە بنەڕەتەوە کۆمەڵێک کەس لەگەڵ هێنانە گۆڕی پرسیارێکی ئاوا کێشەیان هەیە، بە گەڕانەوە بۆ ئەو پاساوەی کە فێمێنیزم ناتوانێ لۆکالی بکرێ و ئەو فۆرمە گلۆبالی و سنوور نەناسییەی ون بکا. ئەو گرووپەی دیکەش کە بە بەڵێ یان نەخێر وڵام دەدەنەوە، کۆمەڵێک فاکت دەخەنە روو. کە لەو وتارەدا ناپرژێینە سەری. خودی پرسیارەکە هەرچەند لە وروژاندنی دا سادەییەک بەدی دەکرێ، بەڵام بە وڵامێکی ئەبستراکت و یەک لایەنە قەناعەت ناکا، لەوانەیە ئەو رێژەیی بوونە پارسەنگێکی لۆژیکی بێ لە پرسیارە تیۆرییەکان دا. بە گەڕانەوە بۆ ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەبێ بزووتنەوەیەک هەیبێ، ئاشکرا دەبێ کە لە کوردستان دا بزووتنەوەیەکی ژنانە هەیە کە هەڵگری بەشێک لەو خەسڵەتانە بێ و لە هێندێکیشیان بێ بەری بێ، بۆ نموونە ئەو بزووتنەوەیە خاوەنی ساختارێکی دیاریکراوی فکری و تەعەهود و ئێنتمایەکی گرووپی نیە، لە نەبوونی ئەو دوو تایبەتمەندیەدا ناتوانین هەبوونی بزووتنەوەیەکی ژنانە ئینکار بکەین، بەو بەڵگەیە کە کۆمەڵێک ژنی نارازی چ لە نێو ئۆپزسیۆنی کوردی و چ لە هەناوی کۆمەڵی کوردیدا کە دژایەتیی دۆخی هەنووکەیی دەکەن بوونیان هەیە و رابردوویەکیشیان لە هەوڵ و بەربەرەکانیی لەو رێگەیەدا تۆمار کردووە. کەواتە بزووتنەوەیەکی فۆرم نەگرتووی پێنەگەییشتووی ژنان لە کوردستان دا هەیە، لە توێی پرۆسەیەک دا خەریکی دروست بوون و گەشە کردنە و خاوەنی تیۆریسن و بنەمایەکی فکری دیاریکراو نیە.

ویلیەم ئۆنیل کاتێک نووسی: فێمینیسم پێش ئەوەی چاوەرێی دەرکەوتنی لینینێک بێ دەبێ مارکسێکی خۆی هەبێ، ئاگای لە هەژاری تیۆری فیمینیزم هەبوو، ئەو واتایە لە هەموو کاتێک زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ فێمینیزم لە کوردستان دا کاڵای پڕ بە باڵایە.

کەسێک کە بتوانێ بنیادە تیۆری و فکریەکانی فێمینیزم دابرێژێ غایب بووە، یان هەوڵ بدا پێناسێکی خۆماڵیانە لە خەباتی ژنان بە دەستەوە بدا. سیمۆن دێبۆڤوارێک هەبێ بڵێ ژن لە پرۆسەیەکی مێژوویی دا بووە بە ژن، بنووسێ کە ژن ئیرادەیەکی سەربەخۆی نەبووە و هەرچی کردوویەتیی بە جۆرێکی دیکە خزمەت کردنەوە بە پیاوسالاری بووە، ئاخۆ ئەو پرۆسە مێژووییەی کە ژنی کردووە بە ژن لە کوردستان چۆن بووەو لە چ بەستێنێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ئەو پرۆسێسە گەیشتۆتە ئەو پەری خۆی؟

کەواتە هەژاری تیۆریکی لە بزووتنەوەی ژنان دا یا لە فێمێنیزم دا دەبێ خەمی گەورەی ژنانی کورد بێ، هەر لێکۆڵینەوەیەک لەوبارەوە بکرێ، بێ ئەوەی بتوانێ بنیادە مێژوویەکانی دیاردەی ژن بوون لە کۆمەڵگەی کوردی دا ئاشکرا بکا کەم و کوریەکی هەرە گەورەی ئەوە دەبێ کە چەند ئەلقەی ئەو زنجیرەیە بە ونی دەمێنێتەوە.

کاتێک باس لە ژنی کورد دەکرێ، هیچ وێنەیەکی گشتگیر و ئەبستراکت لە ژنی کوردی بە دەستەوە نیە، یا لە بنەرەتەوە بە هۆی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری ژنانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد ناتوانین پێناسێکی هاوبەشمان لە ژنی کورد هەبێ، بە تایبەت ئەگەر ئەو پێناسەیە لەگەڵ لێکدانەوەیەکی فێمێنیستی دا تەفسیر بکرێ، ئایا خانمێکی شارنشین کە پلەیەکی خوێندەواری بەرزی هەیە و لە رووی ئابوورییەوە جۆرێک لە سەربەخۆیی هەیە لەگەڵ ژنە کوردێکی دێهات نشین کە دەرفەتی خوێندەوار بوونی نەبووە و لە رووی ئابوورییشەوە تەواو پەیوەستە بە شێوازی وەبەرهێنانی سەرەتایی کە پیاو لە لوتکەکەی دایە، دەخرێنە تای یەک تەرازوو؟ کەواتە ئەگەر بۆ ژنی ئەو دێهاتە دوورە دەستە ئەوە گونجاوە کە بە گەڕانەوە بۆ شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم، هەوڵی خوێندەوار بوونی بدرێ و کەشێکی شیاوی کار کردن و مافی منداڵ بوون و منداڵداری..... بۆ دەستەبەر بکرێ، کە دێتە سەر باسی ژنە خوێندەوار و کارمەندە شارنشینەکە چیدیکە داخوازیەکانی شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزم وەڵامدەر نین. ئەوە بەو واتایە نیە کە خەمێکی هاوبەش بە ناوی خەمی ژنی کورد بوونی نیە.

## بزووتنەوەی سیاسیی کورد و ژنان

بزووتنەوەی سیاسی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست دا لە سەر دەستی دوو نەوە گەشە دەکا، نەوەیەکی نەریتی و ئاینی، خاوەن نفووزێکی کۆمەڵایەتیی یەکجار زۆر، کە شێخەکان و کەسایەتیە ئاینیەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان لە خۆ دەگرن، نەوەیەکی رۆشنبیری وردە بۆرژوا کە لە ئەستەمبوول و شارە گەورەکانی کوردستان و چەند وڵاتێکی ناوچەکە نیشتەجێن و لە ژێر کاریگەری رۆژئاوادان، بێگومان ئەو دابەش کردنە رێژەییە و لە ناو هەڵبژاردەی رۆشنبیر و خوێندەواریش دا، کەسانێک بەدی دەکران کە سەر بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەهێز بوون، یان لە ناو نەوە نەریتیەکەش دا روخساری پێشکەوتووخواز و مۆدێرن هەبوون. پاشماوە و کاریگەرییەکانی ئەو دابەش بوونە تا ئێستاش لە بزووتنەوەی سیاسی کوردی دا دەبینرێن.

ئەو جیاوازییە لە سەر کارکردی بزووتنەوەی سیاسی دا جێ پەنجە دادەنێ و هەڵوێستەکانیان لە ئاست زۆر کێشەی چارەنوس ساز دا لێک دادەبرێ، بۆ نموونە نەوەی نوێخواز لە ژێر کاریگەری رۆژئاوا و شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم دا هەر زوو رێکخراوێک بۆ ژنان دادەمەزرێنن، نەوەکەی دیکەش کە نەوەی ئاینی و نەریتی کۆمەڵایەتیی کوردیە تا سەردەمی کۆماری کوردستان کە لەوێدا تایبەتمەندیەکانی هەر دوو نەوە لە نێو کەسایەتیەکی وەک قازی محەمەد دا یەک دەگرنەوە و نموونەیەکی دیکە لە شێوازی خەبات و ناسیۆنالیزم بەدەستەوە دەدا، ناپرژێتە سەر دۆزی ژنان.

**لە خێڵ دا شەڕەف و ئابرووی خێڵ وەک ئەمانەت لای ژن دانراوە، دۆڕاندنی ئەو ئەمانەتە زەربە دانە لە بەهێزترین نۆرمی خێڵ کە پیاوەتییە، ئەو چەمکە لە خێڵەوە دەگوازرێتەوە نێو ناسیۆنالیزم و ئەو لەگەڵ دادەکانی مۆدێرنە دا ئاوێتە دەکرێ**

لە سالی ١٩١٩ کۆمڵەی پێشخستنی ژنی کورد لە لایەن ژنەکانی کۆمەڵێک روناکبیر و کەسایەتیی سیاسی کورد لە ئەستەمبول دامەزرا و وەک لقێک لە کۆمەڵەی پێشخستنی کوردستان کاری دەکرد، ئەوان بڵاوکراوەی « ژن»یان بڵاو کردەوە کە وەک زۆر هەنگاوی سەرەتایی دیکەی ژنان لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا گرینگی بە بردنە سەری ئاستی خوێندەواری ژنان و بەهێزتر کردنی پێگەی ژنان لە کۆمەڵ و بنەماڵەدا دەدا.

ناسیۆنالیزم لەو کۆمەڵگانەدا کە پێشتر پێکهاتەیەکی نەریتی و خێڵەکییان هەبووە، دەکەوێتە نێو پەیوەندیەکی ئاڵۆز لەگەڵ نۆرم و ستراکتۆرە نەریتییە بەهێزەکان لە لایەک و نێوەرۆکی مۆدێرنی خۆی لە لایەکی دیکەوە. ستراکتۆرە نەریتیەکان ئەگەر زەرفیەتیی جێکردنەوەی ئەو گوتارە مۆدێرنانەیان لە نێوخۆیان دا هەیە، توانای کۆنترۆل کردن و هاوڕەنگ کردنی ئەو گوتارانەشیان هەیە، بە جۆرێک کە پێکهاتە و نۆرمە نەریتییەکان جارێکی دیکە لە نێو گوتارە مۆدێرنەکان دا خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

شارەگی مانەوە و بەردەوامبوون لە خێڵێک دا گواستنەوەی خوێنە لە باوانەوە بۆ نەوەکان و هاوکات پاراستنی ئەو نۆرمەیە، ئەوە خەسڵەتێکی بەرچاوی کۆمەڵێکی باوکسالاریشە، پرۆسەی ناسیونالیزمیش لە کوردستان دا لە سەردەمێک دا سەرەتاکانی دەردەکەوێ، کە سیستمی خێڵەکی ـ باوکسالاری هەرچەند داهاتوویەکی گەشی نیەو رۆژگاری زێرینی خۆی تێپەر کردووە، بەڵام هەروا سیستمی کۆمەڵایەتی باڵادەستە، بۆیە گوتاری سیاسی کوردی ئەو پەیوەندیی خوێنە لە نۆرمێکی کۆمەڵایەتییەوە دەگوازێتەوە بۆ مەیدانێکی بەرفراوانتری سیاسی و روخسارێکی مۆدێرنی پێ دەبەخشێ.

لە خێل دا شەرەف و ئابرووی خێل وەک ئەمانەت لای ژن دانراوە، دۆڕاندنی ئەو ئەمانەتە زەربە دانە لە بەهێزترین نۆرمی خێڵ کە پیاوەتییە، ئەو چەمکە لە خێڵەوە دەگوازرێتەوە نێو ناسیۆنالیزم و ئەو لەگەڵ دادەکانی مۆدێرنە دا ئاوێتە دەکرێ، نیشتمان و کوردستان دەبن بە مێ و پیاوانی وڵات دەبێ وەک کوڕە بەوەفاکانی خێل بەرگری لێ بکەن، لە کۆماری کوردستان دا و لە شانۆی دایکی نیشتمان دا ئەو گرێ دەروونیە بە تەواوی زاڵە. بەخشینی بەهایەکی کۆمەڵایەتیی شەرەفمەندانە بە ژن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوشانە لەگەڵ بەخشینی بەهایەکی شەرەفمەندانە بە خاک.

ئەو دیدە بیۆلۆژیکیە کە جەستەی ژن و خاکی نیشتمان لە یەک گرێ دەدا، لە لایەکەوە درێژ کردنەوەی نەفەسی خێڵ و کلتووری خێڵە، لە لایەکی دیکەشەوە بە میحوەر کردنەوەی ڕۆڵی پیاو و لە پەراوێز خستنی ژنانە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی کوردی دا. خاک وجەستەی ژن دەبێ کۆنترۆل بکرێن، یەکەم هەنگاوی کۆنترۆل کردنی ئیرادەو فکری مرۆڤیش کۆنترۆل کردنی جەستەیەتیی. لە حالێک دا نەتەوە دروست بووی دۆخێکی سیاسی و کلتووری جیاوازە، ئەو بە جەستە کردنەی نەتەوە و نیشتمان خزمەت بەو دیدە ئیدیالیست و میتافیزیکیە دەکا کە لە ژێر پەردەی ئەوەدا هەزاران تاوان دەتوانرێ ئەنجام بدرێ. پاراستنی جەستەی ژن لە بەرانبەر نەیاراندا هاومانا دەکرێ لەگەڵ پاراستنی سنوورەکانی نیشتمانی ناسیۆنالیستی. بۆیەش جەستەی ژن وێنەی سنوورەکانی وڵات، دەبێ چاوەدێری لێ بکرێ و بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندا بێ. گورزێک کە ئەو تێڕوانینە لە ناسیۆنالیزمی داوە،شێواندنی ئینتیمای تاکەکانە بۆ خاک و نیشتمان، ئەو ئینتیمایە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک نۆرمی نەریتی دادەمەزرێ کە لە پارادۆکسێکی گەورەدان لەگەڵ خودی ناسیۆنالیزم. ئەو ئینتمایەی کە بە شەرەف و پیاوەتیی و دیدێکی بیۆلۆژیک بۆ نیشتمان ڕەنگامێز دەکرێ، ڕۆڵی ژنان لە ناسیۆنالیزم دا کەمرەنگ دەکاتەوە بۆ بوونەوەرێک کە کارگەی بەرهەمهێنانی ڕۆڵەی دڵسۆز و وەفادارە. تەنانەت ئەگەر لە جەوهەردا ناسیۆنالیزم و فێمێنیزم ناکۆک نەبن، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیستی دا شوێنگەیەک بۆ نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ ناهێڵێتەوە، خەسارناسی پەراوێز کردنی ئەو پتانسیۆلە بالقوە یە سوژەیەکی گرینگی توێژینەوەیە.

بە دیدێکی سیمۆن دی بۆڤوارانە ژن لە دیسکۆرسی ناسیۆنالیزمی کوردیدا پێناسێکی بووناسانەی سەربەخۆی لە وجودی خۆی نیە، زیاتر وەک مۆدێلێک، وەک ئامرازێک هێندێک جار وەک دیکۆرێک یان وەک کلێشییەکی سیاسی کەڵکی لێوەرگیراوە.

هەبوونی ڕوانگەیەکی عەقلانی بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم پێشمەرجێکی گرینگە کە فێمێنیزم لە کوردستان دا بتوانێ تەعریفێکی نوێ لە خۆی و ناسیۆنالیزمیش بەدەستەوە بدا، ئەو ڕوانگە عەقلانییە واتە گەڕاندنەوەی نەتەوە بۆ نێو کات و شوێن و ناساندنی وەک دیاردەیەکی مۆدێرن کە لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی دا دروست بووە و ناسیۆنالیزمیش دیسکۆرسێکە بۆ گەیاندنی نەتەوە بە دەوڵەت. خاڵی کردنەوەی ئەو چەمکە لەو تابۆ و موقەدەسانەی کە خزمەت بە بازارگەرمی هێندێک گرووپی دیاریکراو دەکەن لە بەهێزکردنی ڕوخساری فێمینیستی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی کورد و بەرجەستەکردن و زەقترکردنەوەی دەوری ژنان لەم جووڵانەوەیەدا ڕۆلی کاریگەر دەبینێ.

گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و تەنانەت گوتاری چەپیش بەو پێیە کە خۆیان لەبەرامبەر ئەویتر دا پێناس دەکەنەوە و بنیاد دەنێن، لە ژێر هێژموونی ڕوانگەیەکی ئینقلابی دان، ئەو دیدە ئینقلابیە لەگەڵ چارەسەرکردنێکی کلێشەیی لە کورترین ماوەدایە، سیستمێکی سیاسی بڕوا و یەکێکی دیکە بێ، ئەوە لە پێوەندی لەگەڵ فێمێنیزم دا مسداقیەتی خۆی لە دەست دەدا. فێمێنیزم تەنها بزووتنەوەیەکی ئینقلابی نییە، بزووتنەوەی ژنانی کورد کەم و زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو شەپۆلەدایەو ئەو دۆخە ناتوانێ ریشە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی کێشەی ژنان بناسێ، سەرەنجام دوای نەمانی هەر سیستمێک دەبێ خەونە فێمێنستیەکان بۆ داهاتوویەکی دیکە دوابخرێن. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستەکانەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی و لە ڕوانگەی چەپەکانیشەوە بۆ سەردەمی دوای نەمانی جیاوازی چینایەتیی. ئەو زمانەش کە ئەو دۆخە دروستی دەکا، زمانێکی درشت و توندوتیژی پیاوسالارانەیە، زمان دەکرێتە پانتاییەکی دیکەی بەرهەمهێنانەوەی کلتووری خێڵ لە فەرهەنگی ناسیۆنالیزم دا.

بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خەباتی چەکداری و تێڕوانینی پیاو لەسەر جەستەی ژن ڕۆڵی ژنان لە خەباتی چەکداری دا دەتوانین لە پێگەی ژن لەو خەباتەدا ڕابمێنین، لە شەڕی چەکداری دا ڕۆڵی ژنان ڕۆڵێکی لاوەکییە، ئەو ڕۆڵە لە ڕووی لۆجستیکیەوە گرینگە، بەڵام ژن لە سەنتەری ڕووداوەکان دێنێتە دەرێ و لەوێشەوە ڕۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی سیاسی دا کەمرەنگ دەکاتەوە. لە بەرامبەردا تا بزووتنەوەی سیاسی کوردی مەدەنیتر بێ ڕۆڵی ژنان لەو بزووتنەوەیەدا زیاتر دەبێ، خەباتی مەدەنی کوردەکانی باکووری کوردستان و چالاکوانانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لەو پێوەندیەدا بەڵگەیەکی ڕوونن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا ڕەوتێکی بەرەوژووری پێواوە، ئەگەر لە سەدەی بیست دا ڕاپەڕینی سمایل ئاغای شکاک و دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا بکەینە سێ وێستگە بۆ تێرامان، دەتوانین ئەو بانگەشەیە بسەلمێنین. هەر یەک لەو سەردەمانە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتیی تایبەت بە خۆیان هەیە کە وێرای مەودای زەمانیان لە یەکدی، بە شاخسگەلێکی دیکەش دەناسرێنەوە، سەرنج دان لەو تایبەتمەندیانە و چۆنیەتیی و چەندیەتیی بەشداری ژنان لەو سێ وێستگە مێژوویەدا، وێرای وڵام دانەوەی چەند پرسیارێک، ڕەوتی بەرەوپێش چوون و گەشەکردن و بووژانەوەی هێزێکی دیکەی کۆمەڵایەتی وەک ژنان ئاشکرا دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەسپاندنی کولتووری فێمینیزم

**بۆ کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – سلێمانی**

**شلێر باپیری**



پێشەکی

چەسپاندنی کولتووری فێمینیزم ئەرکی ئەمڕۆمانە

ئەگەر گەلانی چەوساوە و نەتەوە ژێردەستەکان بۆ ڕزگاربوون لە دیکتاتۆریەتی سیاسی و داگیرکراوی نەتەوەیی پەنایان بۆ چەمکی دێموکراسی برد کە تا ئێستە پێشکەوتووترین شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتە، هاوکات بۆ ڕزگاری و یەکسانیی ڕەگەزی ژنان بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات تەنیا چارەسەرێکی گشتگیر هەیە کە ئەویش پەیڕەوکردنی چەمکی فێمینیزمە و ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لەوبارەیەوە گەواهیمان بۆ دەدەن.

ئەوەی ئەمڕۆ ئەرکی چالاکوانانی بواری ژنانە تەنیا باسکردنی ئەو مەسەلەیە نیە، چونکە زۆری لەسەر گوتراوە و بیستراوە و نووسراوە، بەڵام کاتی هاتووە کە بەر لەوەی وێنای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەربگرێ، فێمینیزم وەک کولتوورێک بناسێنرێ و بیسەلمێنین کە هەروەک چۆن دێموکراسی بەبێ هەڵبژاردن مانای نیە، کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک بەبێ ژنانی تێگەیشتوو لە فێمینیزمیش سەرکەوتوو نابێ.

پێویستە لێرەوە بەپێی چەند قۆناخ و ڕێکارێک کە باسیان دەکرێ و بێ گومان دەبێ دەوڵەمەندتر بکرێن، کار بۆ تێکەڵکردنی دیموکراسییەکی دیار و فێمینیزمێکی پراکتیکی بکەین تا لە داهاتووی ژنانی وڵاتەکەمان نیگەران نەبین و ئەو پەیامە بدەین کە بەبێ فێمینیزم، دیموکراسی وەڵامدەری خواستە کۆمەڵایەتی، سیاسی، شەخسی و ئابوورییەکانی ژنان نیە.

هۆکار و ڕێکار

پێشنیازکردنی کولتوورێکی نوێ بۆ کۆمەڵگەیەک پرسێکی ئاسان نیە تا بتوانی سەری بخەی، بەڵام ئەوەی ئێمە باسی دەکەین کە چەسپاندنی کولتووری فێمینیزمە بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی دەگەڕێتەوە و دەستکەوتەکانی دوایی هاندەرن بۆ ئەوەی لەسەر بابەتەکە سوورتر بین:

١. پێدانی سەربەخۆیی بە ژن/ فێمینیست بەر لە هەموو شتێک سەربەخۆییەکی تەواو بۆ ژن دەستەبەر دەکا و پێی وایە خۆی دەتوانێ دنیا و دەسەڵاتی خۆی بێ. جەستەکەی خۆی بە وڵات دەزانێ و خۆی سەرۆکایەتیی خۆی دەکا، لە بواری کۆمەڵایەتی پێی وایە دەبێ ڕێچکەشکێن بێ، لە لایەنی سیاسی هەست بە هۆشیاری زیاتر دەکات و خۆی بە پێشڕەو دەزانێ، لە ڕووی ئابووری بڕوای وایە ئەوەی کار نەکا نابێ داهاتی هەبێ و ڕاستەوخۆ هەرجۆرە گەندەڵییەک ڕەت دەکاتەوە، ئەوانە کە زۆر بە کورتی سەرجەمیان تایبەتمەندی ژنێک فێمینیستن زیاتر لە لایەنە سیاسییەکان بەرەو ئامانجەکانی سیاسی دەڕۆن.

ئەوەی فێمینیستێک لە ناخی کۆمەڵگەوە بە ئاشکرا داوای دەکا و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بانگەشەی بۆ دەکا، هەمان ئەوانەیە کە هێزە سیاسییەکان لە ناو وشەی گەورە و ناڕووندا حەشاری دەدەن و ناوی سیاسەتی لێ دەنێن.

٢. روونکردنەوەی مافەکانی ژن لە کۆمەڵگەدا کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە ژنان و پیاوان کەمتر دەزانن مافیان بەرامبەر یەکتری چیە؟ لە کاتێکدا تا نەزانین چیمان دەوێ، بێ گومان ناتوانین پلانی بۆ دابنێین و پێی بگەین. بەوپێیە پێویستە یەکەمجار خوێندنەوەیەکی ورد و روون بۆ مافی ژن و بەرپرسیاریەتیەکانی بەرامبەر کۆمەڵگە و بەپێچەوانەوە بکەین، دواتر پایەکانی جێبەجێبوونیان بنیات بنێین.

٣. ئەرکدارکردنی ژن/ پێویستە کار بکرێ لەسەر ئەوەی چیتر ژن وەک رەگەزێک پێناسە نەکرێ کە بەردەوام چاوی لەوەیە دەوروبەری ئەرکەکانی خۆی بەرامبەری جێبەجێ بکا. بەوشێوەیە ژن وەک رەگەزێکی ئەرکدار دەبێ کە بەجۆرێک دەبێتە سەرباری کۆمەڵگە، بۆیە پێویستە ژنیش ئەرکدار بکەین. بۆ نموونە ئەرکی پاراستنی وڵات، سەرچاوەی دارایی، پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بخرێنە بەردەستی ژن تا تێیدا ئەزموون وەربگرێ و هاوکات کە داوای ماف دەکا، رۆڵیشی هەبێ.

٤. خوێندنی تایبەت/ چەسپاندنی ئەو بەشە گرینگە لە پرۆسەکە کە ئەویش خوێندنی تایبەتە، بۆ نموونە خوێندنی ژنانی رۆژهەڵات لە بازنەی ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تێپەڕی نەکردووە و بە دەگمەن ژنێکی کوردی رۆژهەڵات بەوانەی لە ئەوروپاشن دەبینی کە ئاستێکی بەرزی ئەکادیمیان لە بوارە زانیستییەکاندا هەبێ و ئەوەی هەیە زیاتر بابەتە فکرییەکانن، لە کاتێکدا کێشەی هەموو کورد بە ژنەوە کێشەی دووربوون لە زانستیانەبوونی پرسەکانە و تەنیا لێکدانەوەی ئەدەبیمان بۆ کێشەکان هەبووە. پرسی ژن پێویستسی بە خوێنەوەی زانستی و واقع بینانە هەیە ئەوەش رێکاری زانستی دەوێ، رێکاری زانستیش ژنی خاوەن ئەزموونی زانستی دەوێ.

٥. ژن وەک تاکێکی خاوەنی ئابووریی سەربەخۆ/دابینکردنی ئەو لایەنە راستەوخۆ وزەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە ژن دەدا کە بنەمای فێمینیزمە. کاتێک ئەو دەرفەتە بڕەخسێ کە ژن بتوانێ خاوەنی داهاتی یاسایی و مەشرووعی خۆی بێ، بوێرانەتر بڕیار لەسەر شتەکانی تری دەدا و دەرفەتی چەوساندنەوە لە دەوروبەری وەردەگرێتەوە. کەم نین ئەو ژنانەی کە ئێستەش پێیان وایە پێویستە بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ هاوسەر و خێزانەکانیان هەڵ بکەن و پێشێلکارییەکانی قبوڵ بکەن تا نەکا باری دارایی و ماڵ و حاڵیان بشێوێ و لە برسانی تووشی هەموو شتێک بن.

ئەو ژنەی خاوەن داهات و کاری دیاری خۆیەتی، چووەتە ناو سیستەمی داراییی وڵات و دەوروبەری زیاتر بیر لەوە دەکاتەوە لەگەڵیدا بگونجێ نەک هەوڵی چەوساندنی بدا. واتا باری دارایی هۆکاری یەکەمی هەموو سەربەخۆییەکانە و ژنی فێمێنیستیش واتا ژنی سەربەخۆ... کاتێک ژن سەربەخۆی ئابووری هەبوو کەمتر پشت بە دەروبەری دەبەستێ..پیاو کە باسی ژنەکەی دەکا دەڵێ « بەخێوی دەکەم و ژنی خۆمە ئەوە لە کلتووری ئێمەدا بووەتە سەرەتان» ژنی خاوەن پوڵ و دارایی رێگە بە پیاوەکان نادەن بەناوی پاڵپشتی دارایی بیان چەو سێننەوە، پوڵ= دەسەڵات...ژنی خاوەن پارەش- ژنی خاوەن دەسەڵات..

٦. بەستنەوەی کێشەکانی پیاو بە ژن/ پیاوانیش وەک ژنان کێشەی خۆیان هەیە کە خۆیان پێیان وایە پێوەندییان بە ژنەوە نیە، بەڵام وا نیە. ژن دەرفەتێکی باشی هەیە تا بتوانێ خۆی بکاتە بەشێک لە کێشەکانی پیاو تا دواجار وەک پێکهاتەیەک لە هەموو کۆمەڵگەکەی وەربگیرێ. بۆ نموونە، کاتێک ژن و مێردێک لە یەکتری جیا دەبنەوە، زۆربەمان راستەوخۆ ژنەکە بە شکست خواردوو و زەرمەند دەبینین و پێمان وایە کە ئەو ژنە تووشی گێژاو بووە و زۆر بەکەمی بە مێشکماندا دێ کە هاوکات پیاوێکیش لەو کێشەیەدا کۆمەڵێک زیانی پێ دەگا، وەک ئەوەی باری ژیانی دەشێوێ

**ژن وەک تاکێکی خاوەنی ئابووریی سەربەخۆ دابینکردنی ئەو لایەنە راستەوخۆ وزەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە ژن دەدا کە بنەمای فێمینیزمە. کاتێک ئەو دەرفەتە بڕەخسێ کە ژن بتوانێ خاوەنی داهاتی یاسایی و مەشرووعی خۆی بێ، بوێرانەتر بڕیار لەسەر شتەکانی تری دەدا و دەرفەتی چەوساندنەوە لە دەوروبەری وەردەگرێتەوە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بەرنامەکانی تێک دەچن.

کاری ئێمە بەستنەوەی ئەو دوو کێشەیە تا دواجار بتوانین ئەو پەیامە بچەسپێنین کە ئەگەر پیاوێک مافەکانی ژن پێشێل بکا و بەسووکی سەیریان بکا، ئەوە دواجار خودی پیاوەکەش بێ زیان نابێ.

٧. ئاشکراکردن و نەهێشتنی داب و نەریتە نەشیاوەکان/ ئەوانەی ژن دەچەوسێننەوە خۆیان کەسانی خراپ نین، بەڵام بیانوویەکیان هەیە و دەڵێن بەپێی ئەو داب و نەریتیە دەبێ بچەوسێیەوە! بۆ نموونە، ئەو براگەورەی هێرش دەکاتە سەر خوشکەکەی بەو بیانوویەی لەگەڵ کەسێکدا دەرچووە، ئامادەیە ئەگەر ئەو رووداوە شکانی خۆی تێدا نەبێ و دادگەی داب و نەریتەکان مەحکووم بە ریسوایی نەکا، واز لە خوشکەکەی بێنێ و لانیکەم بێ دەنگەی لێ بکا. بەڵام پیاوان دەترسن لەوەی ئەو دادگەیە ریسوایان بکا، بۆیە هەموو تاوانێک دەکەن بۆ ئەوەی تۆمەتێک بشارنەوە!

کاری ئێمە ریشەکێشکردنی ئەو بەشە لە داب و نەریتە کۆنانەی کوردییە کە پێی وایە ژن هەر بۆ پیاو دروست بووە و دەبێ مەمنوون بێ پیاو لێی توورە نەبێ.

٨. ئاین/ لەو بەشەدا تکا دەکەم با دین وەک سەربەخۆییەکی هەموو مرۆڤەکان و لەوانەش ژن قبووڵ بکەین، چونکە تا ئێستە کێشەی هەموو مرۆڤایەتی و هەوێنی هەموو کێشەکانە و بەدڵنیاییەوە پرسی ناسک و هەستیاری ژن بەرگەی ئەو بارە قورسەی ئاین ناگرێ.

بەکورتی دەتوانم بڵێم تا لە بەندی دین دەرنەچین و دین و ئاین وەک پرسێکی ژیانی تایبەتی خۆمان وەرنەگرین، نەک مافی ژن بەڵکوو پێمان ناکرێ باسی مافی مرۆڤیش بکەین.با ژن وەک هەر تاکێکی تر ئازاد بەرامبەر دین ببینرێ ئەو مەسەلەیە وەک ئازادیی شەخسی بمێنێتەوە..ژنی موسڵمان بێ یان نا کێشەی خۆیەتی.جلوبەرگ و هاتوچۆ و سەرجەم ئازادییەکانی دیکە کە دین خۆی لێ بەرپرس دەزانێ..مافی ژنە ئازاد بێ تێیدا.. واتا ژن نەبێتە خۆراکی کۆمەڵگە..

٩. راگەیاندن/ کەناڵەکانی راگەیاندن سەکۆی هەموو ئەوانەن کە پێیان وایە دەبێ جیهان گوێیان لێ بگرێ و ئەوە سەلمێنراوە. نووسینی بۆچوون و راپۆرت و روانگە بۆ رۆشنبیرکردنی زیاتری دەوروبەر، رەمزی چوونە ناو هزری ئەو کۆمەڵگەیە کە داوای لێ دەکەین وەک خۆمان وەرمان

**کاری ئێمە ریشەکێشکردنی ئەو بەشە لە داب و نەریتە کۆنانەی کوردییە کە پێی وایە ژن هەر بۆ پیاو دروست بووە و دەبێ مەمنوون بێ پیاو لێی توورە نەبێ**

بگرێ. کاتێک لەسەر مافی ژن لە ئەمەریکا دەنووسین، لە راستیدا چاومان لە ژنانی بناری قەندیلە! ئێمە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی ستاندارد لە مافەکانمان ئامادەین ئەزموونی هەموو ئەو وڵات و شوێنانە وەربگرین کە قۆناغی ئێمەیان بڕیوە و ئێستە فێمینیست تێیدا جێگیرە و سەرکەوتووە، دەبێ بەپاڵپشت ئەزموون و نێودەوڵەتیەکان بەرەو ئامانجەکانی ژن لە کۆمەڵگەی خۆمان بڕۆین..

١٠. رێکخراوەکان/ رێکخستنی چالاکییەکانی ژنان بە هەموو جۆرەکانیەوە هۆکارێکی ترە تا تواناکان بخرێنە خزمەت ئامانجێک. نموونەی زیندوومان هەیە کە هیچ هێزێک ناتوانێ بەرگەی داوایەکی رێکخراو بگرێ، چ بگا بەوەی ئەوەی ژنان داوای دەکەن کە قەرزێکە لەلای کۆمەڵگە ماوەتەوە و زۆر دوا کەوتووە.واتا کاری رێکخراوەیی تاکە رێگایە کە دواکانمان تێدا پێشکەش بکەین و لەسەری کار بکەین.کاری رێکخراوەیی هێمای خەباتی مەدەنی و رێگای گەیشتن بەمافەکانە و بە بێ رێکخستنی چالاکی مەدەنی ناتوانی داوان هەبێ..واتا فیمینیزم نوێکردنەوەی سیستم لەسەر ئەساسی دەسەڵاتی یەکسانی ژن و پیاو نەمانی جیاوازیی رەگەزی..

١١. ژنان لە منداڵان جیا بکەنەوە/ کارەساتە کاتێک دەبینین و گوێبیست دەبین منداڵ تا گەورە دەبێ کە قۆناخێکی پڕ ئەستەمە سەر بە ژنە و کاتێک گەورە بوو و هاتە قۆناخی بەرهەم وەک کچ یان کوڕی باوک سەیر دەکرێ. بۆیە من دەڵێم هێنان و تێکەڵکردنی پرسی ژنان و منداڵان بەیەکەوە سووکایەتییە بە هەردووکیان و پێویستە لە ئەدەبیاتی بزووتنەوەی فێمینیستی رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە یەکتری جیا بکرێنەوە تا مافی هەردووکیان دابین بکرێ.

### دەرئەنجام:

ئەوانەی باس کران، بێ گومان دەوڵەمەندکردنی زیاتریان دەوێ و چاوەڕوان دەکرێ چالاکوانانی مافی مرۆڤ، کەسایەتی و هێز و لایەنە سیاسییەکان لە دانانی بەرنامە و پلانی داهاتوویان رەچاوی بکەن. بۆ نموونە روو لە هێزە سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم کە دەتوانم بڵێم تا ئێستە بۆ نیوە کۆمەڵگەی کوردی خەباتیان کردووە و کەمتر ژنیان وەک تاکی سەربەخۆ بینیوە!

مایەی خۆشحاڵییە ئەو تێگەیشتنە لێرە لە سلێمانی بێتە ئاراوە تا ئەگەر حزبەکانی کوردی وڵاتیان رزگار کرد، ئێمەش لانیکەم پەیامی رزگاریمان بۆ ژنان پێی بێ.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# زەروورەتی لێک نزیکبوونەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بۆ کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – سلێمانی**

**سۆهەیلا قادری**



ژنان توێژێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین کە بە درێژایی مێژوو زوڵمیان لێ کراوە و مافیان پێشێل کراوە. ژنانیش لەسەرەتایترین ئازادیەکانیان بێبەش کراون. ڕاستەیەکی حاشا هەڵنگرە ئەو جیاوازی دانانەش کە مرۆڤایەتی دایناوە و بۆتە لەمپەر لە بەردەم ژیانی ژنان، نەیتوانیوە و ناشتوانێ ئەوان نائومید بکا لەوەی کە هەوڵیان نەدابێ و هەوڵ نەدەن کە ئەو جیاوازیانە نەمێنێ و جیهانێکی یەکسان بۆ مرۆڤەکان بێتە ئاراوە.

دەبینین کە چالاکانی ژن و دڵسۆزانی یە کسا نیخو ا ز یی ڕێکخراوەکانی ژنان بە حیزبە سیاسیەکانیشەوە هاتوونە سەر ئەو بڕوایە کە بە بێ بەشداریی ژنان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا سەرکەوتن مسۆگەر نیە. هەربۆیە مەیدانی کار و فکریی ژنان لە هەر هەموویاندا بەرینتر بۆتەوە. بە بێ شک ئەو دەستکەوتەش بەری ڕەنجی ژنان خۆیانە کە بە چالاکی خۆیان و نیشاندانی چالاکیەکانیان ئەو هەلەیان ڕەخساند و کە لە چوارچێوەی حیزبە سیاسیەکاندا جێگە و پێگەی ژنانیش دیار بێ. وەک چۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوو ژنان شان بە شانی پیاوان لە پۆستە هەرە بەرزەکانی ئیداری وڵات دا نەقشیان هەیە. هەر بۆیە ئەم هەنگاوانەی کە لە کورستان و بە تایبەت لە نێو هێزە سیاسیەکان هاتۆتە ئاراوە دەبێ بە شتێکی ئەرێنی چاو لێ بکرێ و بەرەو پێشی بەرین.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری پرسی ژن بکەین و ئاوڕێک لە ئاڵوگۆڕە خێراکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بدەینەوە دەبینین کە ئاڵوگۆڕەکان زۆر خێران و ڕووخان و تێوەگلانی دیکتاتۆڕەکان زۆر بەرچاوە، ئەو دیکتاتۆڕ و دەسەڵاتدارانەی کە ژنان لە نێو چوارچێوەی دەسەڵاتیان دا لەو پەڕی بێبەشی دان، ئێمەی ژنی کورد بۆ بەرەو پێشچوونی هەرچی زیاتری پرسی ژن و دیتنەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ داهاتووی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەرانە، زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیمان بە کۆ دەنگیەک یاخود فیدراسیۆنێکی هاوبەشیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئەم پێویستیەش لە چەند ڕووە جێگەی سەرنجە:

یەکەم: پێویستی و زەروورەتی ئەم کۆ دەنگیە تاوتوێ بکەین بەکردەوە هەموو لایەک هەوڵی بۆ بدەین، نەهێڵین مۆرکی لایەنێک بەسەریەوە زاڵ بێ.

دووهەم: وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کە لە دوای کۆنگرەی دووهەمی ئەم ڕێکخراوە بە کردەوە هەوڵمان بۆ داوە و بە کردەوە کارمان بۆ کردوە. سەردانی نزیک بە تەواوی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بە بێ جیاوازیمان کردوە.

ئێمە لەگەڵ هەموو چالاکانی ژنان بە بێ جیاوازی دانیشتووین( ئەوەی کە دەستمان پێراگەیشتبێ ) و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەروورەتی پێکهێنانی ئەم کۆدەنگیەمان هێناوەتە گۆڕێ و داوامان لێ کردوون کە پلادفۆرمێکی هاوبەش هەموومان کۆ بکاتەوە دوور لە فکری سیاسی و هێزە سیاسیەکان و کارمان سرف پرسی ژنان بێ لە کوردستاندا. ئەو کارەش پێویستی بە لێک تێگەیشتن هەیە کە دەبێ بەردەوام و تاووتوێکردنی ئەم یەک دەنگیە ئەم هەوڵە بە ئاکام بگەیەنین.

سێهەم: وەک سەرکەتنێک بۆ یەککگرتوویی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەشە کردنی بیری لێک تێگەیشتن لە نێوانماندا ئەو هەوڵە لە هەموو لایەوە بەردەوام بێ.

چوارەم: تەنانەت کارێک بکەین کە لە هەرێمی ئازاد کراوی باشووری کوردستان کە ئێمە ئەو هەوڵەشمان داوە و تا ڕادەیەک بە ئەنجامیش گەیشتووین، ئیدارەیەکی هاوبەشمان هەبێ کە ناوی ژووری ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و بە بێ فکری جیاوازی سیاسی تەنیا کار بۆ پێشچوونی مەسەلەی ژنی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بکەین.

پێنجەم: هەوڵ بدەین بۆ شکڵ گرتنی کۆدەنگیمان و دوای شکڵ گرتنی ئەو هاوپێوەندیەی هەموو ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قورس و قایمی و بە هێزێکی زۆرترەوە بەرەورووی هەر گۆڕانکاریەک کە دێتە پێش لە وڵاتەکەمان دا بینەوە و کار بکەین کە لە ئێرانی داهاتوودا ئێمە چیمان بۆ ژنی کورد دەوێ؟

شەشەم: هەوڵ بدرێ کە نیهاد و دامەزراوە مەدەنی زۆرتر بکرێن.

حەوتەم: هەوڵ بدەین کە پرسی ژنی کورد تیئۆری بکرێ و خوێندنەوەی بۆ بکرێ تا خوێندنەوە بۆ کێشەکان نەکرێ خاڵە لاوازەکانی دەستنیشان نەکرێ ڕێگە چارە گونجاو نادۆزرێتەوە.



**هەوڵ بدەین کە پرسی ژنی کورد تێئۆری بکرێ و خوێندنەوەی بۆ بکرێ تا خوێندنەوە بۆ کێشەکان نەکرێ خاڵە لاوازەکانی دەستنیشان نەکرێ ڕێگە چارە گونجاو نادۆزرێتەوە**

هەشتەم: ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم کێشەیە کە داب و نەریتی دواکەتووانەی کۆمەڵگایە دەبێ خاشە بڕ بکرێ . هەروەها هەوڵ بدەین ئەو کۆت و بەندانەی کە داب و نەریت خستوویەتە پێی ژنان لەبەین بچن.

نۆیەم: هەوڵ بدرێ یاسا گەلێک بچەسپێ لە داهاتووی وڵاتەکەماندا کە دژی ژن نەبێ، یاساکان لە سەر عورفی مرۆڤایەتی دابندرێن نەک لەسەر بنچینەکانی دینی ئیسلام یان هەر ئایینێکی دیکە. یاسای باری کەسێتی وا دابنرێ کە ژن وەک مرۆڤێکی پلە دوو سەیری نەکرێ هەر مافێک لە هەر بوارێکەوە بە پیاوێک بدرێ بە ژنێکیش بدرێ و پێی ڕەوا ببیندرێ.

دوا قۆناغی ئێمە لەم هەوڵەماندا کارکردنی بە یەک هەنگاوە بۆ دەستەبەر کردنی هەموو ماف و ئازادیەکانی ژنان بە تایبەت لە کوردستان بۆ جارێکی دیکەش ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ئەگەر بێت هەرکام لە ڕوانگەی حیزبەکەی خۆمان و دەست بە عەسا ئەم هەوڵە بدەین و هەنگاو بنێین دوای سەرکەوتنی نەتەوەکەشمان ژنان دەبێ بەردەوام بن لە خەباتێکی سەخت بۆ وەدەستهێنانی ئازادیەکانیان.

دەکرێ لێرەوە لەو کۆنفرانسە بەرینەدا کە بەشێکی زۆر لە ژنانی چالاک لە هێزە سیاسیە ڕۆژهەڵاتیەکان و کەسایەتیە سەربەخۆکانی چالاکی ژنی تێدایە ئەوە بە ئاگاداری بگەیەنم کە ئێمە وەک ژنانی چالاک لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەکەمان کە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانە هیچ بەربەستێک لە بەردەم خۆمان نابینین کە ببێتە کێشە بۆ چالاکیەکانمان کە کێشەی ڕەوای ژنانە. لەو بوارەشەوە بە مەسئوولیەتەوە ڕادەگەیەنم کە هەر بڕیارێک کە بە قازانجی ژنی کورد بدرێ و ببێتە هەوێنی لێک تێ گەیشتن و بە ئاکام گەیشتن هەر لێرەوە بڕیاری لەسەر دەدەین و پشتی دەگرین.

بە هیوای دەستەبەر بوونی هەموو ئازادیەکانی ژنان و سەرکەوتن بۆ یەکەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیوادارم ئەمە یەکەم هەنگا و دوا هەنگاو نەبێ لە نێو چالاکانی ژنانی کورد دا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ماددە هۆشبەرەکان و خووگرتن لە ئاستی ناوەنددا

عیسمەت نستانی

ماددەهۆشبەرەکان هەڕەشەیەکی ستراتیجی و فرە رەهەندە کە نەتەنیا ئاسایشی تاک، بەڵکوو ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی کۆمەڵگا دەخاتە مەترسییەوە. ئەو کێشە کۆمەڵایەتییە، کاری کردۆتە سەر تاکەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی توێژی گەنجان و لاوان کە ژمارەیان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بوون دایە، هاوکات لە گەڵ کێشە کۆمەڵایەتییە کانی دیکەی وەک (تەڵاق، خۆکوژی، لادانی سێکسی، هەڵاتن لە ماڵەوە و.. هتد، بۆتە هەڕەشەیەک کە بونیادی کۆمەڵایەتی بەرەو هەڵتەکاندن بردووە. ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە وای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە، وەک تاوانێکی رێکخراو بیناسێنێت وچەندین پەیماننامەو پرتوکۆڵی هەمە جۆر بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو بەڵاماڵوێرانکەرەیە دەربکا. ئێستا تەنگژەی ماددە هۆشبەرەکان، بۆتە بەیەکێک لە تەنگژەو پرسە جیهانییەکانی وەک (تەنگژەی لە ناوچوونی ژینگە، هەڕەشەی ئەتۆمی، تەنگژەی هەژاری)، بەڵام بە هۆی ئەو سوودەی وڵاتانی بەرهەمهێن ودابەشکەر وەدەستیان دەکەوێ، بۆتە جێگەی دڵدەدانی دەسەڵاتە جیهانگەرەکان، بە شێوەیەک لەدوای چەک و نەوت، بۆتە سێیەمین بازرگانی و ساڵانە داهاتەکەی زیاتر لە ۷۰۰ ملیارد دۆلارە.

ماددە هۆشبەرەکان لە رووی زەمانەوانی، پزیشکی، شەریعەتی ئیسلامی ونەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەو شێوەیە پێناسە کراون :

لەرووی زەمانەوانیەوە: بریتی یە لەو ماددەییە کە بە هۆیەوە تاک تووشی بێهۆشی و سڕبوونەوە و هەست نەکردن بە شتی دەوروو بەر دەبێ.

لەرووی پزیشکییەوە: بریتییە لەو ماددەیە کە کاردەکاتە سەر کۆ ئەندامی دەماری تاک کە دەبێتە هۆی گۆڕان بەسەر هەندێ ئەندامی جەستەی مرۆڤ کە ناتوانێ بە ئەرکی خۆی هەڵبستێ کە پێی دەگوترێ (کاریگەری فیزیۆلوژی). هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕان لە هەندێ لە تواناکانی بە هۆی کار تێکردن لەسەر کۆ ئەندامی دەماری، وەکو هەستکردن، قسەکردن، بیرکرنەوە، خەیاڵکردن و.. هتد.

لە رووی شەریعەتی ئیسلامی: زۆربەی زانایانی ئیسلام بەپشت بەستن بە بنەمای پێوانە کردن، واتە پێوانە کردن لە سەر مەی پێیان وایە ماددە هۆشبەرەکان بەهەموو چەشن و پێکهاتەکانییەوە حەرامێکی ئاشکرایە.

پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بریتییە لە: هەموو ئەو ماددە خاوانە یان دروستکراوانە کە کاتێ بەکار ببردرێ هەڵوەسەو خیاڵ یاخود ئارامی و خەو دەهێنێ، نەک بۆ مەبەستی پزیشکی یان پیشە سازی دیاریکراو، کە دەبێتە حاڵەتی گەڕانەوە و دووبارە خوو پێوە گرتن بە شێوەیەکی بەردەوام یان کاتێ زیان دەگەیەنێتە تاک و کۆمەڵگا هەم لەرووی جەستەیی و هەم دەروونی وکۆمەڵایەتی یەوە.

هۆکاری خوو گرتن و بەکار هێنانی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاستی ووردوو قەبە و ناوەند دایە. ئاستی ناوەند ئەو ئاستەیە کە پەیوەندی لەنێوان ئاستی وورد کە پەیوەندی بەتاکەوە و ئاستی قەبە کە پەیوەستە بە بونیادی کۆمەڵگاوە. لە ئاستی ناوەندا پشت بەو هۆکارانە دەبەسترێ کە لە بونیادی کۆمەڵایەتی تاک، نە لە ئاستی وورد و نە لە ئاستی قەبەدان، وەکوو خێزان، گروپی هاوتەمەنەکان، خوێندنگا وقوتابخانە و ئامرازەکانی راگەیاندن و پێوەندییە جەماوەرییەکان. کە لێرەدا ئیشارەیەکی کورت بە هەریەکەیان دەکەین:

« خێزان «: بە هۆکاری سەرەکی لەو خوو گرتنە لەئاستی ناوەندا دادەنرێ، چونکە پێوەندییەکان و نموونەکانی رەفتاری خێزان رۆڵێکی سەرەکی لە پاڵنانی تاکەکان بۆ بەکار هێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەگێرن. بە پێی ئەو توێژینەوانەی لە وڵاتە جیا جیاکانی جیهان کراون نیشان دەدەن کە زۆربەی تاکە خووە گرتووەکان سەر بەو خێزانانەن کە لە یەکتری ترازاون یان خێزانی ناسەقامگیرو ژینگەیەکی نا ئارامیان بووە.

«برە نساید» وهاوکارانی پێیان وایە لە یەکترازانی خێزان توانای نەوجەوانان ولاوان بۆ گونجان لە گەڵ پاڵە پەستۆکانی دەروونی کەم دەکاتەوە، ئەوەش وا لە لاوان دەکا کە پەنا بەرنە بە ماددە هۆشبەرەکان.

د.مچللومان لە ئەنجامی چاو پێکەوتن لە گەڵ ۲۱۰۵ خوو گرتوو بە ماددە هۆشبەرەکان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ۲۲ ٪ لە تاکەکانی نموونە بە هۆی هۆکاری خێزانییەوە،





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واتە لە ئەنجامی شەر و ململانێ لە ناو خێزان وکاریگەری دایک وباوک لەسەر منداڵان روویان لە مادده هۆشبەرەکان کردوە. بەشێوەیەکی گشتی چەندین هۆکار لە رەهەندی خێزانی دەتوانن بوار برەخسێنن بۆ خووگرتنی منداڵان به مادده هۆشبەرەکان، وەکوو خێزانی بایۆلۆژی یا ژیانی کەمەبەست لەو خێزانانە ئەو خێزانانەن کە مشروعیەتی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەڵام ناتوانن بە شێوەیەکی پێویست سەرپەرستی منداڵەکانیان بگرنە ئەستۆ، پێوەندییان تەنیا بایۆلۆژیە و منداڵیان تەنیا لە خوێنیان پێکهاتووە، بەڵام لە بەرامبەریان کەمتەرخەم دەبن. ئەو منداڵانە لە شەقام و کۆڵانەکانی شارەکاندا خەریکی سواڵکردن یان بەرەڵایی دەبن. بوونی پێوەندی ناتەندروست لە نێو خێزان دا بە تایبەتی دایک و باوک، ژن ومێرد، هەروها نائارامی ژینگەی خێزان هۆکاری تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکانن.

«لوکاف»پێی وایە ئەو نەوجەوانانەی لە باوانیان ماددەی هۆشبەری وەک ئەلکهولیەکان، ئارامبەخش، جگەرە یان هێور کەرەوە بەکار دەهێنن لە لاوانی دیکە زیاتر تووشی حەشیش، ئەلکهول وماددەی دیکەی هۆشبەر دەبن. دیارە هۆکاری رەگەزیش لەو نێوەدا دەور دەبینێ، بە پێی لێکۆڵینەوە و ئامارەکان، ژنان لە پیاوان کەمتر تووشی ماددەی هۆشبەره دەبن، بەڵام ئاسەواری نیگەتیفی خوو پێوەگرتنی ژنان بەهێزترە لە پیاوان. دیارە ژن و پیاو بە هۆی هاودەمی کردن لە نزیکەوە و بەردەوام بوون لەسەری زیاتر لە بەردەم هەرەشەدان بۆ تووشبوون. زۆر جار هاوسەری خوو گرتوو بە ماددەی هۆشبەر بە بیانووی جۆراوجۆر دەیهەوێ هاوسەرەکەی ئاڵودە بکا بۆ ئەوەی پێشگیری لە سەر کۆنە و جیابوونەوە و جێهێشتنی بکا.

ناهاوسەنگی لە پەروەردەکردنی لایەنەکانی سۆزی منداڵان و لاوازی و کەمی ئاستی سۆز وخۆشەویستی نێوان منداڵان ودایک و باوک، نەبوونی پێوەندیەکی بەتیین وگەرم، هەروەها بە پێچەوانەوە زێدە رۆیی لە میهربانی و کەمتەرخەمی لە ئەمر و نهی و چاوپۆشی و نەبوونی سەر کۆنەو ...هتد رێخۆشکەرن لەبەردەم تووش بوون بە ماددەی هۆشبەر. دایکو باوکی خوو گرتوو لە چەند رێگە ئەندامانی خێزانەکەیان تووشی ماددەی هۆشبەر دەکەن، وەک لە رێگەی پێدانی ئەومادەیە، لە رێگەی گوێ نەدان و دوور نەخستنەوەی ئەندامەکانی خێزان لەو ژینگە ئاڵۆزەی کە دروستیان کردوە، کە لە ئاکام دا خوو بەو ژینگەیە دەگرن و وورده وورده هان دەدرێن کە ئەوماددانە بەکار بهێنن.

«گرووپی هاوتەمەنەکان» : هۆکارێکی دیکە لەئاستی ناوەند بۆ تووش بوون بە مادده هۆشبەرەکان بەتایبەت لەنێو نەوجەوانان و گەنجاندا گرووپی هاوتەمەنەکانن، کاتێ منداڵ دەگاتە ئەو تەمەنە تارادەیەک کاریگەری خێزان لە سەری کەم دەبێتەوە و زیاتر دەکەونە ژێر ژینگەی کۆمەڵایەتی وشوێنی نیشتەجێبوون و گرووپە هاوتەمەنەکانیان، کە ئەو گرووپانە لە تیپی یاری کردن، لە کۆڵان وناوچە جیاوازەکانی شار وگوند، یان لە ناو خزمان وبنەماڵە، لە زانکۆ و خوێندنگاکاندا خۆی دەبینێتەوە. ئەندامانی ئەو گرووپانە لەرووی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵایەتی تارادەیەک له یەکتری نزیکترن و تارادەیەک بۆچوونی یەکتریان قەبووڵە ودەیان هەوێ وەکوو یەکتری وابن، بۆیە کاریگەری تووشبوون بەماددەی هۆشبەر له نێو ئەو گرووپەدا زیاترە.

بەپێی توێژینەوەو بۆ چوونی زانایان گرووپە هاوتەمەنەکان هۆکاری سەرەکی له تووشبوون به مادده هۆشبەرەکانن. بەپێی ئەو توێژینەوەی کە» سیگۆل» له سەر ۱۵۰۰ قوتابی تەمەن۷ بۆ۱۲ ساڵی له ئالاسکا کردوویەتی بۆ روو کردن له مادده هۆشبەرەکان، سێ پاڵنەری هەڵبژاردووە که یەکێک له وپاڵنەرانە بوونە ئەندام له گرووپی هاوتەمەنەکانە.

## ناهاوسەنگی لە پەروەردە کردنی لایەنەکانی سۆزی منداڵان و لاوازی و کەمی ئاستی سۆز و خۆشەویستی نێوان منداڵان ودایک و باوک، نەبوونی پێوەندیەکی بەتیین و گەرم، هەروەها بە پێچەوانەوە زێدە ڕۆیی لە میهربانی و کەمتەرخەمی لە ئەمر و نهی و چاوپۆشی و نەبوونی سەر کۆنە و ...هتد ڕێخۆشکەرن لەبەردەم تووش بوون بە ماددەی هۆشبەر

هەروەها «کاپلان» باوەڕی وایە که ئەگەر تاک بەردەوام بکەوێتە بەردەم هەڕەشەو ڕەخنەی ئەوانی دیکە خۆی وەک بێ ڕێزی دێتە بەر چاو، که ئەوە کاریگەری بۆ سەر پێوەندی لەگەڵ هاوتەمەنە تووشبووەکان هەیە و له ئەنجامدا رووەدەکاتە بەکار هێنانی ماددەی هۆشبەر.

«قوتابخانە»:بێجگە له خێزان وگرووپی هاوتەمەنەکان، قوتابخانەش له تووشبوون بەمادده هۆشبەرەکان رۆڵی خۆی دەبینێ. کاتێ قوتابخانە گوێ له داخوازییەکانی قوتابی ناگرێ یان بەرێوە بردنێکی دروست یان کونترۆڵ و چاوەدێری قوتابیان له هاتن و چوون وئامادە بوون و نەبوونیان له قوتابخانە ناکرێ یان زۆر جار سەر پەرشتیاری شارەزا له بواری کێشەی منداڵان و نەوجەوانان له قوتابخانە وخوێندنگاکان به کەمە بەر چاو دەکەوێ.

بەشە ناوخۆیەکانیش لەو بەڵا ماڵ وێرانکەرە بەدوور نین، چونکە تێکەڵە له خوێندکاری جۆراو جۆرو که زۆربەی کاتەکان له گەڵ یەکتردان، تەنانەت لەکاتی دەست به تاڵی وخواردن و نووستن بەتایبەت که له ماڵ دوور دەکەونەوە بواری زیاتریان بۆ خوو گرتن به مادده هۆشبەرەکان زۆرتر دەبێ، ئەوەش له جگەریەکەوە دەست پێی دەکا وله دوایی بەرە بەرە خووگرتن به ئەلکۆل یان تریاک و.. هتد، زیاتر دەبێ.

«راگەیاندن و پەیوەندییە جەماوەرییەکان» :ئەو فاکتەرەش رۆڵێکی سەرەکی دەبینێ له بڵاوکردنەوە بەها وپێوەرە زیانبەخشەکان، ململانێ و هەڕەشەی کلتووری، شەڵەژانی بەهاکانی کۆمەڵگا و تەنانەت شەڵەژانی رفتاری تاکەکان که دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی تاوان ولادان به هەموو جۆرەکانیەوە. نەبوون یاخود کەمی کتێب وگۆڤار و رۆژنامە که بگونجێ له گەڵ پێداویستی تاکەکان له گرووپەکانی تەمەنی جیاوازدا یان به پێچەوانە بوونی فیلم وپرۆگرام وچاپەمەنی که دەتوانێ زیانبەخش وسەر لێشوێنەر بێ، ئەوانە هەمووی لەو هۆکارانەنن که پاڵ به تاکەوە دەنێن بۆتووش بوون به ماددەی هۆشبەرکان.

ئاکام ودەرئەنجام له تووشبوون وخووگرتن به مادده هۆشبەرەکان له ئاستی خێزان(ئاستی ناوەند) زۆر ئاسەواری نیگەتیڤی وەک : تووش بوونی ئەندامانی دیکەی خێزان، تێکچوونی شیرازەی خێزان، سستی و لاوازی کەمبوونەوەی پێوەندییەکان له ناوخێزان، پەروەردە نەکردنی منداڵان له سەر بنەمایەکی دروست، توندو تیژی ودروست کردنی کێشە له خێزان، پابەند نەبوون به بنەماکان وداب و نەریتی خێزان و بەهاکانی، پشت گوێ خستنی ژیان بەگشتی، دابەزینی ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خێزان، هەست به بەر پرسایەتی نەکردنی خێزان له رووی ئابووری کۆمەڵایەتی، خۆکوژی هاوسەران و منداڵان، بەرز بوونەوەی رێژەی جیا بوونەوەی ژن ومێرد، کەم بوونەوە رێژەی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و .. هتد لێ دەکەوێتەوە.

کەواتە: دەتوانیین بڵێین هەمووی ئەو هۆکارانە رۆڵیان هەیە له بە کۆمەڵایەتی بوونی تاک(خێزان، هاورێیەکان، قوتابخانە و راگەیاندن) ئەگەر له هاوکاری و پەیوەندی له گەڵ یەکتردا دژ به یەکتر بوەستنەوە توانای تاک له گونجان له گەڵ ژینگەدا دێنێتە خوارەوە ورازی بوون به بەها و پەیوەندییەکان تێکدەچێ وتاکەکانیش ئامادە دەبن بۆ تووش بوون بەو بەڵا ماڵویرانکەرە.

سەر چاوەکان:

–جامعه شناسی اعتیاد درایران، الهام میر اشتیانی.

–جوانان و اعتیاد ترجم مهشید بهروزی، تهران نشر ساحل.

–آسیب شناسی خانواده.

–هۆکارە کۆمەڵایەتی ودەروونییەکانی تووشبوون به مادده هۆشبەرەکان، نامەی ماستەر له کۆمەڵناسی، فائز ابراهیم محمد، زانکۆی سەلاحەدین.

–جامعەشناسی انحرافات ومسائل جامعەی ایران، د.داور شیخاوەندی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەخەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی دا

**دێدەوانی یەعقوب**

لەگەڵ ئەو راستیە مێژوویەشدا کە وڵاتی ئێران خاوەنی شارستانیەتێکی کۆنە،ئەو بەشەی کوردستانیش کە بە ئێرانەوە لێکنراوە، پشکی خۆی لەو شارستانییەتە دەوڵەمەندە بەرکەوتووە کە بێگومان ئەو مێژووە کۆنەو شارستانییەتە دێرینەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەندێک لایەنی بیرو پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵ هەیە، بە تایبەتی هاتنە پێشەوەو بەشداریی ژنان لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا، بەڵام دیسان ئەگەر لاپەڕەکانی دیرۆکی ئەو بەشەی کوردستان هەڵ بدەینەوە ئەو راستیەمان بۆ دەر دەکەوێت لەگەڵ ئەو مێژوو و شارستانییەتەشدا کە هەرگیز بەقەد ئەو چەند ساڵەی دوایی،ژنان و کچان بەشداریان لە خەباتی رزگاری و نەتەوەیی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد نەبووە .

دیارە لەمێژووی رۆژهەڵاتی کوردستاندا شۆرش و راپەرین و جووڵانەوەی کوردایەتی زۆر هەبووە،جاچ لە سەردەمی پاشایەتیە یەک لەدوای یەکەکاندابووبێ، یاخود دوای هاتنە سەرکاری کۆماری بەناو ئیسلامی،بەڵام وەک دەبینین لەشۆرشەکان و یاخیبوونەکانی تردا ڕەنگە تاکوو تەرا و بەژمارە بەشداریی ژنان بەدی بکرێ،بۆ نموونە لە یاخی بوونی قەڵای دمدم دا وەک لەبەیتەکاندا هاتووە باسی چوار خانمی ناوقەڵاو نزیکەکانی خانی لەپ زێرین دەکات وەکو هاندەرو خۆراگر ناویان هاتووە و لە شۆرشی سمکۆی شکاکیشدا دیسان چەند ژنێک لە خانەوادەی سمکۆ بەناوەکانی گولزارو موعتەبەر بەشداریان بووە،لە یاخی بوونی جەوهەرئاغای شکاکیشدا بەهەمان شێوە یە وناوی گوڵێ هاتووە لە حومرانیەتی میرنیشینی ئەردەڵانیش ژمارەی ژنانی بنەماڵە هەن وەکوو مەستوورەخانم کە بە رۆڵی خۆی لە نووسین و دانانی شیعر ناودێرە. لەیاخیبوونی کوردانەی قەدەم خێریش زیاتر خۆی ناوی هاتووە لە جوڵانەوەکەدا.

بەڵام لەشۆرشی دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دا دەبینین جگە لەو ژنانەی لەگوندەکان و ناوچەرزگار کراوەکانی ئەودەم و ئەو شوێنانەی مەودای خەباتی

**بەجۆرێک ئەمڕۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەرجەم کایەکانی خەباتدا لە پێشمەرگایەتی بیگرە تا دەگاتە ڕێکخراوە و ڕاگەیاندن وکەرتی تەندروستی و ئیدارەدان و خوول بینین و کادیری و ڕاهێنانەکان بەشداریان هەیە**

پێشمەرگەبوون رۆڵی خۆیان هەبووە،لەکاتی گواستنەوەی بنکەو بارەگاکان و جێگۆرکێی هێزی پێشمەرگەو ئاودیو بوونیان بۆئەودیوی باشووری کوردستان و دەربەدەری و ئاوارەبوونی خەباتکاران و ئاوارە بوون بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا ژنان هاوشانی پیاوان بوون و بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو بەشداریان کردووە .

بەجۆرێک ئەمڕۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەرجەم کایەکانی خەباتدا لە پێشمەرگایەتی بیگرە تا دەگاتە ڕێکخراوە و ڕاگەیاندن وکەرتی تەندروستی و ئیدارەدان و خول بینین و کادیری و ڕاهێنانەکان بەشداریان هەیە .

ئەوەش وایکردووە ئەو قۆناغەی خەبات تەواوکاری هەردوو ڕەگەزەکە بێت .

دەشکرێ لەوقۆناغەی خەبات دا بڕوانینە قۆناغی دواتر، واتا قۆناغی رزگاری، واتا دەکرێ زیاتر گەشبین بین بۆ قۆناغی داهاتووی رزگاربوون، چونکە لەلایەک وەک گوتمان خەباتەکە هاوبەشە لاسەنگ نیە، لە لایەکیتریش لە قۆناغی ڕزگاری و ئیدارەدان و حکومداریەتیدا، دیسان ژنان و کچانی خەباتکارو بەشداربوو و ماندووی کاروانی شۆرش، دەتوانن رۆلی خۆیان ببینن و ئەوەی بەرەنجی خوێن و خەبات بەدەستیان هێناوە پارێزگاری لێ بکەن و وابکەن دانیشتووانی ئەو کاتی رزگاری لەژێر سێبەرەکەی دا بحەسێنەوە .

لە لایەکیتریش هەر ئەو بەشدارییە بەرچاوەی ژنانی رۆژهەڵات لەخەباتی رزگاریدا، لە کاتی رزگاربووندا وادەکات دیسان ژنان زۆر بێمنەتانە و وەک دروێنەی بەری ڕەنجی خۆیان و هاوسەرو کورو کەس و کاریان رۆڵیان لەو رۆژگارەی رزگاری دا هەبێ .

بۆیە کاتێک لە ئێستای رادەو رێژەی بەشداریی کیژان و ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوانین، ئاسۆی بەدیهاتنی خواست و ماف و دەستکەوتەکانیش نزیکتر دێنەبەرچاو بۆ ژنانی رۆژ هەڵات .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناسیۆنالیزم و فۆڕم گرتنی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان

ن: مطلب مطلبی

و: سەید جەلال ساڵحی

ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی مێژوویی‌یە، واتە دەکرێ سەرەتایەکی بۆ دیاری بکەین. مارکس، ناسیۆنالیزم لە پێوەندی لە گەڵ بازاڕ یانی وەبەرهێنان و دابەش کردنێکی بەر فرەوان دادەنێ و بە بەرهەمی بورژوازی واتە سەرمایەداری دەزانێ و باوەڕی وایە کە لە شوێنێک بازاڕ نەبوو ناسیۆنالیزمیش نیە، یانی بورژوازی بە پێی پێویستیی وەبەرهێنان بۆ بەکاربردنی سەرمایە و بەرهەمهێنانی خۆی خوازیاری ئەمنییەت و مافی یەکسانە، هەر بۆیە خوازیاری سنوورگەلێکی بەربلاوتر لە سنوورەکانی سەردەمی فێئۆدالیتەیە و هەروەها سنوورگەلێکی بەرچاوتر و دەقیقتر لە ئیمپراتۆریەکان، کە هەرکام لەمانە خاوەن سیاسەتگەلێکی نادیارو دڵخوازانەی ماڵیاتین. هەوڵدان بۆ دەسەڵاتداریەتییەک بە ئەمنییەت و مافگەلێکی یەکسان لە ڕوانگەی ئابووری، بازاڕ و بە هۆی ئاکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی ناسیۆنالیزم پێک دێنێ.(کاتم، ۱۳۷۳دە). ناسیۆنالیزم لە ئوروپا لە ڕاستای گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنەکان لە بوارەکانی زەینی و پراکتیکی دابووە و هزرڤان و بیرمەندانیش هەرکامێکیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە لێکیان دەدایەوە، بەڵام هاتنی ناسیۆنالیزم بۆ وڵاتانی جیهانی سێهەم، دوور لە هزری نوێ بوونەوەو پێداویستییەکانی بوو و بێ گومان ئێرانیش لەم قاعیدە هەڵ نەوێردرا، هەر چەند یارمەتی لە ڕابردووەکانی مێژووەکەی وەرگرت، بەڵام زیاتر کەوتە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی هاتنی جیهانی ناسیۆنالیزم بۆ وڵاتانی دەرەوەی ناوەندی ئوروپا کە زیاتر چەمکێک و کالایەکی هاوردەیی بوون کە دواتر هەوڵدرا بە شێوەی دەستکرد هاوشێوەگەلێکی بۆ پێک بێنن (کاتم، ۱۳۷۳دە). فۆڕم گرتنی نەتەوەکان لە ڕۆژئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ دوای شۆڕشی فەڕانسە لەساڵی (۱۷۸۹)، بەڵام لە شوێنەکانی‌تری وەک ئەفریقا، ئامریکای لاتین و...، کە نەتەوەی دەرەکی‌یان تێکەڵ نەبوون، بەدوای فەوتانی کۆلۆنیالیزمی کۆن، وڵاتی ڕۆژئاوای ئوروپا وەک نموونەی فۆڕمی نەتەوە دیاری کرا و وڵاتانێک پێک هاتن کە هیچ جۆرە هاوچەشنی‌یەکیان لە گەڵ جوغرافیای قەومییەتی و نەتەوەیی‌دا نەبوون و تەنیا بە پێی دابەش کردنەکانی کۆلۆنیالیزمی پێشوو پێک هاتن، ئەو وڵاتانەی بەم شێوەیە فۆڕمیان گرت، شێوەی وڵاتگەلێکی مودێرن و پێشکەوتوویان لە ناوەنددا قەبووڵ و وەئەستۆ گرت، بەڵام تەنانەت هیچ جۆرە مافێکی کەمایەتییەکانی نێو وڵاتەکەیان چ لە فیدڕالیزم، خۆدگەردانی و، تەنانەت پاراستنی شوناسی کولتووریشیان بۆ ڕەوا نەدین. لەم وڵاتانە کە هەموویان لە ڕابردوودا بە شێوەی کۆلۆنی یا نیوە کۆلۆنی بوون، بەدەستهێنانی سەربەخۆیی وڵاتێکی کۆلۆنی لە ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم‌دا زۆر لەوە ئاسانترە کە کەمایەتییەک بتوانن لە چوارچێوەی هەر ئەو وڵاتە تازە بە سەربەخۆیی گەیشتووەدا بە ئاستێک لە خۆدگەردانییەکی کاریگەر و سوودبەخش بگەن، هەمیشە لە بەرامبەر ئەم داخوازییانەدا کاردانەوەیەکی نەرینی‌یان بووە. (ژرار شالیان لە پێشەکییەک لە سەر کتێبی کوردەکان، کەنداڵ و کەسانی‌تر، ۱۳۷۹،۳۲). کۆلۆنیالیزم خوازەکان بە مەبەستی (ئاژاوەو دووبەرەکی بنێرەوەو حکومەت بکە) لە ماوەی سەردەمی کۆلۆنیالیزمی خۆیان‌دا قەومێکیان لە قەومێکی‌تر پێ باشتر بووەو دوای سەردەمی سەربەخۆییش هەر درێژەیان بەو سیاسەتە دا و لە ئاکامدا ناوچەگەرایی یا بە واتایەکی‌تر دنەی قەوم پەرستی‌یان دەدا. ئەگەر سەرنجێکی ڕواڵەتی بەو وڵاتانەی کە لە دایک بووی کۆلۆنیالیزمن و چەندین قەومییەت و نەتەوەیان لەخۆ گرتووە بدەین، باشترمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. فۆڕم گرتنی دەوڵەتانی سانترالیزە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە نێوان سەدەی بیستەمدا لە گەڵ داخوازییەکانی ناسیۆنالیزم سازگاریان نەبووە، بە واتایەکی تر بڕۆکراسی پێکهاتووی ئەم دەوڵەتانە فرەچەشنی قەومییەتی و نەتەوەیی یان لەبەرچاو نەگرت و سیستەمی سیاسی¬یان بە قازانجی گرووپی باڵادەست و دەسەڵاتدار داڕشت و بنیات ناوە، هەر بۆیە کەمایەتییەکانی تر سوور بوون لەسەر ئەوەی کە لە گەڵ گرووپی دەسەڵاتداردا بە شەڕ بێن و خەبات بکەن.(انتصار،ص۷۷). تا بەر لە فۆڕم گرتنی دەوڵەتی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە ئێراندا، میرنشینەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان خاوەن توانا و دەسەڵاتی تام بوون و جۆرێک خۆدگەردانی یان بوو کە دەوڵەتی ناوەندی کارێکی ئەوتۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ یانەوە نەبوو و دەخالەتی لە کاروباریانی نەدەکرد بە تایبەتی ناوچە سنوورییەکان کە بە هۆی میراتییەوە لە ژێر دەسەڵاتی حاکمانی ناوچەییدا بوون و خاوەن ڕێکخستن و هێزگەلێکی چەکداری ڕێک و پێک یان ناڕێک و پێک بوون و جۆری نامەنووسین و پێوەندییەکانیان لە گەڵ دەوڵەتانی دەرەوەو دەوڵەتی ناوەندی بە جۆرێک بوو کە ئینگار دەوڵەتێکی سەربەخۆن. لە وێنەی ئەم میرنشینانە دەکرێ ئازەربایجان، کوردستان، خوزستان و .. هتد، ناو بەرین.(ئەحمەدی، ١٣٨٣،١٨٩).

هاتنی ناسیۆنالیزم بۆ ئێران و وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناقین پێگەی ئەم گرووپانەی خستە مەترسییەوە و تووشی ئاڵۆزی و شێواوی کردن. لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا قەبووڵ کردنی ناسیۆنالیزم تەنانەت لە گەڵ بایەخەکانی لیبراڵیش لە هەوڵی توانەوەی کەمایەتییەکان و وەدەرنانیان لە حاڵەتی خۆدگەردانیدان و ئەو ناسیۆنالیزمەش کە خاوەن بایەخە لیبراڵییەکان نیە تەنانەت ئەم جۆرە هەڵس و کەوت و مامەڵەیەشی نیە و زوڵمیش لە کەمایەتییەکان دەکا. ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کە هەن لە گەڵ بەرتەسک کردنەوەی واتای نەتەوەخوازی حاکم نەیان توانیوە ببنە هۆی لەبیر بردنەوەی جۆرێکی دیکە لە نەتەوەخوازی، واتە نەتەوەخوازیی ڕەخنەگرانە و داخوازی یانە. بە کوردەکان کە زۆر جار بە نەتەوەو گەلێ جاریش بە قەومیان ناو دەبەن، لە هەوڵی وەدەستهێنانی سەروەری نەتەوەیی دان. دەوڵەتەکان لە هەڵس و کەوت لە گەڵ ئەم جۆرە گرووپانەدا حاڵەتێکی خۆپارێزیان هەیە، واتە خۆیان دەخەنە حاڵەتی بەرگرییەوەو ڕەقیبەکانیان بە هێرشبەر، تیرۆریست و .. دەناسێنن و ئەم جۆرە دەوڵەتانە لە بەرامبەر ئەم بزووتنەوانەدا دوو بۆچوونیان هەیە:

یەکەم: ئەوە کە ئەم بزووتنەوانە بە دژی نەتەوەیان دەناسێنن کە دەبنە هۆی لێک جیابوونەوەو کەرت بوونی میللییەتە ڕاستەقینە یا دەستکردەکان.

دووەم: ئەوە کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵە مرۆڤێکی وەک باسکەکان، کوردەکان، خەڵکی باشووری سوودان، ئیرلەندییەکانی باکووری و کەبکەکان هەن کە شایانی ئەوە نین ناوی نەتەوەیان لێ بنێن(رولان برتون).

ناسیۆنالیزم بیر یا مافی پاوان کردنی بۆ هیچ نەتەوەیەک نیە، بەڵکوو تەواوی نەتەوەکان دەتوانن بۆ پاراستنی شوناس و کەسایەتیی مرۆڤی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن و لە ژێر سێبەری دادپەروەریی سیاسی دا، ناسیۆنالیزمی بەرژەوەندی خوازانە(ناسیونالیسم مصلحتی) بە جێگای ناسیۆنالیزمی پاوان و بەرتەسک کراو لە وڵاتە چەند نەتەوەییەکان دا هەڵبژێرن و سەروەری خۆیان وەدەست بێنن. لەو وڵاتانەی کە خاوەن سەرچاوەگەلێکی نەتەوەیی، قەومی و زمانی و بە شێوەیەکی گشتی کولتووری جۆراوجۆرن، وێ دەچێ بە هۆی تێگەیشتنی مێژوویی، سیاسی و ئابووریی و .. هتد، خواستی خۆیان بۆ پاراستنی یەکیەتیی و یەکگرتوویی وڵاتێکی هاوبەش ڕابگەیەنن. لەم وڵاتانەدا گرووپە جۆراوجۆرە فەرهەنگییەکان ناسیۆنالیزمی بەرژەوەندی خوازانە هەڵ دەبژێرن و بە نیسبەت ئەو ناسیۆنالیزمەی هەڵیان بژاردوە هۆگری نیشان دەدەن. ئەم هۆگرییە بەو مانایەیە کە گرووپێک دەسەڵاتدار و گرووپێکیش بەڕێوەبەر نین یا ئەوەی کە بە هۆی ئەم جیاوازی یانەوە هیچ کام لە تاکەکانی ئەم گرووپە جۆراوجۆرانە لە وەئەستۆگرتنی دەسەڵاتە سیادییەکانی وڵات بێبەش ناکرێن، وڵاتی سویس لەم بوارەدا نموونەیەکی زۆر باشە، لە گەڵ ئەوەی شەست و پێنج لەسەدی حەشیمەتەکەی خاوەن زمانی ئەڵمانین، بەڵام زمانە فەڕانسەیی و ئیتالیاییەکان نەکەوتوونە پێگەیەکەوە کە ناچار بکرێن پێڕەوی لە ئەڵمانی زمانەکان کە لە زۆرایەتی دان، بکەن یان ئەوە کە لە وەئەستۆگرتنی دەسەڵاتە سیادییەکانی سویس بێبەش بن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پێکهێنانی ناسیۆنالیزمی بەرژەوەندی خوازانە و جێگیرکردنی یەکیەتی ڕاستەقینە بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دادپەروەریی سیاسی لە کۆمەڵگادا بەستراوەتەوەو لە غەیری ئەم شێوەیەدا دەبێتە هۆی دووڕوویی و نەبوونی یەکیەتی(ابریشمی، ١٣٧٣).

هاتنی ناسیۆنالیزم لە ئورووپای ڕۆژئاوا بۆ ئەو وڵاتانەی کە سەروەریی نەتەوەیی یان بە جێگای دەسەڵاتی خانەدان تێدا حاکمە، دەوڵەتەکان بە هۆی پێشکەوتنەوە بەسەر ژیانی خەڵکدا کاریگەی زۆریان دانا، لەم نێوەدا ئەو وڵاتانەی کە ناسیۆنالیزمی بەرژەوەندی خوازانەیان هەڵ بژارد، توانیان یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن و ئەو وڵاتانەش کە بە جێگای ناسیۆنالیزمی بەرژەوەندی خوازانە ڕوویان لە ناسیۆنالیزمی پاوان خوازانە کردو ئەویان هەڵ بژارد کە پشت ئەستوور بە پێوەندییەکی سیاسیی نەخۆش و سەقەتە، میللییەتەکانی دیکەش خوازیاری مافی سەروەری نەتەوەیی و سەربەخۆیی بوون. ئاغای حەمید ئەحمەدی لە پەرتووکی «قەومییەت و قەوم خوازی لە ئێراندا، ئەفسانە و ڕاستیتی»، سێ هۆکار لە سیاسی بوونی دووبەرەکییە زمانی و قەومییەتییەکان لە ئێراندا بە کاریگەر دادەنێ:

ئەلف: فۆرم گرتنی دەوڵەتی مودێرن لە گەڵ ویستە سانترالیزە خوازی یەکانی.

ب: هەوڵدانی بژاردەکان و ڕۆشنبیران لە خەبات لە گەڵ دەوڵەتی دەسەڵاتخواز.

پ: هێزە نێونەتەوەییەکان هیچ گومانێکیان لەوە کە دەسەڵاتە دەرەکییەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان کەڵک لە هۆگری قەومییەتەکان و میللییەتەکان بۆ پاراستنی شوناسی خۆیان و ویستی کەمایەتی یەکان وەردەگرن، نیە، بەڵام ئەم کارە کاتێک مەیسەر دەبێ کە بوار بۆ ئەم کارە لەبار بێ و ئەم بوارەش لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بە هۆی حاکم نەبوونی دیموکراسی و دادپەروەری لەسەر


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

پێوەندی کەمایەتییەکان و دەوڵەتی ناوەندی بەستێنێکی لەبارە. سەرەتا دەبێ بۆ مەسەلەی کەمایەتییەکان لە چۆنیەتی مامەڵەی حکوومەتەکان دا پەیجۆری بین و هۆکارگەلێکی تر پاش ئەنجامی نادروستی حکوومەت هاتوونە نێو کایەوە.(ابریشمی ١٣٨٥،٢١١).

هەروەک «میروسلاو هروگ»، بەرین بوونەوەی ناسیۆنالیزم بە بارودۆخێکی تایبەت دەزانێ کە «هیچ کات فۆرم گرتنی نەتەوەکان بە گەلاڵەیەکی زێدەخوازانە یان خۆپەسندانە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە نیە»(وەرزنامەی ئیتلاعاتی سیاسی و ئابووری، ش، ٤٤،١١٠،١٠٩).

تا بەر لە فۆرم گرتنی دەوڵەتی مودێرن لە ئێراندا هیچ کام لە قەومییەتەکان شێوازێکی باڵادەست و دەسەڵاتدار نەبوون، بەڵام بە دوای فۆرم گرتنی دەوڵەتی مودێرن بژاردەکانی حکوومەتی کەوتنە بیری پێک هاتنی یەک دەوڵەت ـ یەک نەتەوەو لە هەوڵی زاڵ بوونی فەرهەنگێکی تایبەت بەسەر فەرهەنگەکانی دیکەدا و سووک کردنیان بوون. لەمە بەدواوە بوو کە زۆربەی قەومییەتەکان هەستیان کرد خەڵەتاو و زەرەرمەند بوون و فەرهەنگەکەیان بەرەو لەنێوچوون دەچێ و بە پلان دارشتنێکی ورد و دەقیق لە هەوڵی لەنێوبردن و سووک کردنی دان. بۆچوونی زۆربەی بژاردەکان و پیاوانی حکوومەتی لەسەر ئەو ڕایەن و لە هەوڵی خستنەڕووی وەها بۆچوونێکەوەن کە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی نێوخۆی وڵات بخەنە پاڵ هێزە بێگانەکان و بە پیلان گێرانی ئەوانیان لە قەڵەم بدەن. بەڵام بەوەیان نەزانی بوو کە لە بنەڕەتدا هاتنی ناسیۆنالیزم و فۆرم گرتنی دەوڵەتە تۆتالیتێر و سانترالیستە توندەکان، پیلانی هێزە نێونەتەوەییەکان بوو. لە بنەڕەتدا فۆرم گرتنی دەوڵەتی مودێرن لە ئێراندا لە گەڵ ئامانجی ئیمپریالیزم سازگار بوو و ئەم هێزانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان هاتنە سەرکاری دەوڵەت گەلێکی سانترالیزە بە تایبەتی لە دراوسێیەتی یەکیەتیی سۆڤییەت دا، لە گەڵ سیاسەتەکانیان دەهاتەوەو لە گەڵ خۆراکی فیکری بژاردەکانی بەستراوەو پاڵپشتە ماددییەکانیان و دەست تێوەردانە ئاشکرا و شاراوەکان، ئەوانیان کردنە مۆرەو بەڕێوەبەریی سیاسەتی خۆیان و پێکهاتەی نەریتی ئەم وڵاتانە کە لەسەر بنەمای جۆرە فیدرالیزمێکی سوننەتی بوو، تێکیان دان. لە ئێراندا دەوڵەتی پەهلەوییان هێنایە سەرکار و لە گەڵ پێکهاتنی وڵاتی دەستکردی ئێراق بە بێ سەرنجدان بە جوغرافیای نەتەوەیی و بەڕێوە نەبردنی بنەماکانی ویلسۆن و هەروەها پەیمان نامەی سوور کە بۆ خۆیان دایان ڕشت بوو لە گەڵ ڕووداونی شۆڕشی ئۆکتۆبر و لە شەرەوە وەردانی جیهانی سەرمایەداری لە لایەن کۆمۆنیزمەوە لەبیر خۆیان بردەوە، چونکە کۆنترۆڵ کردنی نیزامە تۆتالیتێرە داندراوەکانیان لە نیزامە دیمۆکراتەکان بە قازانجترە.

بە چاوخشاندنەوەیەک بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە بە تایبەتی کە کۆمەڵگایەکی چەند قەومییەتین، دەبینین کە تەواوی هەم حاکمان و پیاوانی دەوڵەتی ئەم وڵاتانە چ لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای چەپی و ڕاستی و .. هتد، لە هەڵس و کەوت و مامەڵەیان لە گەڵ قەومییەتەکان و ئەو نەتەوانەی نێو وڵاتەکەیان یەک جۆرە پلان و شێوازی یەکسانیان هەیە. دیارە ئەم جۆرە مامەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای وڵاتە نوێیەکان. لە تورکیەدا بەر لە ئەتاتۆرک وەها مامەڵەیەک لە گەڵ قەومییەتەکانی نێو ئیمپراتۆریەکە نەکراوە، هەرچەند دەکرێ ئاماژە بە هێندێک هەڵس و کەوتی جیاواز بە نیسبەت ناموسوڵمانەکانەوە بکەین، بەڵام هیچ کات هەوڵێکی جیددی بۆ سڕینەوەی فەرهەنگ و شوناسیان نەدرا و بە بوێریەوە دەکرێ بڵێین کە تاکوو بەرلە فۆرم گرتنی دەوڵەتی مودێرن لە ئێراندا هیچ قەوم و کولتوورێک زاڵ نەبووە بە واتایەکی دیکە هیچ کام لە قەومییەتەکان هەستیان بە بەزیو و شکست خواردوو نەدەکرد.

هەروەک ئاغای پەرویز موجتەهید زادە، ئێرانییەکان(هخامنشیان) بە یەکەم بەدیهێنەرانی حکوومەت بە شێوەی فیدراڵی دەزانێ تاکوو قەومییەتەکان و ئەو میللییەتانەی کە لە نێو ئیمپراتۆریەکەدا بوون کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن. (مجتهدزاده در مجموعه گفتارها، ٤٥). بەڵام لە گەڵ فۆرم گرتنی دەوڵەتی مودێرن، پیاوانی دەوڵەت گیرۆدەی پاڕادۆکسێکی زانستی و تیۆری بوون، لە لایەکەوە پێشکەوتنی وڵاتیان لە گرەوی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو واتە شوێنەوارخوازی دەزانی و لە هەوڵی دۆزینەوەو بەرهەمهێنانەوەی ئەو شتانەی سەربە ئێرانی بەر لە ئیسلام بوون، بوویانن و لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕاستی یانەی کە لە ئێران بوون لە سیاسەتەکانیان دا وەبەرچاویان نەدەگرتن و لە هەوڵی خرکردنەوەی قەومییەتەکانی نێو ئێرانێ دا بوون.

مجله «ژینو» شمارە ٤ سال ١٣٨٥

سەرچاوەکان:

١: ابریشمی، عبدالله: هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد، تهران، انا، چاپ اول، ١٣٨٥.

٢: .......، نقد و بررسی ناسیونالیسم، تهران، نگارنده، چاپ اول، ١٣٧٣.

٣: احمدی، حمید، قومیت و قوم گرایی در ایران، افسانە و واقعیت، تهران، نی، چاپ چهارم ١٣٨٣.

٤: انتصار، نادر، جنبش ملی گرای کورد.

٥: برتون، رولان، قوم شناسی سیاسی، ناصر فکوهی، تهران، نی، چاپ اول ١٣٨٠.

٦: کاتم، ریچارد، ناسیونالیسم در ایران.

٧: کندال و دیگران، کردها، ابراهیم یونسی، تهران، روزبهان، چاپ سوم ١٣٧٩.

٨: مجموعە گفتارها(همایش علمی هویت ملی، بررسی نقش اقوام) وزارت کشور.

٩: فصلنامە اگلاعات سیاسی و اقتصادی، شمارەهای ١٠٩ ـ ١١٠، مهر و ابان ١٣٧٥.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن و سروشت، ئەفسانەیەکی هەمیشەیی

نووسینی : جانێت بیل
وەرگێڕانی : ئاسۆ عبداللە

ئایا ژنان لە پیاوان زیاتر لایەنگری ژینگە و ژینگە پارێزین؟ ئایا ئەوان پێوەندییەکی تایبەتییان لەگەڵ سروشتدا هەیە و یان خاوەنی روانینێکی باشتر بۆ کێشەکانی ئیکۆلۆژیین؟ لە چەند دەهەی رابردوودا، ژمارەیەک لەو ژنانەی بەخۆیان دەڵێن فێمێنیست وەڵامی ئەرێنییان بەم پرسیارە داوەتەوە.

لەراستیدا ئەم هەڵوێستە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئیکۆلۆژیی مۆدێرن. ساڵی ١٩٦٨، پۆل ئێلریش لە کتێبەکەیدا بەناوی «بۆمبی پی» (١) نووسیبووی کە رەوتی روو لە زیادبوونی حەشیمەتی جیهان زەوی بەرەو نەمان دەبا. هەربۆیە بە بڕوای ناوبراو باشترین کار کە دەتوانین بۆ ئەستێرەکەماگرین. چەند ساڵێک دواتر، فێمێنیستێکی رادیکاڵی فەڕانسەیی بەناوی فرانسواز دۆبۆن سەرنجی دا کە نیوەی خەڵکی دنیا توانای هەڵبژاردنی بژارێکی لەم چەشنەیان نیە چونکە ژنان کۆنترۆڵی منداڵبوونیان ناکەن. ئەمەش بە قسەی ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی پیاوسالاری کە ژنی بە پێخواسی و سکپڕی و زەیستانی دەوێ و هیچی تر.

بەڵام وەک دۆبۆن باسی دەکرد، ژنان دەتوانن و دەبێ داوای ئازادیی بڕیاردان لەسەر منداڵبوون بکەن، ئەمەش لە رێگای دەستڕاگەیشتنی ئاسان بە لەباربردنی جەنین و رێگاکانی پێشگیری لە سکپڕی. بەم جۆرە هەم ژنان ئازاد دەبن و هەم جیهانیش لە مەترسیی زۆری حەشیمەتی رزگاری دێ. دۆبۆن دەنووسێ «یەکەمین ئاکامی پێوەندیی نێوان ئیکۆلۆجی و ئازادیی ژنان ئەوەیە کە ژنان دەبێ کۆنترۆڵی هەڵدانی دیمۆگرافی بگرنە دەست و لە ئەنجامدا کۆنترۆڵی جەستەی خۆیان بگرنەوە دەست». ناوبراو لە کتێبەکەیدا بەناوی «فێمێنیزم یان مەرگ» کە ساڵی ١٩٧٤ بڵاو کرایەوە ئەم بیرۆکەیە بە «ئیکۆفێمێنیزم» ناوزەد دەکا.

داکۆکیکارانی ئەمریکاییی ژینگە قسەکانی دۆبۆنیان بەکار بردەوە بەڵام مانایەکی تریان پێ بەخشی. ئەوان لەبیریان بوو کە نووسەری کتێبی «بەهاری بێدەنگ» (٢) کە لە ساڵی ١٩٦٣ هەوێنی دایە بزووتنەوەی ئیکۆلۆجی ئافرەتێک بوو بەناوی راشێل کارسۆنی. ئەوان سەرنجیان دابوو کە لەمەولا ئەوە ژنان بوون کە سەرکردایەتیی ئەو خۆپێشاندانانەیان دەکرد کە بە دژی ناوەندەکانی وزەی ناوکی یان زبڵ و زاڵە سەمماوییەکان بەڕێوە دەچوون، بۆ نموونە لۆیس گیبس لە لاڤ کەناڵ-ی ویلایەتی نیویۆرک. ەکێک لە نووسەرانی راپۆرتی شوێنەواردانەری «هەڵدان بەسە» (٣) لە ساڵی ١٩٧٢ ژنێک بەناوی دۆنێللا میدۆز. یەکێک لە روخسارە ناسراوەکانی سەوزەکانی ئەڵمانیاش ئافرەتێک بوو بە ناوی پێترا کێلی. لە بریتانیا گروپێک بەناوی «بزووتنەوەی ژنان بۆ ژیان لەسەر عەرز» ئۆردوویەکی ئاشتییان لەسەر بنکەی ئاسمانیی گرینهام کۆمۆن دانا هەتا بە دژی بەکاربردنی مووشەکی دوورهاوێژ لەلایەن رێکخراوی ئەتلانتیکی باکوور (ناتۆ) وە بێزاری دەربڕن.

زۆر لە بەشدارانی ئەو بێزاری دەربڕینە خۆیان وەک ئیکۆفێمێنیست راگەیاند ئەگەرچی دیارە ئەمە هیچ پێوەندیی بە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادیی زاوزێ وە نەبوو. بەڵام هەر ئەو کات ئەو پێوەندییە تایبەتییەی نێوان ژنان و سروشت هەست پێ دەکرا. پێوەندییەک کە تەنانەت لە زمانەکانیشدا هەست پێ دەکرێ. بۆ نموونە لە زمانی فەڕانسەییدا وشەی سروشت و زەوی مێینەن، دارستانێک کە دەستی لێ نەدرابێ بە دارستانی باکیرە ناو دەبرێ، سروشت بە «دایکمان» لە قەڵە دەدرێ، دایکێک کە بێگومان «ئاقڵترینە». وەیان لە وەسفی ژنانیشدا هەروەک لە وەسفی سروشتدا دەڵێن ئەوان سێحربازی وەحشیین.

لە بەرامبەریشدا ئەو هێزانەی کەوا هەوڵ دەدەن «سروشت بێننە ژێر رکێفی خۆیان» و «دەستدرێژی بکەنە سەر زەوی» بریتیین لە زانست و تەکنۆلۆجی و ئەقڵ کە هەر هەموویان پرۆژەگەلێکی پیاوانەن. هەزاران ساڵ پێش ئێستا ئەرەستوو ئەقڵی وەک شتێکی نێرینە پێناسە دەکرد. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ژنان کەمتر توانای بەکاربردنی ئەقڵیان هەبوو و هەربۆیە مرۆڤێکی کەمتر بوون. بەدرێژایی دوو هەزار ساڵی دوایە کەلتووری ئەورووپایی ژنانی وەک کەسانێک کە لە رووی رووناکبیرییەوە خاوەن کەمایەسیین لە قەڵەمدابوو و بە پەیڕەوی لە پێشمەرجەکانی خیلقەت دەستی دابووە هەوڵی دەستداگرتن بەسەر زەویدا. پاشان رووناکبیرانی لومییەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کە ئەمەش هەر پرۆژەیەکی پیاوانە بوو توانیبووی شێوازی نوی بۆ پاساودانی تالانی سروشت بە زانست و تەکنۆلۆجی و کارگەکان بدۆزێتەوە. بەڕێوەبەرانی ئەم وێرانکردنەی ژینگەی پیاوانێک بوون کە سروشتیان لەکۆمەلێک سەرچاوەداکە دەیانتوانی دەریانبێنن و بیانگۆڕن بۆ کەلوپەل و کالا کورت دەکردەوە. وەک فەلسەفەکانی ناسراو بە نیو ئەیج (سەردەمی تازە) و ئێکۆفیمێنیزم (بەتایبەت بیرمەندانی وەک فریجتۆف کارپا و چارلێن سپریێتناکی) نیشانیان داوە (٤)، پرۆژەی لومییەرهکان هەوڵی دەدا وێڕای ستایشی ئەقڵ بەسەر سروشتدا زاڵ بێ و هەربۆیەش دەبووە هۆی وێرانکردنی زەوی.

بەڵام وەک فیمێنیستەکانی ساڵانی حەفتا باسیان دەکرد، ژنان لەو نێوەدا دەستیان پاکە. جیهانیش پێویستیی بەوە هەیە کە لە ئەقلانییەتی وێرانکەری سروشت کەم بکاتەوە. ئەگەر قەرار بێ ئافرەتان لە پیاوان باشتر لە خۆوە هەست بە شتەکان بکەن و لەوانیش عاتیفی تر بن، چ شتێک لەوە باشتر! ڕاست بەو هۆیە ژنان دەرمانی ئەو دەردەن کە جیهان تووشی بووە. بە هۆی ئەوە کە ژنان بەشێوەی سروشتی ئەو هەستەیان تێدایە کە بە ریتمەکانی سروشتەوە گرێ دراون، ئەوان بێ بیرکردنەوە پێکەوە گرێدراویی نێوان سروشت و مرۆڤەکان هەست پێ دەکەن. باشترین ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وێرانبوونی ژینگەش ڕاست ئەو پێوەندییە تایبەتییەیە. بەمجۆرە، شوبەاندنی ئافرەت بە سروشت بۆخۆی دەبێتە پرۆژەیەکی ئەرێنی کە دەبێتە هۆی لە قەڵەمدانی بە پاسەوانی پەیامی ئێکۆلۆجی. ئەم بیرۆکەیە بەتایبەت لە لێکۆڵینەوەکانی دەروونناس کارۆل گیلیگاندا شەرعییەتی وەرگرت. ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو کە گەشە سەندنی ئیخلاقیی تایبەتی بە ژنان ئەوان دەکاتە هەڵگری «ڕەوشتی بەخەمەوە بوونی کەسانی تر (٥) و پێڕاگەیشتنیان (٦). هێندێک نووسەری وەک ماری دالی تەنانەت نووسیان کە سروشت ئێلاهەیەکە کە لە نێو هەناوی هەموو مەخلووقە زیندووەکاندا خۆی مات کردووە و جەوهەری ئەو ئێلاهەیەش هەمان جەوهەری ئافرەتانە (٧).

بەڵام ئەو بەشە لە فیمێنیستەکان کە بۆ بردنە پێشی مافەکانی ژنان خەبات دەکەن لە بەرامبەر ئەم شێوە بیرکردنەوەیەدا حەپەسان. ئەوان لەوە تووڕە بوون کە ئێکۆفیمێنیزم وەک ئەوان دەڵێن بیرۆکەیەکە کە هەڵگری کلێشەی باوکسالارانەیە. بە باوەڕی وان ئەمە بەکارهێنانی سووکایەتی پێ کردنێکی زۆر کۆن بە ژنانە وەک ڕێزلێنانێک لەوان. ئەم کلێشانە بوون کە لە سەدەی نۆزدەدا ئایدئۆلۆجیی «بوارە جیاوازەکان»یان پێ پاساو درابوو. ئایدئۆلۆجییەک کە بژارەکانی ژیانی ژنانی بە بواری ژیانی نێو ماڵ و خێزان سنووردار کردبوو و هەر لەو کاتەشدا میلەکانی ئەو زیندانەی بە پێدا هەڵنانی زیادەڕەوانەی پێوەندیدار بە بەرزتر بوونی مەعنەوی و ئەخلاقیی وان زێڕئاو کردبوو. کەوابوو ئێکۆفیمێنیزمیش شتێک نیە جگە لە زیندووکردنەوەی ئەم کلێشانە کە ڕەوایەتی بە چەوسانەوەی ژن دەدەن. بە باوەڕی ئەم بەشە لە فیمێنیستەکان ئەم جۆرە کلێشانە کە بەرگێکی تەڕ و تازەیان کراوەتە بەر نابێ هیچ جێگایەکیان لە نێو خەباتی فیمێنیستیدا هەبێ، چونکە ڕاست و ڕەوان ڕێگا بۆ دووبارەبوونەوەی «ئەفسانەسازی لە ژن» خۆش دەکەن. ئەوە سەرباری ئەوەش کە زۆر لە داکۆکیکارانی ژینگە لە حەفتاکاندا پیاوانیش بوون، بۆ نموونە داڤید برۆوێر، لێستێر براون، باری کۆمۆنێر، ئی ئێف شووماخەر، دێنیس هایس، مووری بووکچین، ڕالف نادێر، ئامۆری لۆڤینس، داڤید سوزوکی، پۆل واتسۆن.

لەو ماوەیەدا، ئێکۆفیمێنیستەکانی ڕۆژئاوا سەرنجیان دابووە جیهانی سێهەم کە لەوێ پرۆژەکانی گەشەسەندن کە پارەکەیان لەلایەن بانکی جیهانییەوە دابین دەکرا لە حاڵی جێبەجێ کردندا بوون. ئەندازیاران بەنداویان لەسەر ڕووبارەکان دروست دەکرد هەتا وزەی هیدرۆلیک بەرهەم بێنن و بەم جۆرە خەڵکێکی زۆریان لە شوێنی ژیانی خۆیان هەڵدەقەند. بازرگانیی کشتوکاڵیی ئەو زەویانەی کە لە ڕۆژگارانی دوورەوە بە شێوەی پایەدار وەبەر دەهێنران دەکردە مەزرای مۆتۆریزە و خەل و خەرمانیان تەنیا بۆ مەبەستی ناردنەدەرەوە بۆ بازاڕی جیهانیبەرهەم دێنا. داری ئەو دارستانانەی لەکۆنەوە میوە و سووتەمەنی و ماتریالی پێویست بۆ وەستا خۆماڵییەکانیان لێ پەیدا دەبوو و ئاوە ژێرزەوییەکان و گیانلەبەرانیشیان دەپاراست، دەبڕدرانەوە. ئەم گەشە سەندنە کە وەک نەیارانی ناویان ناوە خراپ گەشەکردنە و سەرمایەدارییەکی جیهانیی چەوسێنەر و هەوسار پساوی لە پشتە، هەر بە تەنیا دارستان و ڕووبار و زەوییەکانی وێران نەدەکرد، بەڵکوو دەبوو هۆی تێکدانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ و ئەو شێوەژیانانەش کە لە ڕووی ئێکۆلۆژییەوە پایەدارن.

گەلانی خۆجێیی بەدژی ئەم تالانکارییانە خەباتیان دەکرد. بەتایبەتی لە باکووری هیندستان، کاتێک کۆمپانیایەک دەستی کرد بە وەبەرهێنانی دارستانەکان، ژنانی گوند بەدژی پرۆژەکە ڕاوەستان و بۆ ئەوەی پێشگیری لە بڕینەوەی درەختەکان بکەن، درەختەکانیان لە باوەشی خۆیان دەگرت. لە دەهەی دواتردا، بزووتنەوەی ئەم ژنانە کە بە بزووتنەوەی شیپکۆ ناسرا، هەموو هیندستانی گرتەوە.

بزووتنەوەی شیپکۆ ئاگری لە خەیاڵی ئێکۆفیمێنیستەکانی ڕۆژئاوا بەردا و بەم چەشنە واقعییەتی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان ئەفسانەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێوەندیی نێوان ژن و زەوی رازاندەوە. وەک ڤاندانا شیڤا و کەسانی تر روونیان کردۆتەوە، لە دێهاتەکانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتیندا، ژنان باغەوان و فەللاحن و لێزانی و پسپۆڕییان لەسەر رەوتەکانی سروشت هەیە. گەشەسەندنی خراپ کە لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەچێ تەنیا بایەخێک کە بۆ سەرچاوەسروشتییەکانی دادەنێ ئەوەیە کە ئەو سەرچاوانە دواتر دەکرێ ببن بە شتومەک بۆ فرۆشتن لە ئابووریی بازاڕدا، لەحاڵێکدا کە ژنانی خۆجێیی دەزانن کە دەبێ رێز لەو سەرچاوانە بگیرێ بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووش دڵنیا بن کە دەتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن. هەربۆیە ژنان بە هەست و نەستیانەوە ئەولەوییەتێکی گەورە بە پاراستنی ژینگەی سروشتی دەدەن.

هۆگریی ئیکۆفێمێنیزم بە بزووتنەوەی شیپکۆ بە رادەیەک بوو کە سنووردارکردنی کشت و کاڵ بەو بەرهەمانەی بۆ ژیانی مرۆڤ پێویستن و مەبەست لەو کشتوکاڵە خۆژیاندنە و بەس، وەک ئامانجێک چاو لێ دەکرد. لە حاڵەتێکی وەهادا چ جێگایەک بۆ ئەو ئافرەتانە دەمایەوە کە ئارەزووی تریان لە بواری پەروەردە و ژیانی پیشەیی و شارۆمەندییەکی سیاسیی پراوپڕدا هەیە؟ وەک ئەوە دەچوو کە ئێکۆفێمێنیستەکان پێیان باشتر بێ ژنان لە نەخشی لەمێژینەی خۆیاندا بمێننەوە و تا سەر بە پێخواسی کاری باغ و باخچە بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە، دەبێ بزانین کە بزووتنەوەی شیپکۆ هەمووشی هەر ژن نەبوون و پیاویشیان تێدا بوو...

سەرەڕای ئەمەش، ئێکۆفێمێنیزم لەو لایەنەوە بەسوود بوو کە تیشکی خستە سەر ئەو شێوازە تایبەتییانە کە وێرانکردنی ژینگە شوێنەوار دەخاتەسەر دۆخی ئافرەتان. کاتێک زەوییە کشتوکاڵییە بەرهەمهێنەکان دەکرێنە کشتوکاڵی ئامێری، ژنان کە بەشێوەی بەربڵاو لە کشتوکاڵی خۆژیاندن دا کار دەکەن ناچار دەکرێن بگوێزرێنەوە بۆ ئەو قەدپاڵانەی زەوییەکانیان بەپیت نین، ئەمەش دەبێتە هۆی رووتانەوەی دارستانەکان و رۆچوونی عەرزەکان و لە ئاکامدا بە هەژارکردنی ئافرەتان (٨).

بەرزبوونەوەی کەش و هەواش پێش هەموو شتێک زیان بە ئافرەتان دەگەیەنێ. نزمتربوونی جێگە و پێگەو نەخشی کۆمەڵایەتییان وا دەکا کە تۆفان و ئاگرکەوتنەوە و لافاو و وشکەساڵی و گەرمەساڵی و نەخۆشی و قات و قڕیی خۆراکی زیاتر زەفەر بەوان بەرن. بەپێی راپۆرتی تۆڕی ژینگەی ژنان کە رێکخراوێکی بنکە

**پیاوان بە رێژەیەکی بەراورد هەڵنەگر لە ژنان زیاتر بەشداری گەرمکردنی هەوان چونکە ئەوان لە مەودای درێژتردا ئۆتۆمبیل لێ دەخوڕن**

لە بریتانیایە، هەر ساڵێک زیاتر لە ١٠٠٠٠ ئافرەت بەهۆی ئەو کارەساتانەی پێوەندییان بە گۆڕانی کەشەوە هەیە گیان لەدەست دەدەن، لەحاڵێکدا ژمارەی قوربانییان لە نێو پیاواندا ٤٥٠٠ ە. ژنان ٨٠٪ ی ئاوارەکانی کارەساتە سروشتییەکان پێک دێنن، لەکۆی ٢٦ میلیۆن کەس کە بە هۆی گۆڕانی کەشەوە ماڵ و حاڵ و بژیویان لە دەست داوە، ٢٠ میلیۆنیان ئافرەتن (٩).

بۆ نموونە ساڵی ١٩٩١ لە بەنگلادش کاتێک رەشەبا و تۆفان خەڵکی پەرپوە کرد، ژمارەی ئەو ئافرەتانەی لەو نێوەدا مردن پێنج ئەوەندەی ژمارەی قوربانییانی پیاو بوو. تەنانەت جلوبەرگیان ببووە هۆی ئەوە کە نەتوانن بە راحەتی هەڵێن، ماوەیەکی زۆر لە ماڵێ چاوەڕێ مابوونەوە هەتا خزمێکی پیاویان بێ بیانبا و بەتەنیا نەڕۆنە دەر، لە حاڵێکدا پیاوەکان کە لەو کاتەدا لە شوێنی بەرئاوەڵا بوون یەکتریان لە مەترسی پاراستبوو بەبێ ئەوەی ژنهکانیان کە لە ماڵێ مابوونەوە ئاگادار بکەنەوە. بەپێی راپۆرتی ئاماژە پێکراو، تەنانەت لەو شوێنانەش کە جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتیی ژنان لە هی پیاوان نزیکە، ژنانی هەژار چەند قات زیاتر لە پیاوان بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکی خۆراکی و شەپۆلەکانی گەرما و نەخۆشییەکانی پاش وێرانکردنی ژینگە زەبریان وێ دەکەوێ.

لە ئەمریکا پاش تێکرمانی بازاڕی دراو لە ئەنجامی رژدیی واڵ ستریتدا، راڤەیەکی رۆمانسییانەی پێوەندیی نێوان ژن و سروشت تازە زیندوو بۆتەوە. شانۆن هایێس لە کتێبەکەی خۆیدا «ژنانی رادیکاڵی ناوماڵ» (١٠) دەنووسێ : «ژنان لە درێژخایەندا بەرەو شێوازێک لە پێوەندی و ستراتیجییەکان دەچن کە بایەخی یەکەم بە نەوەکانی داهاتوو بدا». ئەم وێناکردنە نوێیەی چەمکی زەویی دایک قازانجێکی ئابوورییان ناوێت کە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری و پیشەیەک بۆ ژنان لەگەڵ خۆیدا نەهێنابێ. هەربۆیە لە جیاتی پێشوازی لە ئابوورییەکی لەم چەشنە، ئەوان بڕیار دەدەن لە ماڵەوە بمێننەوە هەتا ئاگایان لە خانەوادەکەیان بێ و خواردنێکی تەندروست بدەنە منداڵەکانیان کە هەمان ئەو بەرهەمە بەتامانەن کە لە باخچەکەی خۆیاندا رووانددوویانن. ئەوان پێوەندییەکانیان لەگەڵ کەسانی تر پەرە پێ دەدەن، بایەخی زۆرتر بە سادەبوون و سادە ژیان و راستەقینە بوون دەدەن. لە ئاکامدا بیلانی کاربۆنیشیان زۆر کەمە. ئەوان بەمجۆرە لە ئاستی تاکەکەسیدا دەگەشێنەوە و لانیکەم لە یەکەم روانیندا وا وێ دەچێ مانایەکیش بە ژیانیان ببەخشن.

بەرگری لە ژینگە خەباتێکە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ئێستا ئیدی دەمێکە لە گۆڕێیە، هەربۆیە لێکۆڵەرەوانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان توانیویانە چەندین توێژینەوەی چڕ و پڕ سەبارەت بە هەڵسوکەوتی هەر یەک لە ژنان و پیاوان و جیاوازیی نێوانیان لەو پێوەندییەدا ئەنجام بدەن. لە هەشتاکانەوە، ئاکامگیریی زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوە بووە کە ئەوە کە ژنان زیاتر لە پیاوان لە وێرانبوونی ژینگە نیگەرانن واقعییەتی هەیە.

بەپێی هێندێک لە توێژینەوەکان، ئەوەش کە بەشی وان لە دروستکردنی کاربۆندا کەمە راستە. راپۆرتێکی سویدی دەری دەخا کە پیاوان بە رێژەیەکی بەراورد هەڵنەگر لە ژنان زیاتر بەشداری گەرمکردنی هەوان چونکە ئەوان لە مەودای درێژتردا ئۆتۆمبیل لێ دەخورن. سێ لەسەر چواری هاتوچۆی ئۆتۆمبیل لە سوید فەرمانەکەی بەدەست پیاوەکانە (١١).

ئێستا ئایا جێگای ژنان لەو هەنگاوە سیاسییانەدا کە لە ئەنجامی پرسەکانی پێوەندیدار بە ژینگەوە هەڵگیراونەتەوە چۆنە؟ لە ئاستی وڵاتاندا، بەشداری و نەخشی رێبەرانی ژن لەو هەڵمەتەدا لە هی پیاوان کەمترە و بەرێوەبەریی رێکخراوە گەورە ژینگەپارێزییەکان زۆرتر لە پیاوان پێک هاتووە. بەڵام لە ئاستی محەللیی وڵاتدا، لەو گرووپانەدا کە بۆ خەبات بە دژی مەترسی لەسەر ژینگە و تەندروستی و ئاسایشی بە کۆمەڵ پێکهاتوون، ژنان وەک ئەندام و وەک کەسانێک کە ئەوانی تر رێبەری دەکەن، نەخشیان لە هی پیاوان دیارترە. نزیک بە نیوەی هەموو ئەو گرووپانەی هاووڵاتییان کە بە دژکردەوە لە بەرامبەر کارەساتە ئیکۆلۆژییەکان دروست بوون (بۆ نموونە ئەو دووکەڵە ترسناکانەی لە کارگە یان رووداوەکانی ناوکییەوە هاتوونەدەر) ژنان رێبەرییان دەکەن، وە یان زۆربەی سەرکردایەتییەکانیان لە ژنان پێک هاتووە.

بەڵام ئایا ئەوانە بەڕاستی بەڵگەن بۆ ئەوە کە بەپشت بەستن بە کلێشەباوکسالارییەکان بڵێین لەو بارەوە جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە؟ ئایا دروستە لێگەڕێین کە پیاوان سەرکردایەتیی بزوتنەوەژینگەپارێزییەکانی وڵاتانیان بەدەستەوە بێ و ژنانیش تەنیا ئەو کارانە بکەن کە پێوەندییان بە خزمەت و پێڕاگەیشتنی کەسانی ترەوە هەیە؟ ئەدی سەبارەت بەو یەکتر قبووڵ نەکردن و بەرەسمی نەناسینەچی بڵێین کە ژنان لەژێر ناوی فێمێنیزمدا لەگەڵ یەکتری دەکەن؟

ریسکی هەموو ئەمانە ئەوەیە بگەڕێینەوە تیئۆریی «بوارە جیاوازەکان». وەک لێکۆڵەری فێمێنیست، پێگی ئۆرنشتاین ئاماژەی پێ دەکا، تەنانەت بۆ «ژنانی رادیکاڵی ناوماڵ»یش کاتێک دێ کە بواری ناوماڵ چیدیکە ئەو خۆشی و لەزەتەی نامێنێ ئەگەر بێت و هاوسەرەکانیان بە قەرا وان بەشداری ئیش و کار و ماندوو بوونەکە نەبن. ناوبراو هۆشدار دەدا کە «ئەگەر ژنان هەست بکەن کە لە پێوەندییەکی راستەقینە یەکساندا ئەو بەشە لە ئیش و کارەکانیان وەبەر نەکەوتووە، رێزی خۆیان لەلای خۆیان دێتە خوار و شوور و شەوقیان لە دەست دەدەن و ناتوانن لە دنیای دەرەوەی ناوماڵ دا جێ پێی خۆیان بدۆزنەوە و خۆ بگونجێنن»(١٢). کاتێک نزیک بە تەواوی داهاتی خانەوادە لەلایەن پیاوەکەوە پەیدا دەکرێ و ژنانیش تەقریبەن بە تەنیا ئاگایان لە ماڵ و منداڵە، ئاکامەکەی تێکچوونی باڵانسی دەسەڵات لە نێو خێزانەکاندایە بەزیانی ژنان و منداڵان. زەحمەتە بەبێ مشوورێکی جیدی گۆڕانێکی راستەقینە، واتە گۆڕانێک کە هەم کۆمەڵایەتی بێ و هەم ئیکۆلۆجی، وەدی بێ.

*چالاکی بواری ئیکۆلۆژیی کۆمەڵایەتی، برلینگتۆن (ڤێرمۆنت، ئەمریکا). نووسەری کتێبی پێداچوونەوە بە سیاسەتە ئیکوفێمێنیستییەکاندا، چاپی ساوس ئێند پرێس، کەمبریج (ئەمریکا، ١٩٩١.

(١) پۆل ئێلریش، بۆمبی ح. حەوت میليارد کەس لە ساڵی ٢٠٠٠، چاپی فایارد، پاریس ١٩٧٢..

(٢) راشێل کارسۆن، بەهاری بێدەنگ، چاپی هافتۆن میفلین، بۆستۆن، ١٩٦٢.

(٣) دۆنێللا ئێچ میدۆز، دێنیس ئێل میدۆز، یۆرگن راندێرس و ویلیام دەبلیوو بێهرێنس، سنوورەکانی هەڵدان، چاپی یونیڤێرس بووکس، نیویۆرک، ١٩٧٢.

(٤) فریشتوف کارپا، خاڵی وەرچەرخان، چاپی سیمۆن و شوستەر، نیویۆرک ١٩٨٢؛ سیاسەتی سەوز : بەڵێنی جیهانی، (لەگەڵ چارلێن سپرێتناک)، چاپی دوتۆن، نیویۆرک، ١٩٨٤.

(٥) کارۆڵ گیلیگان، دەنگێکی جیاواز، هاروارد یونیڤێرستی پرێس، ١٩٨٢.

(٦) بڕوانە ئێڤلین پییە، «ئازادی، یەکسانی، .. پێڕاگەیشتن»، لۆمۆند دیپلۆماتیک، سێپتامبری ٢٠١٠.

(٧) ماری دالی، جین–ئێکۆلۆجی : مێتائێتیکی فێمێنیزمی رادیکال، چاپی بیکۆن پرێس، بۆستۆن، ١٩٧٨.

(٨) جۆدی جاکۆبسۆن، «کاری ژنان»، گۆڤاری جیهانی سێهەم ژمارە ٩٤/٩٥، ماکگراو–هیل، نیویۆرک، جانیوەری ١٩٩٤.

(٩) «جێندەر و ئاجێندەی گۆرانی کەش وهەوا»، www.wen.org.uk، ٢٠١٠.

(١٠) شانۆن هاییس، ژنانی رادیکاڵی ناوماڵ، لە کەلتووری مەسرەفییەوە بۆ کەلتووری خێزانی، چاپی لیفت توو رایت پرێس، ریچمۆندڤیل (ئەمریکا)، ٢٠١٠.

(١١) «ئایا گەرمبوونی جیهانی سووچی پیاوانە؟»، گۆڤاری نیو ساینتیست، لەندەن، ١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧.

(١٢) پێگی ئۆرنشتاین، «دیلەمای فێمیڤۆر»، نیویۆرک تایمز، ١١ی مارسی ٢٠١٠.

سەرچاوە : لۆمۆند دیپلۆماتیک – کوردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوردستان نیشتمانی بووکە چاو بە فرمێسکەکان

**کوێستان فتووحی**

ماوەیەک بەر لە ئێستا هاورێیەکم سیدی (CD)یەکی بۆ هێنام وتی: «ئەم CDیە فیلمێکی سەرنجڕاکێشی تێدایە، ببینە«!

زەماوەندێکی تایبەتی بوو. ئەگەر بمەوێ چیرۆکی فیلمەکە باس بکەم، بەداخەوە هیچی لێ نازانم، چونکە فیلمەکە هیچ شەرح و قسەیەکی روونی تێدا نەبوو. بەڵام بە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانی بووکەکە، ئەوەم لێ هەڵێنجا کە ئەم زەماوەندە دەبێ چیرۆکێکی تاڵی هەبێ. بە بینینی دیمەنەکان هەستێکی ناخۆش ناخمی داگرت و کەوتمە بیرکردنەوە لە واقعی تاڵی ژیانی کچانی کۆمەڵگەی کوردستان و وەک هەمیشە شەریکی ئازارەکانیان بووم. بۆ کەسێکی مافخواز کە تێدەکۆشێ لە پێناوی ئەوەی ئینسانەکان مافەکانیان پێشێل نەکرێ، ئەو فیلمە زۆر غەمهێنەر و ئازاراوییە . فیلمەکە زۆر کۆن نیە بۆیە بۆ ئەوە نابێ پاساوی ئەوە بێنینەوە کە لە کۆندا ئەمە رووی داوە وئێستا دابێ ئەوانە نەماوە.

ئەمەیە واقعی کولتووری کۆمەڵگەی کوردستان! وڵاتی بەڵاو موسیبەت بۆ ژنان؟!

زەماوەندە، هەڵپەڕکێیە.... بەزەییم بە بووک دا دێتەوە، بووکێک کە رووی نایە سەری بەرز کاتەوە و بڵێ خەڵکینە بۆ ئەو فرمێسکانەم نابینن؟! بەزەییم بەو کۆرەگەنجەی بە جلوبەرگی ژاکاو و ریشی نەتاشراوەوە دەستی بووکە چاو بە فرمێسکەکە دەگرێ و بەرەومالّی بەخت! بەرێی دەکا. بەو ژنانەی بە جلوبەرگی رەنگاورەنگ و لەچکە بەسەر و بە رووخسارێکی شەرمنەوە دێن و دەچن و هێندێکیشیان بە دوو دەسرە سەما دەکەن، بەو پیاوە بەساڵداچووەی ناوچاوانی بووک ماچ دەکاو بە پەڕۆیەک فرمێسکەکانی دەسڕێ. دەگری .... چ گریانێکی غەماوی...

هەروەک وتم فیلمەکە هیچ شەرح و قسەیەکی تێدا نیە تەنیا گۆرانیی کوردی لەگەڵ مونتاژ کراوە، بەڵام بە بینینی سروشت و شێوەی جلوبەرگ و هەڵپەڕکێکەیان لەوەدەچێ ناوچەی موکریان بێ لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بە هۆی ئاشنایەتیم لە گەڵ ناوچەی بۆکان، تەنانەت دەتوانم بڵێم ئەم زەماوەندە پیرۆزە! لە یەکێک لە دێهاتەکانی ئەو شارە رووی داوە. لێرەدا مەبەستم لۆمە کردنی ناوچەیەکی تایبەتی نیە. چونکە ئەو دەردەی من باسی دەکەم تایبەت نیە بە ناوچەیەک یان شارێک. مەبەستم ئەوەیە لە گۆشەی ئەم زەماوەندەوە بڕۆمەوە بۆ لای ئەو ژنانەی بێ دەسەڵات و مەزڵووم زوڵم قەبووڵ دەکەن و رازیین بەم بەشەی بۆیان هەڵ دەبژێرن.

بەڵام پێش هەمووشتێ با کەمێ باسی فیلمەکە بکەم: سەرەتای فیلمەکە ماشێنێکی جیپ رازاوە بە گوڵ و تارای سوورەوە بەرەو حەوشەیەکی گەورە دەڕوا و لە حەوشەکەدا رادەوەستێ و لە چاوەڕوانی بووکێکدایە. بووک بە جلوبەرگی سپی و تارای سوورەوە لە ژوورێک دێتەدەر چەند ژنێک راوەستاون بۆ بەرێ کردنی. کورێکی لاوی ماتو مەلوول، دێت و دەستی بووک دەگرێ و بەرەو ماشێنەکەی دەبا. بووکەکە چاوەکانی پڕن لە فرمێسک و خێرا خێرا بەدەستی چاوەکانی دەسڕێ و بە روخسارێکی شەرمنانە کە زۆر بەزەحمەت جار جار سەری بەرز دەکاتەوە سوار یماشێنەکە دەبێ و بەرەومالّی بەخت! بەرێ دەکەوێ. بەڵام چ بەختێک! سپی وەک کراسەکەی بەری خۆی، یان رەش وەک پێچە خاڵ خاڵەکەی سەری زاوا؟! ئەی خودایە ئەمە نەکا زاوا بێ؟! دوور نیە چونکە شتی وا لە کوردستان زۆر رووی داوە. بووکەکە هەر ۱۸ ساڵ دیارە بەڵام ئەو پیاوە ۵۰ ساڵ دەبێ. ئەم بووکە بۆیە وا دەگری؟ نا هیوادارم من هەڵەم کردبێ. ئەگەر وایە ئەم ژنانە بۆ وا سەما دەکەن، دەیانەوێ لە شادی کاکی زاوادا بەشدار بن، یان دەیانەوێ بەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

کارەیان دڵی بووکە غەمبارەکە کەمێک شاد کەن و نەیەڵن بیر لەم چارەنووسەی بکاتەوە! ئەی خوایە بۆ کەسێک نیە ئەم فرمێسکانە ببینێ!

پرسیاران رووبەرووی خۆم دەکەمەوە: ئەگەر من بوومایە لە جێگای ئەو چیم دەکرد؟ هەرگیز.... ئەگەر من لەوێ بوومایە و لە جێی ئەو ژنانە بوومایە چیم لەدەست دەهات؟ چیم بەو زاوایە دەگوت؟! چیم بە براو باوک و دایکی ئەو بووکە دەگوت؟ جار جار دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە و دەڵێم رەنگە خۆی ئەمەی هەڵبژاردبێ. نا بڕوا نەکەم.... ئەگەر بەزۆر نەبێ چۆن کچێکی ١٨ ساڵە یان ٢٠ ساڵە شوودەکات بە کابرایەکی ٥٠ ساڵە؟! زوڵمێکی گەورەیە. تاکەی کۆتایی بەم دیاردە نارەوایە نایە ؟ کێ هەست بە ئازاری ئەم کچە داماوانە دەکا؟ هەست کردن چ دەردێک دەوا دەکا؟ مەگەر هەر ئەو کچانە بۆخۆیان شەڕ بکەن. شەر بە چی دەکرێ بە تێگەیشتن و ئازایەتی....

خەڵکی کوردستان ئاگان دەزانن کێشەکانیان چیە مافیان چیە، حیزبەکان کێن، لە زۆر بارەوە گۆڕاوە، ئەم هەموو خوێندەوارەمان لە دێهاتەکانیش هەن، ئەنجومەنی ئەدەبی و فەرهەنگیمان هەن، ژنانی ئازاو خوێندەوارمان هەن، هەموو کەلێن و قوژبنێکی نیشتمانی ئێمەش دەرگای بە رووی جیهاندا کراوەتەوە، خەڵکی ئێمەش پێشکەوتنەکانی جیهان دەبینن، کەلتوور و فەرهەنگی وڵاتانی پێشکەوتوو دەبینن، ئەمانە قسەی زۆرانمانن. .... ئەی کەواتە تاکەی، ئێمە شاهیدی ئەو نەهامەتییانە دەبین. فێر بووین کە دەگەینە سەر هەر کێشەیەک خەتای دوژمنان دەگرین، تاکەی ئەم پاساوە دێنینەوە؟ ئەرێ بۆخۆشمان لە زۆر بەدبەختی و چارەڕەشی خۆماندا دەستمان نیە؟ لە لایەن رووناکبیران و نوخبەکانی کۆمەڵگەوە ئەم هەمووە باسی نەتەوە و نەتەوەپەرستی و نیشتمان خۆشەویستی دەکرێ، بەڵام کەمترین ئاوڕ لە کێشە کۆمەڵایەتییانە دەدرێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی دەرد و نەخۆشییەک کردوە کە هەر خۆشمان موسەبەبین. یەکێک لەو کێشانە دیاردەی بە زۆر بەشوودانە و ئەمەش هەموو دەزانن کە بە زۆر بەشوودان دەیان کێشەی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. کێشەو لێک هەڵوەشانی بنەماڵە و بەدبەختییەکانی منداڵ، خۆکوژیی ژنان، خیانەتی هاوسەری و... بەدڵنیاییەوە بەشێکی زۆری بەهۆی بەزۆر بەشوودانەوەیە. دە کەواتە بەس نیە؟

شتێکی دیکەی کە لەو زەماوەندەدا خەمم پێوە خوارد و هەمیشەش بە چاوی سووک و شەرماوییەوە لێی دەڕوانم، ئەویش پووڵ هەڵواسین بە جەستەی بووک دایە. بەڕاستی نازانم ئەمە کەی هاتۆتە نێو کەلتووری ئێمەوە؟ بۆ دەبێ ئێمە شتە ناحەزەکانی خەڵکی وڵاتانی دیکە وەرگرین. ئەگەر ئامانج یارمەتی ئەو بووک زاوایەیە کە تازە ماڵ دادەنێن، کارێکی پیرۆزە، بەڵام دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە بێ، بۆ بەم شێوەیە؟! ناکرێ ئەم پووڵ وپارەیە لە زەرف (پاکەت) ێک بخەن و با ناوی خۆشیانی لەسەر بنووسن و بۆیان بنێرن؟ ئەو شێوە یارمەتی دانە بە بووک و زاوا (بە دەرزیلە پووڵ پیاهەڵواسین) بە جلوبەرگی بووکدا ئەوپەڕی دواکەوتووی و هەژاریی ئەقڵ دەگەیەنێ. خۆزگە بووکەکانمان ئەو ئیزنەیان نەدایە پووڵ و پارەیان پیاهەڵواسن، چونکە زۆر دیاردەیەکی ناشیرینەو جگە لەوەی ئەوپەڕی سووکایەتییە بە خۆیان، سووکایەتیشە بەوکەسانەی دەستیان ناڕوا ئەو یارمەتییە بکەن، ئەگەر نەشیکەن بەچاوێکی سووک چاویان لێ دەکرێ، لەم دابورەسمەدا قورسایی ئینسانەکان بەو وەرەقە پووڵانەیە کە دەنک دەنک بە بووکەکەیدا دەکەن یان لە قاپەکەی بەردەمیانی دەخەن کە هەر بۆ ئەو مەبەستە دانراوە، هەرکەس توانی زیاتر دانێ ئەوە لەبەرچاوی خەڵک قورسایی زیاتر دەبێ و هەست بە غوروور و سەربەرزی دەکا. بەڵام زۆر کەس هەیە شایی و زەماوەندی لێ بۆتە ژان و ئازار لەبەر ئەوەی نەی بووە ئەم پووڵە بەبووکەکەدا هەڵواسێ، هەستی بە کەمبوون کردوە یان ناچار بووە قەرز بکا و دواتریش بەهەزار بەدبەختی جێگەی پڕدەکاتەوە.

بەو هیوایەی هەرکەس لە ئاست خۆیەوە تێبکۆشی بۆ سڕینەوەی ئەم دیاردە ناحەزانەی کۆمەڵگەی کوردستان و چی دیکە شاهیدی ئاخ و حەسرەت وفرمێسکی تازەبووکەکان نەبین و نرخی ئینسانەکانیش بە پووڵ و پارە هەڵ نەسەنگێندرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێگەی ژنان لە گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: دایکی کیان

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەئاگا هات. ئەمە یەکەم جار نیە کە خەڵکی ئەم ناوچەیە وەزاڵە هاتوون و بە دژی ستەمکارانی نێوخۆیی و دەرەکی ڕادەپەڕن. لە ماوەی سەدو پەنجا ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرجار ڕاپەڕیوە و گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیوە. زۆر لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی زلهێز وەک ئینگلیز و فەرانسە دابوون و ڕزگاریی لە چنگ داگیرکەر بەرهەمی ساڵانێک خەباتی دوور و درێژ و خوێناویە. ئەم سەرکەوتنانە دەبووایە ئازادی، یەکسانی و دێموکراسی لەگەڵ خۆی هێنابا بەڵام وای لێ نەهات. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئەو جێگایەی کە لە مێژوودا هەیە دژایەتیان لەگەڵ دیکتاتۆرەکان کردوە. هەموو جارێ بە دوای خەباتێکی خوێناوی دا دیکتاتۆرێکیان لە مەیدان لابردوە بەڵام دوای ماوەیەکی کەم دیکتاتۆرێکی دیکە جێگەی ئەوی پێشووی گرتۆتەوە و زۆربەیان پشتیوانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکایان لە گەڵ بووە. بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ کات هیوایان بەرنەداوەو دەستیان لە خەبات هەڵ نەگرتوە. ئەم جاریش هەموو پێکەوە هەستاونە سەرپێ بۆ ئەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک لە ناو ببەن.

خەڵکی کوردستان نموونەی ئەم ڕاپەڕینانەن، ساڵانێکە ژن وپیاوی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر بەدژی داگیرکەر خەبات دەکەن و مەیدانیان چۆڵ نەکردوە. بۆ ئازادیی نیشتمانی خۆشەویست و ڕزگاری لە ژێردەستی ماندوو نەناسانە هەوڵیان داوەو لەو ڕێگایەدا هەروا بەردەوامن. بە هەزاران لاوی کورد لە ڕێگای ئامانجە پیرۆزەکانی نەتەوەکەی دا گیانی شیرینیان پێشکەش بە بارەگای وەتەن کردوەو بە خوێنی ئاڵی خۆیان گوڵزاری نیشتمانیان ڕەنگاندووە.

بەڵام لێرەدا پێم خۆشە باس لە ژنان بکەین کە بەردەوام ڕۆڵی زۆر گرینگیان لە بزووتنەوە ئازادیخوازانەکان دا هەبووە. بۆ وێنە کچانی پێشمەرگەی کورد کە ئازایانە وێڕای براکانیان چەکی شەرەفیان هەڵ گرتووەو شان بە شانی پیاوان لەخەبات بە دژی دیکتاتۆرەکان بەشداری دەکەن، هەڵخەڵەتاندن نیە ئەگەر بڵێین زۆربەی بزووتنەوەکان بێ بوونی ژن هیچ کات سەرکەوتوو نابن. هۆی یەکەم ئەوەیە کە سەرکەوتن بێ بەشداری کردنی نیوەی کۆمەڵ ئەستەمە. هۆی دووهەمیش ئەمەیە کە لە هەموو بزووتنەوەکاندا ئەم بڕوایە هەیە کە لە وڵاتی دێموکراتیک دا ئازادی و دێموکراسی مافی هەموو کەسەو لە کۆمەڵگای دێمۆکراتیک دا هەموو کەس پێکەوە یەکسانن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم قەڵەمبازانەش دا، پاش سەرکەوتن و هاتنە سەرکاری خەباتگێڕان دەسبەجێ ژنان وەلانراون و بە زۆر ناردراونەتەوە ماڵێ و دەسەلاتدارانی بەناو دێموکراسیخواز ئەگەر لە هێندێک مەسەلە دا تا ڕادەیەک دێموکراتیک جووڵابنەوە لە بابەت مافەکانی ژنانەوە هەر لە سەر باوەڕە نەریتیەکانی خۆیان ماونەتەوەو نە تەنیا باروودۆخی ژنان باشتر نەبووە بەڵکوو لە هێندێک وڵات وەک ئێران خراپتریشی بەسەر هاتوە. بە تایبەت لە سێ دەیەی ڕابردوو دا، لە وڵات نەریتگەرایی گەیشتۆتە لووتکە و ئەمە کاریگەرێکی چاوەڕوان نەکراوی لە سەر ژیانی ژنان داناوە.

ئێستا بۆجارێکی تر ژنان وەک ڕابردوو دەوری خۆیان دەگێڕن. لە گشت وڵاتان شان بە شانی پیاوان بە دژی دیکتاتۆرەکان چالاکانە خەبات دەکەن. ئایا ئەم جارە لەگەڵ پێشوو جیاوازە؟بەڵێ جیاوازە بەو مەرجەی پیاوان نەبنە کۆسپ لە سەر ئەم ڕێگایەو ژنانیش زیاتر هەوڵ بدەن و تواناکانی خۆیان نەشارنەوە، ئایا ئەم جار ژنان دەتوانن لە پێکهاتەی دەسەڵاتی نوێ دا پێگەی خۆیان بە دەست بێنن؟

وەک لە نموونەی خوارێ ئاماژەی پێ دەکرێ ئەگەر داب و نەریت و ئاین لێ گەڕێ، ئەگەر پیاوانی دەسەڵات خۆشەویست ئەم ئێزنە بدەن، بەڵێ ژنانیش بە جێگەو پێگەی خۆیان دەگەن، بەڵام ئەگەر دووبارە ئەم هەلە بۆ ژنان نەرەخسا دەبێ چی بکەین تاکوو ژنان چارەنووسێکی جیاواز لەگەڵ ڕابردوویان هەبێ؟

شۆڕشی میسرو تونس قۆناغێکی تێپەڕ کردوە ئەویش هێنانە خواری دیکتاتۆرە بەڵام هێشتا سەرکەوتنی کۆتایی مسۆگەر نەبووە. هەر لەم قۆناغەدا دەبینرێ کە مێژوو لە حاڵی دووبارە بوونەوە دایە. لە میسر کۆمیتەیەک پێک هاتووە بۆ پێداچوونەوە بە سەر یاسای


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




بنەڕەتی دا تەنانەت ژنێکیش ئەندامی ئەم کۆمیتەیە نیە. سەرلەنوێ نوێنەرەکانی نیوەی کۆمەڵ بۆ گشت کۆمەڵگا یاسا دادەنێن. لە تونس ئیسلامییەکان لە هەوڵی ئەوە دان دەسەڵات بە دەستەوە بگرن. راشد الغنوشی، رێبەری بزووتنەوەی ئیسلامیی تونس، پێداگرانە دەیهەوێ مافەکانی ژنان بە پێی پرەنسیپە ئیسلامییەکان بێ. نە پرەنسیپە لیبرالیسمە رۆژئاواییەکان. ئەم وتانە بۆتە هۆی نیگەرانیی ژنان لە تونس. هەروەها وێدەچێ تەنانەت هێزە سکۆلارەکانیش بەتەما نەبن ژنان لە دەسەڵات دا بەشدار بکەن. وڵاتانی تری ناوچەش کە پیاوسالارترو سوننەتیترن جێگەی نیگەرانین.ئایا ئەگەر وڵاتێکی وەک ئێران ئازاد بکرێ دەسەڵات بە دەستانی ئەم وڵاتە، وەک راشد الغنوشی بیر ناکەنەوە؟ ئایا رێز لە خەبات و تێکۆشانی ژنان دەگیرێ؟ بە بڕوای من رەنگە خراپتر لە الغنوشی بڕیار بدەن.

راستی ئەمەیە کە بزووتنەوەی ژنانی ناوچە لە ماوەی سێ دەیەی رابردوو دا بەرەو دوا گەڕاوەتەوە. نوال السعداوی، فیمینیستی ناسراوی عەرەب لە کۆنفرانسێک دا لە ئۆسلۆ، لە ٣ی مارس دا هۆی ئەم کارەی گەڕاندەوە بۆ گەشە کردنی ئیسلامی سیاسی کە پرۆژەی کاپیتالیسمی رۆژئاوا بووە. ناوبراو لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەی بە شۆڕشی ئێران کرد.

هەروەها رایگەیاند کە پێش شۆڕشی ئێران چەندین سەفەری بۆ ئەم وڵاتە کردوە پێی وایە ئێران پێش شۆڕشی١٣٥٧ وڵاتێکی سکۆلار بوو. السعداوی هەروەها دەڵێ کە جووڵانەوە بە دژی شا وەک جووڵانەوەکانی ئێستای وڵاتە عەرەبیەکان سینفی-سیاسی بووە بەڵام نیگەرانی رۆژئاوا لە بە دەسەڵات گەیشتنی سوسیالیستەکان وای کرد خومەینی کە ئەو کات لە فەرانسە دەژیا بە خەرجی دەوڵەتی فەرانسەو بە فڕۆکەی فەرانسەوی بێتەوە بۆ تاران و بەو شێوەیە تووی شۆڕشی ئێرانیان پێش شین بوونەوە وشک کرد.

السعداوی هەروەها گوتی: ئیسلامیەکان رێژەیان کەمەو گەورە نیشاندانی ئەوان و نیگەرانی دروست کردن لەو بابەتەوە پرۆژەی ئەمڕۆی رۆژئاوایە. ئەو داکۆکی کرد کە ئەم مەسەلەیە خەڵکی ناوچە نیگەران ناکا. ناوبراو گوتی: رۆژئاوا هەوڵ دەدا ئەوەی لەگەڵ شۆڕشی ئێرانی کرد بە سەر شۆڕشی وڵاتانی عەرەبیشی بێنێ بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لە دەیەی حەفتا نابێ ئیزن بدەین مێژوو دووپات بێتەوە.

السعداوی لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە ژنان دەبێ چی بکەن هەتا دیسان لە لایەن پیاوانەوە خانەنشین نەکرێن گوتی: ئەمە مەسەلەیەکی گرینگە بۆیە ژنان دەبێ دژکردەوە نیشان بدەن. ئەو پێی وایە کە ژنان تەنیا بە یەکگرتوویی دەتوانن لە مەیدان دا بمێننەوە. هەر بەو هۆیەوە ژنانی میسر دوو رۆژ پاش راگەیاندنی کۆمیتەی چاکسازی یاسای بنەڕەتی دوای ئەوەی کە دیتیان دیسان بوونی ژنانیان وەپاش گوێ خستووە بێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی ئیدئۆلۆژیک و حیزبی لە دەوری یەک کۆ بوونەوەو دەستەیەکی گەورەیان دروست کردو یەکێتی ژنانی میسریان پێک هێنا. لێرەدا ژنانی نێو ریزی خەباتم دێتەوە یاد کە چەندیان پێویستی بە یەکگرتوویی هەیە. ژنانی عەرەب هەموو یەکریزو یەکدەنگ لەگشت لایەکەوە لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە تا مافی پێشێلکراوی خۆیان وەرگرنەوە، بەرای ئێوە ئێمەی ژنی کوردیش نابێ زیاتر لە پێشوو یەکگرتوو بین و بیر لە دوارۆژی خۆمان بکەینەوە؟

السعداوی لە ماوەی شێست ساڵ خەباتی سیاسی دا هەوڵێکی زۆری بۆ یەکریز کردنی ژنانی عەرەب داوەو هەمووساڵێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەرای ئەم ئاستەنگ و مەترسیانەی کە لەسەر ڕێگایەتی کۆنفرانسێکی بۆ ژنانی وڵاتە عەرەبیەکان پێک هێناوە. بێ گومان ئەم یەکێتیە پاش گۆڕانکاریەکانی ئەم دواییانە بەهێزتر دەبێ و ناهێڵێ مەیدانیان پێ بەجێ بهێڵن.
ئەوەی کە ئەمڕۆ وەک ئیستراتژیی ژنانی عەرەب سەیری دەکرێ بە پاڵپشتی هێزەخۆمانەکان




و پشت بە یەکتر بەستن پێک هاتووە و ئەمە بە پێچەوانەی ئەم ئیستراتژیەیە کە بزووتنەوەی ژنانی ئێران بەرەو پێش دەباو سەرەرای ئەوەی کە ئەزموون لە شکستی ئەم ئیستراتژیە وەرگیرابوو بەڵام دیسانیش پێداگری لەسەر دەکرێتەوە. لە دەوری یەکەمی ئەحمەدی نژاد دا جیا بوونەوەی جەناحەکانی نێو دەسەڵات بە ئاشکرا خۆی دەرخست. بە قەدەغە کرانی چالاکی لە چوارچێوەی ڕێکخراوو کۆڕوکۆمەڵ دا تاقمێک لە ژنان کە بڕوایان بە چاکسازی هەبوو ڕوویان کردە دوایین چالاکیانی کەمپەین، هەتا ساڵی ٢٠٠٩ ئەگەرچی کەمپەین کاریگەری لەسەر سیاسەتی حکوومەت نەبوو بەڵام بە پێی ئەم بارودۆخە کە تێی داین دەتوانین وەک خاڵێکی ئەرێنی هەڵی سەنگێنین لەبەر ئەوەی کە گەڵاڵەیەکی هاوبەشیان پێشکێش کردبووو نەتەنیا ژنانی نێوخۆی وڵات بەڵکوو ژنانی دانیشتووی وڵاتانی دەرەوەش پشتیوانیان لێ دەکردو لە ڕێگای ئەم کەمپەینەوە چالاکیان دەنواند. وێدەچوو ژنانی ئێرانی لە نێوخۆو دەرەوە خەریکی وەرگرتنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش بن. بۆیە ئەم هیوایە دروست بوو کە بتوانن بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو پێک بێنن.
پاش نارەزایەتیەکانی ساڵی ٢٠٠٩و هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی ڕێژەیەکی زۆر لە چالاکان بە ناچاری وڵاتیان بەجێ هێشت. هیوامان ئەمە بوو کە ئەم تاقمە بە هێزەکانی دەرەوە پەیوەست بن و هێزێکی گەورەتر پێک بێنن. بەڵام بەداخەوە ئەم گرووپە سەربەخۆ بوون و تەواوی توانای خۆیان لەڕێگای سرنج ڕاکێشانی ڕۆژئاواییەکان بەکار برد. ئەم تاقمە لەوانەیە بە هۆی ئەم کەسایەتیە نێونەتەوەیەی کە لەگەڵیانە خۆیان لە بزووتنەوەی ژنانی ئێران جیا کردبێتەوەو پێیان وابێ کە لە ژێر زەختی ڕۆژئاواییەکان و ڕۆڵێک کە خاتوو شیرین عیبادی هەیەتی دەتوانن ڕێژیم ناچار بکەن یاساکان بە قازانجی ژنان بگۆڕێ. بەڵام ئەم دۆستانە کە لە بازنەیەکی داخراوداو بە جیا لە ژنانی تر چالاکی دەکەن، نازانن کە پێداگری لەسەر چاکسازی وەک ئاو لە دەستاونگ دا کووتانە.
ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بزووتنەوەی وڵاتە عەرەبییەکان یەکدەنگ و یەک ئامانج بوونیانە. ئەوە هەمان شتە کە ئەمرۆ بۆتە نەخۆشی لە بزووتنەوەی ژنانی ئێراندا، بەتایبەت ژنانی کوردستان، نەبوونی ئامانجی هاوبەش کە ببێتە هۆی دەستەبەر کردنی ئیستراتژی و گەڵاڵەی هاوبەش. ئەم بارودۆخە پێویستی بەیەکێتی لە نێوان کۆڕو کۆمەڵانی بزووتنەوەی ژنان لە نێوخۆو دەرەوە هەیە. بۆ ئەم یەکرێزیەش پێویستە واز لە چاکسازی بێنین. ئەوکات دەتوانین ئیستراتژیەکی هاوبەش و نوێ پێک بێنین.
لە قۆناغی دووهەم دا دەبێ تا ڕادەیەک لەم هێزەی کە بۆ پێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان دا کەڵکی لێ وەردەگیرێ کەم کەینەوەو لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی وڵاتانی تر لە ناوچەدا پێوەندی بگرین. بارودۆخی شۆڕشی وڵاتە عەرەب نشینەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە مەسەلەی ئێران زیاتر بخرێتە ناو پەراوێزەوەو ئەگەر قسەیەکی نوێمان بۆ گوتن نەبێ لەوانەیە بۆ هەمیشە لە بیر بکرێین. ئەمە خەسارێکی گەورەیە بۆ بزووتنەوی ژنانی ئێران. لە پەنا ژنانی وڵاتانی ناوچە هەموو بەیەکەوە قسەمان زۆر پێیە بۆ گوتن.
ئازیزان با ئێمەش وەک ژنانی کورد لە یادی نەکەین کە بە درێژایی مێژوو مافمان لێ زەوت کراوە، وەرن با بە یەکەوە هەوڵ بدەین مێژوو بگۆڕین. با چی دیکە ئەزموونە ناسەرکەوتووەکان دووپات نەکەینەوەو ڕێگە خۆش نەکەین کە چی دیکە بێبەش کرێین. قەڵای هیچ زۆردارێک هەتا هەتایە نامێنێ و بە قەولی کوردەواری خۆمان پاش هەموو تەنگانەیەک فەرعانی دێ. ئاخوندە زۆردارەکانیش ڕۆژێک ناچار دەبن ئەم وڵاتە ڕادەستی خاوەنەکانی کەنەوە. وەرن با ئێمە ژنانی کوردیش پێش ئەوەی کە وەک ژنانی عەرەبمان بە سەر بێ لە فکری خۆمان دابین. بەو هیوایەی کە ڕۆژێک خۆمان لە وڵاتێکی سەربەست دا بە یەکسانی ببینینەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژیانی ژنانی تەڵاقدراو لە ژێر دەمامکی خێزانداری دا

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: حامید خانزادی**

زۆربەی ژنانی ئێرانی دوای تێپەڕکردنی قۆناغی تەڵاق، ڕاستیەکانی ئەم قۆناغە لە ژیانی خۆیان دەشارنەوە. بە وتەی کارناسان، ڕوانگەی کۆمەڵگە سەبارەت بەم ژنانەو کێشەگەلێک کە بۆ ئەم ژنانە دێتە پێش، ژنان زیاتر لە پیاوان زیان لێ کەوتوو دەبن. زۆربەی ئەم ژنانە ناچارن بۆ بژیوی ژیانیان مێرد بکەنەوە یان دان بە بێوەژن بوونی خۆیان دابنێن.

گوتم مێردەکەم مردوە. هەر بۆئەوەی کە لە پێکەنینی بە مانای پیاوانی گەڕەک و ژنانی جیرانم خۆم دەرباز کردبێ، پێم خۆش نیە کە بەردەوام بۆ هەموو کەس، ڕووداوەکانی ژیانم باس بکەم.

هێندێک لەم ژنانە دوای وەرگرتنی تەڵاق پێیان خۆشە ئاڵقەیەکی زەردتر لە جاران لە دەست بکەن بۆ ئەوەی کە لە یەکەم چاو لێکردندا فەرمانی بوەستە بدرێ و هێندێکیان بە بوونی منداڵ جۆرێک لە شوێنی کارو ژیان ڕەفتار دەکەن کە دەڵێ هیچکات بە شەقامی ژیانی هاوبەشدا تێنەپەڕیون.

نێرگز کە دووبارەی ژیانی هاوبەشیی ناڵەبارەو پێی خۆشە لە کۆمەڵگەدا وەک بێوەژنێک چاوی لێ بکرێ. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە بۆچی پێی خۆشە ڕووپۆشێکی خێزانداری بە ڕوخسارییەوە دیار بێ، دەڵێ: هەزار هۆم هەیە بۆ لێک جیابوونەوە. ئیعتیاد، توندوتیژیی هاوسەر، جیاوازیی چینایەتی و هەژاری.. بەڵام هیچ فەرق ناکا کە تۆ بە چ هۆیەک لە هاوسەرەکەت جیا بوویتەوە. بۆ کۆمەڵگەو بنەماڵەکەت تەنیا شتێک گرینگە ئەویش ئەوەیە کە تۆ ژنێکی تەڵاقدراوی ...!

کاتێک دەتهەوێ کۆتایی بە ژیانی هاوبەش بێنی هەموو لەگەڵتن و بەرگریی لە بڕیارەکەت دەکەن. بەڵام هەر ئەوەی کە لە هاوسەرەکەت جیا بوویتەوە، تازە دەزانی کە دەسپێکی دووبارە سەختتر لەوەیە کە بیرت لێ دەکردەوە. مۆری تەڵاق، دەڵێی خۆشەویستی دەورووبەر کەم دەکاتەوەو ئینسافیان لە بیر دەباتەوە. سێبەری ژیانی پێشووت وەک کابووس دەورووبەر لێت دەترسن و دووریت لێ دەکەن. پێیان وایە کە تەڵاق وەرگرتن وەک نەخۆشیەک وایە ئەوانیش لێ دەگرنەوە هەر بۆیە کە زۆربەیان دەڵێن مێردەکەمان مردوە.

تەڵاق، یەکێک لە سەختترین ئەزموونەکانی جیایی جیهانە

بە بڕوای دەروونناسان قۆناغی تەڵاق یان جیایی، بە یەکێک لە سەختترین ئەزموونەکانی جیایی جیهان دەژمێردرێ. دەڵێن کەسێک کە ئەزموونی تەڵاقی هەیە زیاتر لەو کەسەی کە مەرگی ئازیزان دەبینێ تووشی خەسار دەبێ، بەو هۆیە کە یەکەم هەستی ئەم کەسە پاش جیا بوونەوە هەستی وەلانران و هەلاواردنە. دەروونناس مریەمی سەعیدی ، بەو پێیەوە دەڵێ : «ئەو کەسانە لە سەرەتاوە تووشی قەیرانێکی زۆر دەبن و بەردەوام لە خۆیان دەپرسن بۆچی ئەم ڕووداوە بۆ من هاتە پێش؟»

ناوبراو پێی وایە زۆربەی ئەو کەسانە بۆ وەیکە بە خەڵک بسەلمێنن باشن، لە کوتانی لایەنی بەرامبەر را دەست پێ دەکەن و بەردەوام عەیبەکانی دووپات دەکەنەوە تا بەو شێوەیە عەیبەکانی خۆیان و بەشی خۆیان لەو جیابوونەوەدا بشارنەوە.

ڕاستی ئەمەیە کە لە قۆناغی جیا بوونەوەدا تەنیا «ژن و پیاو» تووشی قەیران نابن بەڵکوو جیایی، شوێنەوار لە سەر بنەماڵەکانیشیان دادەنێ ئەوانیش تووڕە دەکاو نارەحەت دەبن و تەنگ بە یەکتر هەڵدەچنن.

سەعیدی هەروەها داکۆکی لەسەر ئەوە دەکا کە لەم قۆناغەدا ژن خەسار هەڵگرتر لە پیاوەو دەڵێ : «ژنان تووشی مەسائیلێک دەبن کە پیاوان لە کاتی تەڵاق دا لە گەڵ ئەو مەسائیلە بەرەوڕوو نابن و ئەمە بریندارتریان دەکا. ڕوانگەی کۆمەڵگا لە سەر ژنێکی تەڵاق دراو ئەو موشکیلانەی کە بەرۆکی ژنان لەم قۆناغەدا دەگرێ دەبێتە هۆکارێک کە ژن زیاتر لە پیاو تووشی خەسار بێت.»

ئەم دەروونناسە پێی وایە کە گیروگرفتی ئابووری لە سەر ژنان کاتی جیا بوونەوە زەقتر دەبێ. هەروەهادەڵێ : «ژنان بە نیسبەت پیاوانە کەمتر دەتوانن سەربەخۆیی ماڵیان هەبێ بە شێوەیەک کە زۆرجار دەبینین لە هەلومەرج و کاری وەک یەک دا، حەقدەستی وەک یەک وەرناگرن،

بەم شێوەیە سەرەڕای کێشە هەستیاریەکان، مەسەلەی ئابووریش لەم قۆناغەدا زەخت دەخاتە سەر ژنان.»

ئەم ژنانەی کە سەرپەرشتی منالەکانیان وەئەستۆ دەگرن لە چاو ئەوانی تر، گیرو گرفتیان زیاتر دەبێ. ئەم دەروونناسە بوونی منداڵ وەک ڕێگەیەک بۆ دوژمنایەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



کردن لە نێوان لایەنەکان دا دەزانێ و دەڵێ: بوونی منداڵ لە تەڵاق دا دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژن وپیاو هێندێک جار، بنەماڵەکانیان بە کێشە ساز کردن لە سەر مەسەلەی وەرگرتنی منداڵ تۆڵە لە یەکتر بکەنەوە.»

ناوبراو پێی وایە زۆربەی کێشەی پاش ئەم قۆناغە، بەکۆچ کردن بۆ دەرەوەی وڵات دەیانهەوێ لە تەڵاق رزگاریان بێ. هەروەها دەڵێ:

« زۆربەی خەڵک بە تایبەت ژنان لە قۆناغی جودابوونەوە دا بڕیار دەدەن لە ئێران بچنە دەرێ لەبەر ئەوەی کە دەیانهەوێ بڕۆن بۆ وڵاتێک کە کەس نەیانناسێ و زۆرجار ژنان پاش ژیانی هاوسەرێتیی ناسەرکەوتوو کە ئەزموونێکی باشیان لێ وەرنەگرتووە هیچ کات لە مانای خۆشە ویستی تێ ناگەن هەربۆیە لە پێکهێنانەوەی ژیانێکی نوێ خۆ دەبوێرن.»

(سەعیدی) ژنان لەم قۆناغە دا بە چەند دەستە دابەش دەکاو دەڵێ:

« دەستەیەک لە ژنان لەم قۆناغەی ژیان دا بڕیار دەدەن کە هەرگیز شوو نەکەن و ژیانی هاوبەشیان پێ ناخۆشە، و تەنانەت هێندێکیان لە رێورەسمەکانی زەماوەند کردن دا بەشداری ناکەن و لە دەسپێکردنی ژیانی نوێ دەترسێن و هەرشتێک کە پێوەندی بە رێورەسمی زەماوەند کردنەوە هەبێ بە سەرچاوەی نارەحەتی و چارەڕەشی دەزانن. تەنانەت هێندێک لە ژنان لە قۆناغی دادگایی کردندا بەم رووحیەیەی کە تێدان، هەموو یاساکانی دژ بە خۆیان دەبینن و دەزانن کە یاسا هیچ پشتیوانیەکیان لێ ناکا. لەبەر ئەوەیە سەبارەت بە یاسای وڵاتەکەیان بێ باوەڕو هێندێک جار رقیان لێیەتی.

ناوبراو دەڵێ: هێندێک لە ژنانیش تەڵاق وەک ئازادییەک سەیر دەکەن و بە گەیشتن بە ئارامی و هێوری دەزانن، بە تایبەت ژنانێک کە بە درێژایی ژیانیان ئەزموونێکی تاڵیان هەبووە، پاش تەڵاق وەرگرتن و هێوربوونەوەیان حازر نین کە سەربەخۆیی خۆیان لەدەست بدەن.

خاوەنانی میراتێکی مێژوویی

کۆمەڵگەی ئێرانی شوناسێکی سەربەخۆی بۆ ژنان نیە. هەتا ئەو کات کە کچە لە ماڵی باوکی دایە، رەگەزەکانی نێر لە ماڵێدا هەمووی خاوەنی تۆن، تەنانەت ئەگەر برایەکیش لە خۆت چووکتر بێ بە هۆی ئەوەی کە رەگەزی نێرە دەتوانێ چارەنووسی تۆ دیاری بکا. شۆهرە ئەم رێگایانەی لە دەرەوەی وڵات و لە ناوخۆی وڵات تاقی کردۆتەوەو دەڵێ: ئیتر لێرە بە زانایی و خوێندەواری و تەمەن کەس هەڵناسەنگێنن بەڵکوو تەنیا رەگەزە کە دیاری دەکا. لە سنووری بنەماڵەی باوکیش تێدەپەڕی، خاوەنێکی دیکە بە ناوی هاوسەر یان مێردت لێ زەق دەبێتەوە و کۆمەڵگە بە فەرمی دەیناسن. هەڵبەتە هێندێک جار لە کۆمەڵگەش تێدەپەڕێ و یاساش مێردەکەت بە خاوەنت دەزانێ، بە بێ ئیزنی مێرد ناتوانی سەفەری دەرەوەی وڵات بکەی، لە راستیدا هێندێک کات بۆ ژنانی تەڵاقدراو نە لاقیان بۆ مانەوە هەیە و نە رێگەیان بۆ رۆیشتن.

روانگەی کۆمەڵگەی ناوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات جیاوازن. دەڵێی لە زاری یەک تفیون سنووری جوغرافیایی ناناسن و بە یەک چاو لە ژنانی تەڵاقدراو دەڕوانن و هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەتا ئێستا تەڵاق لە کۆمەڵگەی ئێراندا جێی خۆی نەکردۆتەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ژنانی ئێرانی میراتی مێژوویيان دەبێ هەر لەگەڵ بێ کەکۆمەڵگەی ئێرانی گۆڕانکاری وەرناگرێ. بە بڕوای من ژنان بۆ ئەوەی کە بیاڤێکی ئەمنیان لە ژیاندا هەبێ، بە زۆرەملی دەبێ تەسلیمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بن. کە ژن هەڵدەبژێردرێ نەک هەڵبژێرێ و ئەگەر ژنێک هەڵبژێرێ لەم کۆمەڵگەیەدا بە چاوێکی سەیروسەمەر لێی دەڕوانن و زۆر بە ئاسانی قەزاوەتی لەسەر دەکەن و تانەو تەشەری جۆراوجۆری لێ دەدرێ.

لە وەڵامی ئەوە کە چۆن لەم گیروگرفتە کۆمەڵایەتی دەرباز بین دەڵێ: هەر وەک گوتم ئێمە ژنانی ئێرانی، میراتی مێژوومان لە کۆڵە. بەڵام بەم ئاکامە گەیشتووم کە دەکرێ سوننەت شکێنی بکەین. ئێمە بۆ گەیشتن بە مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان دەبێ ڕێگەیەکی درێژ بپێوین.

تەڵاق، ڕەفتارو ڕێگەیەکی ڕاستە

زۆر جاران بیندراوە لە ماوەیەکی کورت لە ژیانیاندا ژنان، ئەزموونە تاڵەکانی دوو جار پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ناسەرکەوتوویان چێشتووە.

فەرامەرز ئەمینیی کۆمەڵناس، گیروگرفتی ئابووری بە ریشەی سەرەکی دەزانێ و دەڵێ: وەک دەبیندرێ ژن دوای تەڵاق وەرگرتن دەبێ لەگەڵ دوو گیروگرفتی سەرەکی ڕووبەڕوو بێتەوە کێشەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ئابووری و لە ڕابردوو زیاتر پێویستیان بە پشتیوانی بنەماڵە هەیەو زۆربەشیان دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی پێشووی خۆیان و لەوەی کە بنەماڵە ئەوان بە تاوانبار دەزانن، بتهەوێ یان نەتهەوێ تووشی نەخۆشی ڕەوانی دەبن و فشارێکی زۆری بنەماڵەیان لەسەر دەبێ بۆ دووبارە مێردکردنەوەو پێڕەوی بێ ئەملا و ئەولای بنەماڵە.

لە درێژەدا دەڵێ: ئەگەر شوێنێک بۆ دەرمان کردنی ئەم ژنانە لە قۆناغەدا نەبێ تووشی قەیرانە عاتفیەکان هێرشی دەکەنە سەرو تووشی دژکردەوەی تێکدەرانە دەبێ، هێندێک لە هەوڵی تۆڵە سەندنەوە لە پیاوان دەبن، هێندێک گۆشەگیری دەبن و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا کەم دەبێتەوە.

بە سەرنجدان بەوەی کە ڕێژەی تەڵاقدان لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ئێران دا ڕوو لە زیادبوون دایە، ڕاگەیەنەکان لە هەوڵدابوون زیاتر زانیاری بە رای گشتی بدەن هەتا ئەم کەسانە بتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان درێژە پێ بدەن بەڵام ئەم کارە بە تەنیایی نابێتە ڕێگە چارە.

ناوبراو دەڵێ : زۆر ژن دەناسم کە لە قۆناغی قەیرانی دوای تەڵاقدا ژیان دەکەن . «باشتر ئەوەیە کە شوێنگەلێکی زیاتر بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵ ژنان دابین بکرێ هەتا ژنان بتوانن خۆیان بدۆزنەوەو سامی خۆیان لە ژیانێکی ناسەرکەوتوو وەرگرن. هەڵبەتە هەر ژنێک کە جیا دەبێتەوە شەرت نیە ناسەرکەوتوو بێ، لە بەر ئەوەیکە تەڵاق جۆرە ڕەفتارێکە. بە هەمان شێوە کە پێکەنین لە شایی دا کردەوەیەکی شیاوەو گریان لە تەعزیەکاندا کارێکی بەجێیە، ئەگەر کەسێک لە شایی بگری وەک ڕەفتارێکی نەگونجاو سەیری دەکرێ. هێندێک جار، تەڵاقیش وەک کارێکی بەجێ دەژمێردرێ و ئەگەر بتوانین یارمەتی ئەم کەسە بدەین کە خۆی بە تەواوی بناسێ ئەم قەیرانە تێپەڕ دەکاو دەبینین ئەم ژنە هەلومەرجی بەرچاو بەدەست دێنێ.»

زۆرجار دەبینی کە هێندێک لە ژنان تا ڕادەیەک مەیدانی ژیان لە خۆیان بەرتەسک دەکەنەوە کە لە هەستی دایکانەی خۆیان لە بەرامبەر بە دەست هێنانی «ئەمنیەت» دا دەگوزەرێن و دایک و منداڵ یا منداڵەکان هەردوولا، پاش قۆناغی جیابوونەوە زۆر دڵتەنگ دەبن. لە ڕاستی دا ئەم دەستە لە ژنان لە یەک کات دا دوو جار جیا دەبنەوە، قۆناغی تەڵاق وەرگرتن و جیابوونەوە لە منداڵەکانیان، لەوانەیە بۆ سەلماندنی وەفاداری و هەستی دایکانەی خۆیان بۆ منداڵەکانیان، هیچ کات بنەماڵەیەکی تر پێک نەهێنن. بەڵام بەردەوام تۆمەتبار دەکرێن کە هەست و سۆزیان نیە.

ناوبراوو وێڕای ئاماژە کردن بەم مەسەلەیە کە ئەم تاقمە لە ژنان پێویستیان بە چاوەدێری زیاتر هەیە، دەڵێ: «ئاشکرایە کە ئەم دەستە لە ژنان بە پێی ئەم بارودۆخە چەتوونە کە تێیدان هەستیارترو خەسارهەڵگرتر لە ئەوانی دیکەن و پێویستیان بە پشتگیری زیاتر هەیە و ماوەی چاک بوونەوەیان درێژخایەنترە. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگا زەحمەتە ئەم تاقمە لە نێو خۆی وەرگرێ.»

چاوخشاندنێک بە سەرژمێری تەڵاق لە ئێران دا

یەکەمین ئاگادارکردنەوەی گەشەکردنی ڕێژەی تەڵاق، دەگەڕێتەوە بۆ مانگی گەلاوێژی ساڵی ٨٨، کاتێک کە مۆحسێنی زەنگەنە، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوان لە پارێزگای تاران لە مانگی گەلاوێژی ئەو ساڵە دا لە چوونە سەری ڕێژەی تەڵاقی تا ئاستی ٢ لەسەد ڕاگەیاند.

کەمێک دواتر، ناهید ئەعزەمی ڕام پەناهی، جێگری ناوەندی زانیاری و سەرژمێریەکانی ژنان، نێونجی تەڵاق و زەماوەند کردن لە وڵات دا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٨٨ ١٣ تا ٢٤ لە سەد ڕاگەیاند.

ڕاگەیاندنی سەرژمێری تەڵاق لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی ٨٨ دا، ئەوەی بۆ جارێکی تر خەڵک نیگەران بن. ئیدارەی سەبت و ئەحواڵ، ٩٣ هەزار تەڵاقی لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵدا ڕاگەیاند. سەرژمێری زۆرتر لە سەرژمێری ١٢ مانگی ساڵەکانی ٨٤ و ٨٥ و بە جیاوازیەکی کەم بە نیسبەت ١٠٠ هەزار تەڵاق لە ١٢ مانگی ساڵی ٨٦ دابوو. ئەم سەرژمێریە باس لەچوونە سەری خێرای ڕێژەی تەڵاق لە ئێران دەکا.

بارودۆخی تەڵاق تەنانەت ئەگەر بە پێی وتەکانی نوێنەرێک وەک سەتاری هیدایەت خواە هەڵنەسەنگێنین کە پێی وایە ٣٠ تا ٣٥ لە سەدی زەوەماوەندەکان لە ئێران دا کۆتاییان بە تەڵاق درێ، دیسانیش جێگەی نیگەرانیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆچی ژنان بەڕێوەبەرێکی باشترن؟

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: سروە فەتاحی**

کەم نین ئەو کەسانەی کە بڕوایان وایە ژنان بەڕێوەبەرێکی باشترن. عەسەبناسێکی ئەمریکایی «لو ئان بریزندین» لێکۆڵینەوەیەکی جۆرا وجۆری لەبارەی کردەوەی کۆمەڵایەتیی ژنان و پیاوان کردوە. ئەو جیاوازییە ساختاریانەی لەشن کە لە ماوەی دروست بوونی مرۆڤ لە مێشکی ژنان و پیاوان دا پێک هاتوە.

بە درێژایی مێژوودا لە کاتێک دا کە ئەرکی سەرشانی پیاوان، پاراستنی چوارچێوەی بنەماڵەو بەدەستهێنانی بژێوی ژیان بووە، ژنان فێربوون کە پارێزگاری لە منداڵان و بەساڵاچووان بکەن و لە هەمان کاتیشدا توانیویانە لە زۆر بواردا لەگەڵ خەڵکی ناو عەشیرە و کێشەکانی بە باشی هەڵسوکەوت بکەن.

عەسەبناسان دەڵێن: ژمارەی خانەکانی مێشکی ژنان و پیاوان بەقەد یەکە، بەڵام مێشکی ژنان چووکەترە. ئەو جیاوازییەش بە هۆی ئەوەیە کە خانەکانی مێشکی ژنان زۆر لێک نزیکە. ئەو نزیکییە بۆتە هۆی ئەوەیکە پێشبینی و لێکدانەوەی کردەوەی ژنان زۆر سەخت بکا. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەو بوارەدا کراوە نیشانی دەدەن کە ژنان لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پیاوان لە یەک بواردا لە زۆربەی بەشەکانی مێشکیان کەڵک وەردرگرن و بە وردبینییەکی زۆرترەوە بیر دەکەنەوە.

هاودەردی و هەستی زۆرتر، لە کردەوەی ژنان دا

مێشکی ژن و پیاو ساختارێکی جیاوازی هەیە:

لە جیاوازییەکانی نێوان مێشکی ژن و پیاو دەتوانین ئیشارە بە بەشەکانی گوتن و بیستنی مێشک بکەین. ئەو دوو بەشە لە مێشکی ژنان ١١٪ بەرینتر لە مێشکی پیاوانە. بەو هۆیە جێگای سەرسوورمان نیە کە ژنان توانای قسەکردنێکی باشتریان هەیە و دەتوانن هەستی خۆیان، باشتر بڵێن. لو ئان بریزندین دەڵێ، مێشکی ژنان بەو شێوانەی کە باسمان کرد داڕێژراوە.

کردەوەی جینسی لە مێشکی پیاوان دا بەرینترە. بەو شێوەیە کە مێشکی پیاوان بۆ بڕیاردانی تاکەکەسی باشتر بەرنامەڕێژی بۆ کراوە. ئەو جیاوازییەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دروستبوونی مرۆڤ.

شتێکی سەرنج راکێشی دیکە لە مێشکی ژنان بەشی (هیپۆ کامپ) ە، ئەو بەشە ناوەندی بیری هەستی (حافظەی احساسی)یە. هیپۆکامپ لە مێشکی ژنان لە هەڵسەنگاندن دا لەگەڵ پیاوان لە یەکەمین ساڵەکانی ژیان باشتر گەشە دەکا. بەرین بوونی هیپوکامپ بەو مانایەیە کە ژنان بێجگە لە هەستی هاودەردی زۆرتر لەگەڵ خەڵک توانایی زۆرتریان بۆ وەبیرهێنانەوەی چووکترین بەسەرهاتێکی هەستی هەیە. بەڵام بە پێچەوانەوە پیاوان زۆر کات ئەو جۆرە شتانە لە یاد دەکەن.

بە هۆی ئەو جیاوازییە ساختارییانە زۆر روونە کە پیاوان و ژنان بە دوو شێوەی جیاواز لە یەکتر بیر دەکەنەوە. عەسەبناسان دەڵێن کە ئەو جیاوازییانە دەتوانن زۆر یارمەتیدەری یەکتر بن، بۆ نموونە دوای هەندێک لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە گرووپە بەڕێوەبەرییەکان کە لە ژنان و پیاوان پێک هاتوون نیسبەت بە ئەو گرووپانەی کە تەنیا لە ژنان یان پیاوان پێک هاتوون سەرکەوتنێکی زۆرتری بە خۆوە بینیوە. لۆ ئان بریزندین دەڵێ «ئامار و توێژینەوەکان نیشان دەدەن کە ژنان لە نێوان تەمەنی ٥٠ تا ٧٠ ساڵی دا دەتوانن بەڕێوەبەرێکی باش بن»

.

سەرچاوە: ماڵپەری دویچە ولە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی کار کەر ( شاغل )

و. شیلان قوربانی فەر



حەقی گلەیی نیە ئەوە ڕێگایەکە، کە بۆخۆی هەڵیان بژاردووە. ڕێگای دیکەش هەیە کە زۆر ئاسانترە! مانەوە لە ماڵ و ماڵداری کردن، بەڵام ئێستا کە خۆی قەبووڵی کردوە ئێستا کە نایهەوێ شەهادەکەی لە گۆشەی ماڵەوە بکەوێ و خاک و خۆڵی لەسەر بنیشێ. پێی خۆشە کە لە ناو کۆمەڵگادا بێ و سەربەخۆیی ئابووری هەبێ، دەبێ ئەرکی ماڵداری و پەروەردە کردنی منداڵەکانیش بە باشی بە جێ بگەیەنێ، دەنا سەرلەنوێ شەڕ و کێشەکان دەست پێ دەکاتەوە.

بە سەر هەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئورووپا و بە هۆی نەبوونی هێزی ( مرۆڤی ) بۆ کار، خاوەن پیشەکان بە دوای هێزە وەبەرهێنەرەکانی دیکەی کۆمەڵگا کەوتن و ژنانیش وەک هێزی کار لە پیشەسازی هاتنە مەیدان. بەتایبەتی لە شارەکان، لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپا ژنان ڕوویان لە کار کرد و دەست پێراگەیشتنی ئەوان بە ڕێکخراوە ئاموزشی و چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ڕوخساری جیهانی بە تەواوی گۆڕی. لە ئێرانیش بۆ وەدەستهێنانی دەستکەوتەکانی دونیای ئەمرۆکە ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی لە ناو کۆمەڵگادا ڕوویان دا. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە ژنان بێنە ناو بازاری کار و دەست بەسەر داگرتنی سەرچاوەکانی گەورەی ئابووری و هەروەها بە هۆی ئەو کارکردنەوەیە توانیان بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا داگیر بکەن و ئاڵوگۆڕ لە شێوەی سوونەتی بنەماڵە و تێڕوانینی خۆیان بە نیسبەت ژیان پێک بێنن.

بەڵام بە درێژایی ئەو ساڵانە هەمیشە ئەو پرسیارە لە ئارا دابوو کە بە سەرنج دان بەو دوو پیشە جیاوازەی کە ژنان ئەنجامی دەدەن یەکیان کاری بێ بەرامبەری ماڵەوە و ئەوی دیکەش ئەو کارەی کە لە دەرەوەی ماڵ ئەنجامی دەدا و لە بەرامبەر دا هەقدەست وەردەگرێ، ژنان چۆن دەتوانن لە ناو ئەو دوو تەوەرە و ئەو ئەرکە قورسانەی کە لەسەر شانیانە هاوسەنگیەک پێک بێنن.

چەند گروپ لەو ژنانەی کە کار دەکەن:

تەنیا کار کردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ، بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو ناوەیان لەسەر دابنرێ. . ماڵداری کە ئەرکێکی قورسە و هەمیشە لە ئەستۆی ژنانە و هیچ کات وەک پیشە سەیری ناکرێ و تەنانەت زۆر کەس تەنیا وەک سەرگەرمی و کات بەرسەربردن سەیری دەکەن. ئەو ژنانە جیا لە جۆری کارکردنیان بە چەند گروپ دابەش دەکرێن:

گروپی یەکەم:

ئەو ژنانەن کە لەگەڵ ئەوەی لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن و زۆر ماندوو دەبن لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە، ئەرکی ماڵداری و پەروەردەکردنی منداڵەکانیشیان لە ئەستۆی ئەوانە و بە هۆی لێک جیا بوونی ئەرکەکانیان و بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە لایەک ناچارن بە کاری ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان ڕابگەن و لە لایەکی دیکەش ڕەزایەتی هاوسەرەکانیان بە دەست بێنن.لەو گروپەدا پیاو لە چوارچێوەی ئەو بیرکردنەوە نەریتیەی خۆیان لە ناو بنەماڵەدا، بە هیچ شێوەیەک هاوکاری هاوسەرەکەی لە بەڕێوەبەردنی ئەرکەکانی دا ناکا و پێی وایە ئەرکی ئەو تەنیا دابین کردنی بژیوی ژیانە بۆ بنەماڵەکەی و کاری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵیش تەنیا ئەرکی سەرشانی ژنە و تایبەتە بە ژنان.

لە شێوەی ژیانی ئەو بنەماڵانەدا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کار کردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و وەئەستۆ گرتنی ئەرک و بەرپرسایەتی دوو ئەوەندە لە ناو ماڵدا بە تێپەڕ بوونی کات دەبێتە هۆی ناکۆکی و گرفت لە ناو بنەماڵەدا و لە ئاکام دا دەبێتە هۆی لەبەرێک هەڵوەشانی بنەماڵە و تەنانەت ژیانی منداڵەکانیشیان دەخاتە مەترسیەوە.

گرووپی دووهەم:

ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای پێک هاتن و لێک تێ گەیشتن و هەستی هاوکاری، ئەرکی ماڵداری و پەروەردەکرنی منداڵ بە هاوکاری هاوسەرەکانیان ئەنجام دەدەن و فەزای بنەماڵە دەبێتە فەزایەکی ئاشتیخوازانە. لەو جۆرە بنەماڵانەدا، ئەرکەکان بە شێوەیەک دابەش دەکرێن کە هەریەک لە ژن و پیاوەکە لەبەرامبەر ئەرکەکانیان دا بەرپرسیارن و ئەو ژنانە لە پشتیوانی بێ ئەولا و ئەولای هاوسەرەکانیان بەهرەمەند دەبن.

لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە ئەو پیاوانەی کە لە ماڵەوە هاوکاری هاوسەرەکانیان دەکەن لەباری جەستەیی و رووحیەوە هەمیشە سلامەت و بێ گیر و گرفترن و لە ژیانی هاوبەش دا کەمتر تووشی کێشە و گرفت دەبنەوە و تەنانەت ئەو هەستە هاوکاری و باشتر وەئەستۆ گرتنی ئەرکەکانیان دەتوانن بۆ منداڵەکانیان بگوازنەوە.

گرووپی سێهەم:

ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە بە هۆی نەبوونی هاوسەر، خۆیان ئەرکی بەخێو کردنی ماڵ و منداڵەکانیان لەسەر شانە و خەریکی بەڕێوەردنی ئەرکی دوو لایەنەن یانی هەم لە ماڵەوە کار دەکەن و هەمیش لە دەرەوەی ماڵ و بە هۆی ئەو ئەرکە قورسەی کە لەسەر شانیانە ئەگەر کۆمەڵگا پشتیوانیان لێ نەکا کۆسپ و تەگەرەی زیاتر دێتە سەر رێگایان.

کار کردنی ژنان لە دەرەوە چ قازانجێکی هەیە؟

لێکۆڵینەوەکان وا نیشان دەدەن کە ژنانی کارکەر کەمتر لەو ژنانەی کە لە ماڵەوەن شەڕ دەکەن چونکە کار کردن لە دەرەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاوان ببنە خاوەنی هاوسەرێک کە زیاتر لێیان تێ بگەن، ژنی ماڵەوە ئەو چاوەڕوانیەی لە هاوسەرەکەی هەیە کە سەرەڕای ئەو هەموو ماندوویەتییە لە دەرەوە کە هاتنەوە ماڵێش دابنیشن و لەگەڵ ئەوان قسە بکەن بەڵام پیاوان بە گشتی دوای یەک رۆژی پڕکار و سەخت زۆریان حەز لە قسە کردن نیە و لانی کەم پێویستیان بە چەند کاتژمێر حەسانەوە هەیە.

ئەمڕۆکە ژنانی کارکەر ناچارن زۆربەی کاتی خۆیان بە کارەکانی دەرەوە تەرخان بکەن و ناچاریش نین وەک ژنانی ماڵەوە بۆ قسەکردن لەگەڵ هاوسەرەکانیان ئەوان بخەنە ژێر گوشار. ئەو ژنانە دەتوانن بە شێوەی باشتر لەگەڵ هاوسەرەکانیان گفتوگۆ بکەن، ئەوان دەتوانن لەبارەی ئەو کارانەی کە رۆژانە ئەنجامی دەدەن یا خود لەبارەی هاوکارەکانیان یا گیروگرفتی شوێنی کارەکەیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان بدوێن. ئەو پیاوانەش کە بۆخۆیان لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن دەتوانن باشتر هەست بەو گیروگرفتانە بکەن کە هاوسەرەکانیان بۆیان دێتە پێش و هاوکات هەر چەندە پیاو لە کارەکانی ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵ هاوکاری ژنەکەیان بکەن باشتر دەتوان لە هەستی دەرونی هاوسەرەکانیان تێ بگەن.

لێکۆڵینەوەکان نیشانیان داوە کە ئەو ژنانەی لە دەرەوە کار دەکەن هەمیشە لەباری جەستەیی یەوە سلامەت تر و دڵخۆشترن لەو ژنانەی کە لە ماڵەوەن. ژنانی کارکەر کە ئەرکی هاوسەرداری و پەروەردەکردنی منداڵ و کاری دەرەوە هەموو پێکەوە ئەنجام دەدەن هەموو کات شاد و خۆشحاڵن و زیاتر متمانە بە خۆیان دەکەن و لە ژیانیان دا سەرکەوتووترن.

هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردوە کە ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوەن زیاتر تووشی پەرێشانی و نائارامی و دڵەڕاوکێ دەبن و جەستەیان زیاتر تووشی نەخۆشی دەبن. ژنانی کارکەر لە کاتی منداڵ بوون دا بە نیسبەت ژنانی ماڵەوە کەمتر تووشی گرفت دەبن.

کاتێکیش کە منداڵەکانیان گەورە دەبن دایکیان هەوڵ دەدەن کە منداڵەکانیان لەگەڵ شێوەی ژیان لە ناو کۆمەڵگادا ئاشنا بکەن. هەروەها ئەو ژنانە توانای ئەوەیان زیاترە کە منداڵەکانیان باشتر بە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە سێکس و ماددەی هۆشبەر و ماددەی ئەلکۆلی روون بکەنەوە و منداڵەکانیان فێری ئەوە بکەن کە لەسەر پێی خۆیان راوەستن.




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ماڵداری و لەخۆ بێگانە بوونی ژنان

وەرگێران: شاناز کاکەئازەر

**قوتابخانەی فیمینیستی: پێم خۆشە وتارەکەم بە رستەیەکی هیتلێرەوە دەست پێ بکەم: «جێگەی ژنان نێو پێخەف، مەتبەخ و کلیسایە»**

پێویست بە ئاخاوتن نیە کە ماڵداری چیەو چ کارێکە. ئەوەی کە بۆ هەموو لایەک روونە ئەوەیە کە بەسەربردنی کات لە ماڵەوە بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵە کارێک وەک چێشت لێنان و بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی هەموو رۆژێ دووبارە دەبنەوە و گشتمان ناچارین ئەنجامیان بدەین بەڵام ئەم مەسەلەیە کە ئەم کارەی بۆ رەگەزی مێ داناوە و چاوەڕوانیمان لە ژنان هەیە هەموو رۆژێ ئەم کارە ماندوویی هێنەرە بەڕێوە ببەن کە رۆڵێکی گرینگی هەیە لە تووشبوون بە خەمۆکی و وەلانانی ژنان لە نێو کۆمەڵگا دا باسێکی ترە.

بۆ تێگەیشتن لە رەخنەی فیمینیستەکان سەبارەت بە بنەماڵە پیاوسالارەکان پێویستە کەلێنی نێوان ئامانجەکانی ژیان و ئەزموونەکانی ژنان لە پێگەی هاوسەرو دایک دا بێینە بەرباس. «بتی فریدان ۱۹۶۳ « (خەمۆکی دایکانی ئامریکایی لە توێژی مام ناوەندی دا لە دەیەی ۱۹۶۰) وەک (کێشەیەکی بێ نێو ) نێو دێر دەکا.لە لایەکی ترەوە لیز استانلی و سووایز (۱۹۸۳) گوتوویانە کە زۆربەی ژنان لە نێوان بنەماڵەی خۆیان و بنیاتی بنەماڵە دا جیاوازی دادەنێن، بەو مانایە کە بنیاتی بنەماڵە بە باش دەزانن لە کاتێکدا کە زۆربەیان هەست دەکەن بنەماڵەی خۆیان لەگەڵ ئەم چاوەڕوانیانەی کە لە ژیانی بنەماڵەیی هەیانە ناگونجێن.

کچەکان بەو هیوایەوە گەورە دەبن کە زەماوەند بکەن و رۆژی شایی خۆیان وەک جوانترین ساتی ژیانیان ببینن. بەڵام ژیانی هاوبەش زۆر بە دەگمەن بەو شێوەی کە ئەوان چاوەڕوانی دەکەن دەردەچێ و لە نێوان راستەقینەو خەیاڵ دا مەودایەکی زۆر هەیە. بەوتەی (جسی برنارد) (۱۹۷۳) هاوسەرگیری لە روانگەی ژن و پیاو دوو شتی جیاوازە و پیاوەکان بەهرەیەکی زیاتر لە زەماوەند کردن وەردەگرن.تووشبوون بە نەخۆشیە دەروونیەکان بۆ ژنانی خێزاندار لە ژنان و پیاوانی سەڵت زیاترە لە کاتێک دا بۆ پیاوانی خێزاندار ئەگەری تووش بوون دەگمەنە. زۆربەی ژنان لە رووی پێداویستی ئابووریەوە زەماوەند دەکەن، لە بەر وەیکە بۆ خەرجی ژیانی خۆیان ناتوانن پارەی پێویست بە دەست بهێنن بەو هۆیەوە تەنیا لە رێگەی زەماوەند کردنەوە دەتوانن ژیانی ئابڕوومەندانەیان هەبێ. وا دیارە کە هەر ژنێکی سەڵت پێویستی بە پشتگیری پیاوێک هەیە و ئەوەش بۆ خۆی زەحتێکی دیکەیە بۆ زەماوەند کردن. لە لایەکی ترەوە، پیاوان لە رێگای زەواجەوە سوودی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە دەست دێنن. پەزیرایی و ئاگاداریان لێ دەکرێ، کاری ماڵییان (بە بێ حەق دەست) لە لایەن هاوسەرەکەیانەوە بۆ ئەنجام دەدرێ، و زۆر جار لە بابەت ئەرکە پیشەییەکانیان (بێ حەق دەست) هاوکاریان دەکرێ.

بە ئاشکرا دیارە کە لەو پێوەندیە بە ناو یەکسان و هاوسەرانەیە دا، ئەوە پیاوە کە زۆرترین قازانج وەردەگرێ و ژن کە لە ماڵی باوکیەوە (جێگەیەک کە لەوێ فێریان کردوە تا بە چ شێوەیەک کارەکانی بەڕێوە ببا کە بە هیچ بارێک دا نەلەنگێ!) بەرەو ماڵێک دەڕوا کە لەوێ دەبێ هەم خۆی بحەسێتەوەو هەم کەسێکی تر بحەسێنێتەوە بەڵام لە کردەوە دا تەنیا بەشی دووهەم، یانی حەساندنەوەی کەسێکی تر لە لیستەی ئەرکەکانی دادەندرێ ( هەڵبەت ئەگەر باس لەوە نەکەین کە، ژنێک کە بۆخۆی پەرێشان و ماندووو خەمۆکە چۆن دەتوانێ ببێتە هۆی حەسانەوەی کەسێکی تر؟!) وەها لێکدانەوەیەک، بە جوانی دەری دەخا کە هۆکارەکانی کێشەی نێوانی ژن و پیاو لە سیستمی بنەماڵە و بەدوای ئەو دا ئەم پەروەردە نادروستەی کە بە درێژایی مێژوو بوونی هەبووە چین. لەو بابەتەوە دەتوانین لێکۆڵینەوە و کارگەلێکی زۆرمان بە کردەوە هەبێ کە بەڕای من دەتوانێ چەند خاڵی ناڕوون لە بیروڕای فیمینیستی و بەحەق بوونی ئەوان، چ لە بواری سوودەکانی ژنان و چ پیاوان، روون بکاتەوە کە پیاوەکانیش دەتوانن بە هۆی یەکسان بوون لەگەڵ ژنان، ژیانێکی باشتریان هەبێ.ژنان جگە لە ئەرکەکانی ماڵەوەو گەورە کردنی منالەکان هێندێک جار لە کارو کاسبی هاوسەرەکانیشیان دا هاوکاریان دەکەن. تەواوی ئەم کارانە بە ئەرکی سەرشانی ژن دەژمێردرێ و نەتەنیا زۆرجار رێزی لێ ناگیرێ بەڵکوو لەوانەیە ئەگەر جارێک هەڵەیەک یا کەمتەرخەمیەک روو بدا لە لایەن خزم و کەس و تەنانەت بنەماڵەی خۆشی بکەوێتە بەر لۆمەو تانە وتەشەر و سەرکۆنە کردن.

بەو شێوەیە ژنان خۆیان لە دنیایەک دا دەبیننەوە کە هەموو رۆژێ کارگەلێکی دووبارەیان لە ئەستۆیە، کارو ئیشێک کە هیچ پێویستیەکیان بە گەڵاڵە داڕشتن،لێکۆڵینەوە و داهێنان نیە و مرۆڤ تووشی لە خۆ بێگانە بوون لە وەی کە هەیە و ئەوەی کە ئەنجامی دەدا دەکا. کەرەسەیەکی بێ قیمەت لە کارخانەی گەورەو پیاوسالاری کۆمەڵگادا....

بەڕای من لەو بوارەدا نەتەنیا پیاوان بەڵکوو ژنانیش دەبێ سەرکۆنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکرێن لە بەرەوەی کە بۆخۆیان ئەو کۆیلەتیە قبووڵ دەکەن کە بیرۆکەکەی لە لایەن پیاوانەوەیە. بۆ دەبێ کارێک کە لە ڕوانگەی پیاوانەوە بێ بایەخ دەژمێردرێ لە ئەستۆی ژنان بێ و ئەوانیش نەتەنیا لە کۆڵ خۆیان نەکردۆتەوە بەڵکوو هەوڵ دەدەن باشتریش بەڕێوەی ببەن و هێندێک جار لە نێو ژناندا لە سەر بەڕێوە بردنی ئەم کارانە دا ڕکەبەری نەزانانە دەبیندرێ.تەنانەت ئەم ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵیش دا کاریان هەیە، دوای کۆتایی کارەکەیان لە دەرەوەی ماڵ بە پەلە خۆیان دەگەیەننەوە ماڵێ و خەریکی کارەکانی ماڵێ دەبن. لە وتوووێژێک دا کە لەگەڵ هێندێک لەم ژنانە کردوومە، گووتوویانە کە بۆخۆیان حەزیان لەم کارانەیەو ئامادە نین ئەم کارانە بە کەسێکی تر بسپێرن، لە بەر وەی کە هیچ کەس ناتوانێ وەک خۆیان بە باشی ئەم ئیشانە ڕاپەڕێنێ!!

بۆ دەرکی مەسەلەی دابەش کردنی کار لە نێو بنەماڵەدا نەک هەر دەبێ بزانین چ کەسێک چ کارێک بەڕێوە دەبا بەڵکوو دەبێ سەرنج بدەین کە بەرپرسایەتی و گەرەنتی ئەنجام دانی هەرکارێکی تایبەت لە ئەستۆی چ کەسێکە، و پاشان دەبێ یەقەی ئەم ڕوانگەیە بگرین کە دابەش کردنی کار لە نێوان (پیاوی نانهێنەر) و (ژنی خزمەتکار) بە دادوەرانە دەزانێ. بەشێک لەم نادادوەری و نابەرابەریە بۆ وە دەگەڕێتەوە کە ڕێژەی ئەم ژنانە کە جیا لە کاری دەرەوە هەروا لە ماڵداری و منداڵداری و چێشت لێنان بەردەوامن بەرەو زیاد بوونە، و بەشێکی تریش بەو هۆی ئەوەیە کە کارەکانی نێوماڵی ژنان لە کاری بە حەق دەستی پیاوان چەندین کاتژمێر زیاتر دەخایەنێ. فیمینیستەکان زۆرجار ئەم خاڵانە دەستنیشان دەکەن کە بە گشتی ئەرکی ئەم کارە پێویست و دووبارانە کە دەبێ بە بەردەوامی ئەنجام بدرێن لە ئەستۆی ژنانە، لە کاتێکدا کە پیاوەکان شێوە کارێک دەکەن کە پێویستی بە داهێنان هەیە و دەتوانی کاتی خۆی خەریکی ئەنجام دانیان بێ. ئەم کار دابەش کردنە زۆرجار پێوەندی بەوە هەیە کە زەرفیەتی سروشتی ژن وپیاو چۆن لێک بدەینەوە. دەڵێن ژنان باشتر دەتوانن کارگەلێکی وەک: پاک و خاوێنی، دروومان، قاپ شووتن، کڕینی پێداویستی ڕۆژانە، شووردنەوە، منداڵداری و چێشت لێنان ئەنجام بدەن.

چەندفاکتەرێکی جۆراوجۆر لە وانەیە هۆی ئەم مەسەلەیە بێ کە لە نێوانیاندا دوو مەسەلە گرینگی تایبەتی هەیە:



١ — پەروەردەکردنی تایبەتی ژنان و پیاوان و کۆمەڵایەتی کردنی ئەوان بۆ وەرگرتنی ڕۆڵەکانی ڕەگەزایەتی.

بەسەرهاتی خەماویی ژن لە قەبووڵ کردنی غەریبە بوون لەگەڵ خۆی « ڕازێکی سەرپۆش کراو» ی ژنانەیە کە لە ڕێگەی پەروەردە کردنی بە ئازاری ژنان بۆ دەوری ژنانەبوونیان کە لە نەسلێکەوە بۆ نەسلێکی تر درێژەی دەبێ.

٢ – پشت بەستنی ئابووریی ژنان بە پیاوان

هۆکارێک کە دیاری دەکا لە بنەماڵە دا چ کەسێک کار دەکاو چ کەسێک بەکاری ماڵێ و منداڵ ڕادەگا و دەبێ لە ماڵێ بمێنێتەوە، چەند باوەڕێکی پێوەندیدار بە ڕۆڵە شیاوەکانی ڕەگەزایەتیە. بەڵام هۆکارەکانی بازاری کاریش ئەم هەڵبژاردنە بەهێز دەکا. بە گشتی، ئەم داهاتەی کە پیاوان بە دەستی دێنن زیاتر لە داهاتی ژنانە کەوابوو زۆرتر پیاو سێحەب پیشەیەو ژن منداڵداری دەکا. بەو شێوەیە ژنان تووشی ئاستەنگی ماڵی دەبن. کارێک کە لە گەڵ ئەرکەکانی ماڵەوە بگونجێ بە دەگمەن خەرجی پێویست بۆ سەربەخۆ بوونی ژنان دەردێنێ و زۆربەی ژنان هەست دەکەن دەسەڵاتی (داهاتی بنەماڵە) یان نیە.

هەڵبەت لە یادی نەکەین کە ئەم دوو هۆکارە لە پەنا یەکتر دەتوانن کاریگەریان لە سەر ژیانی ژنان هەبێ و لە یەکتر جیا نین.

مەسەلەیەکی تر کە لێرە دەبێ سەرنجی بدرێتێ هەڵسەنگاندنی جیاواز لە کاری ماڵەوەیە کە پاش هێنانە بەر باسی بابەتە فیمینیستیەکان، زۆر لە گەڵێ ڕووبەڕوو دەبین. کاتێک کە باس لە کاری ماڵەوە دەکرێ، هێندێک لە پیاوەکان پێیان وایە کە ئیدی هیچ کەس کاری ماڵێ بە کاری ژن دانانێ و خۆیان لەو کارەدا بە شەریکی ئەو دادەنێن بەڵام بەرای من ئەوە تەنیا ژێستێکی ڕووناکبیرانەیە چونکە لە کردەوە دا سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ماڵ و ئیش و کاری منداڵان لە ئەستۆی ژنی ماڵییە. پیاوان بە پێی ئارەزووی خۆیان و بڕە توانایەک کە بە دەستیان هێناوە لە هێندێک کاری ماڵ دا هاوکاری هاوسەرەکانیان دەکەن کە زۆرتر ئەو کارانە دەگرێتە خۆ کە پیاوانە بە حیساب دێن.لە ڕاستی دا ئەوە ژنە کە قورسایی ئەرکەکانی ماڵ لە سەر شانی داندراوە و بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک سەرەتا دەبێ ئەرکی ماڵداری و هاوسەرداری و دایک بوونی خۆی بە جێ بگەیەنێ. ئەو ئەرکانەی کە بەردەوام دەبێ ژنان گرینگی پێ بدەن و هیچ کات ئەو ئیزنەیان پێ نادرێ وەک بوونەوەرێکی چالاک بۆ ڕۆژانی ژیانی خۆیان داهێنانێکیان هەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# رزگاربوون لە حەسرەت

ریحانە قاسم رشیدی

و: ئارا

نەسرین وازی لێ نەدەهێنام. لەو ڕۆژەوە کە لە سیمینارەکە کە چاومان پێک کەوتبوو، زیاتر لە سەدجار پێی گووتبووم و ئەو قسانەی بە گوێما چپاندبوو. ئەو و مێردەکەی ئێستاش « ئاسف» یان دەبینی. نە تەنیا ئەوان بەڵکوو هاوپۆلەکانیش کەم تا زۆر پێوەندیان بوو. تەنیا لە نێوانیان دا من ون بووم. یا باشتر بڵێم خۆم لە دەست ئەوانی تر دەشاردەوە، بەڵام خۆ نەدەکرا هەر بەردەوام بم و هەڵێم، دەبوو لە سیمیناری فێربوونی دووبارەدا بەشدار بم.

جیهانی دوکتورەکان لەوە گچکەترە کە خۆی تێدا بشاریەوە. تەنانەت ئەگەر لە دوورترین شوێنی وڵاتیش دا بژی، ئێستا پێویست بە ئیمتیازە و وانە پەروەردەییەکان هەر دەبێ و ناچاری بێی و لەو کۆڕانەی کە کۆنە هاوڕێکانت تێیدا بەشدارن، تۆش ئامادە بی هەر چەندەش خۆ گێل بکەی هەر دێن بۆلات. لە کانگای دڵمەوە بەو چاوپێکەوتنە ڕازی نەبووم بەڵام نەمدەتوانی دڵی نەسرین بشکێنم. لەوانەیە ئەویش ڕاستی کردبێ، ئەمە کەمتر کارێک بوو کە دەمتوانی بیکەم. دیارە شەش ساڵ لەوە پێش کاتێک کە بە خوازبێنی «ئاسف» وڵامی ڕەدم داوە، دەبوو ئەو کات بە جێگای ئەوە لەبەر ئەویش و خۆشم هەڵێم، و ڕووبەڕووی دانیشتبام و پێم گوتبا بۆچی ئەو بڕیارەم داوە. بەڵام ئەوکات بووغزێکی وا گەورە کە نە تەنیا گەرووم، بەڵکوو تەواوی لەشمی داگرتبوو کە دەترسام بە گوتنی تەنیا یەک وشە دەریای فرمێسک لە چاوەکانم دا بێتە خوارێ و تێی بگەیەنم کە چەندەم زەجر کێشاوە، تا لە نێوان عەقڵ و دڵدا بە قەولی خۆم بە هەڵبژاردنێکی لۆژیکی و ماقووڵانە دەست لە هەموو هەستە جوانەکان دڵم هەڵگرم. جیا لەوەش ئەو لەخۆبردوویەم لە خۆمدا شک نەدەبرد کە ژیانی خۆم بۆ دەوروو بەرم باس بکەم. هەر بۆیە کاتێک خوازبێنی لێ کردم، تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتم ناتوانم.

سەبا لە هەموو قوتابیەکانی دەورەکە بەتەمەنتر بوو پاش ساڵانێک کە لە کۆنکور قەبووڵ نەبوو سەرەنجام توانیبووی پێی نێتە ناو زانکۆ، هەر بۆیە بەتەمەنترین گرووپەکەمان بوو. ئەو لە هەستی دەروونی هەردووکمان ئاگادار بوو. لە هەستێک کە چەندین ساڵ بوو شاردرابۆوە، بەڵام لە ئاخر ڕۆژەکانی خوێندندا، وەکوو ئاگرێک لە ژێر خۆڵەمێشەوە بڵێسەی دا. من بەردەوام لەو هەستەی خۆم ڕام دەکرد هەرکات لە نەخۆشخانە لەگەڵ « ئاسف» تێک هەڵدەنگواین یان لام دەدا یان خۆم وا نیشان دەدا کە زۆر سەرقاڵم هەوڵم دەدا کە شیفتی کارەکەم جۆرێک وەرگرم کە یەک نەکەوین. بەڵام بەو حاڵەش گەلێک جاران چاومان پێک دەکەوت و تێک دەگیراین. « ئاسف زۆر لەوە بەئەدەبتر و بەڕێزتر بوو کە بمخاتە ژێر گوشارەوە. بەڵام لە چاولێکردنە بێدەنگەکانی دا دەمخوێندەوە تامەزرۆی کاتێکە کە پێکەوە قسە بکەین: شتێک کە لێی نیگەران بووم، ئەوە بوو کە دەترسام کاتیک ببیستم چەندەی من خۆش دەوێ، قاچەکانم وەلەرزین کەون و هەموو ئەو تەگبیرانەی کە کردبووم ببنەوە هیچ. هاوڕێکانم بە تایبەت نەسرین و سەبا زۆریان ڕێنوێنی دەکردم، دەیانگوت نابێ ئەو هەلە لەدەست بدەی. کوا دەکرا مێردێکی بە چاکی ئاسف و بنەماڵەکەی پەیدا بکەی.

هەموو شار دەیانناسن. ساڵی یەکەمی زانکۆ مامۆستاکان لە کاتی حازر و غایب دا کاتی دەگەیشتنە ناوی « ئاسف « کەمێک ڕادەوەستان و لێیان دەپرسی لەگەڵ فلانە دکتور خزمایەتیان هەیە و ئەویش بە ئیفتخارەوە دەیگوت بەڵێ. بەڵام هیچ کەس تەنانەت تا ڕۆژەکانی کۆتایی خوێندنیش کەس نەیدەزانی چ جۆرە خزمایەتیەکیان هەیە.

چ گرینگیێکی هەبوو؟ بۆ من کە لە بنەماڵەیەکی کرێکارەوە هاتبووم و بە دژواریی ئەو ڕێگایەم دەپێوا. تەنانەت وێنا و بیرکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خزمە بەناوبانگەکانیشی وەلەرزەی دەخستم. دیارە لە ڕواڵەت دا ئەو ترسەم نیشان نەدەدا نەمدەهێشت کەس بزانێ لە چ حاڵێک دام. ماڵەکەمان لە یەکێک لە گەڕەکە دوورەکانی شار و لە نەخۆشخانە و زانکۆ دوور بوو. ئەگەر بمویستبا هەموو ڕۆژێک لەوێوە بێم، هەموو کاتەکەم لە ڕێگە دا تێپەڕ دەبوو. شانسم هێنابوو کە هەر لە یەکەم ساڵی زانکۆم دا ئامۆزایەکی باوکم و خێزانەکەی لە کەسێک دەگەڕان کە دوای جیابوونەوەی منداڵەکانیان لەگەڵ ئەوان بژی، تا لە تەنیایی و بێتاقەتی ڕزگار بن. لە وانەبوو لە بارودۆخێکی ئاسایی دا ئەو شوێن ناخۆش و ماندووکەرەم بۆ دژوار و تەحەمول نەکرابایە. بەڵام لەو کاتەدا ئەمە گەلێک ناخۆش و نەگونجاو بوو. من و ئەوان دوای چەند مانگێک کەم کەم خوومان بە یەکتر گرت. بە جۆرێک کە ئامۆژنم بۆخۆی پێی گوتم کە ڕاحەت بم و ئەگەر پێم خۆش بی ژمارە تەلەفوونەکەیان بدەم بە هاوڕێکانم و دەعوەتیشیان بکەم. هەرگیز هاوپۆلەکانم نەدەبردەوە بۆ ئەوەی ئەگەر مامم و هاوسەرەکەیان بدیبایە دەیانزانی کە دایک و باوکم نین. پێمخۆش نەبوو کە چیرۆکی ژیانم بکەوێتە سەر زار و زمانان. بە خەڵکی چی کە باوکم کرێکاری فیتەری یە لە جادەی ساوە و هەروەها پوورم کە لەگەڵ ئێمە دەژی، پوورم دوای ئەوینەکەی لە پانزدە ساڵیدا هەموو شتێک و هەموو کەسێکی بۆ وەلانا دوایش بوو بە خاوەنی ژیانێکی ناخۆش و ئاڵۆز، لە ڕاستیدا من یەکەم کچی ماڵەکەم بووم کە دەمویست ژیانی خۆم بگۆڕم. خوشکەکانم هەر دوای ئەو بیرە کۆنەوە بوون کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مێردێکی دەوڵەمەندیان دەست کەوێ و شووی پێ بکەن بەڵام من ئەوەندە لە ئەزموونی ژیانی پوورە مەریەمم دەترسام کە نەمدەویست ریسک بکەم.

پێم وابوو کە لە پشت ئارام و هێدی تەوای ژیانەکانەوە کێشە کێش و ئاڵۆزی یەک خۆی حەشار داوە. تەنیا هێندێک دەیانتوانی کە ئەو ئاڵۆزیانە کۆنترۆڵ بکەن و هێندێکیش نەیاندەتوانی و دەکەوتنە بەر لافاوی ڕووداوەکان و نوقمی دەکرد. فەقیرە پوورم لەو کەسانە بوو کە دوای سێ ساڵ بە منداڵێکی چکۆلە و جانتایەکی سەفەری و هەروەها بە سەرشۆڕی هاتەوە ماڵێ. دەیزانی سەرباری ئێمەیە، ئەوە بوو نە خاڵم بژێوی ژیانی خۆی و کچۆڵەکەی وەئەستۆ دەگرت و نەباوکم، هەروەها بوونیشی هەمیشە ببووە هۆی کێشە و ئاژاوە. بڕیارم دا کەبۆ خۆم ببمە کەسایەتیەک. بەڵام پێم خۆش نەبوو وەکوو پوور یا خوشکەکام بە خاتری پارە دەست بۆ کەس درێژ بکەم گریمان ئەو کەسە باشترین مێردی دنیا بێ. بە خۆشیەوە وانەکانم زۆرباش بوون و زیرەک بووم. لەگەڵ ئەوەی کە هێندێک لە کارەکانی ماڵەوەم ئەنجام دەدان، بەڵام بە شەوێ بە دوو سێ کاتژمێر خوێندن و سەعی هەمیشە لە قوتابی یە باشەکان بووم. تەنیا زەحتی باوکم بۆ بە مێرددانم ئارامی لێ ئەستاندبووم کە ئەویش بە پشتیوانی دایک و پوورم نەیتوانی بیرۆکەکەی بە جێ بگەیەنێ و بەڕێوەی بەرێ. خوا کردی و هەر ساڵێ یەکەم بە بێ ئەوەی مامۆستا بگرم بۆ وانەی کۆنکور و خەرج گەلێکی قورس کە بنەماڵەکەم نەیاندەتوانی بیدەن بۆ پزیشکی قەبووڵ بووم و وەرگیرام. لەسەر دەرگای خوێندنگاکەمان لەسەر تابلۆیەک پیرۆزبایی قەبووڵبوونمیان پێ گوتبووم و باوکیشم بە هەموو گەڕەکەکەمان شیرینی پەخش کردەوە. من بە سەر چارەنووسم دا زاڵ بووم یان لانی کەم وا دەردەکەوت. هەر لە یەکەم واحیدی خوێندنم دا دەورووبەرەکانم بە دکتور بانگیان دەکردم ئاسایی بوو کە کورە پوورەکەم مەدرەکی سێی ناوەندی (سیکل) بوو، ئیتر نەیتوانی بنێرێتە خوازبێنم لە دەست ئەوان رزگارم بوو. چارەنووسی لە زانکۆ چاوەڕوانم بوو، لە قیافەی هاوپۆلی یەکەم کە گەلێک بە شەخسیەت و خۆش ناو بوو تەنانەت غیرەتی ئەوەشم نەدەکرد بیر لەوە بکەمەوە کە پێم بچێتە ئەو بنەماڵەوە! وێنەی مەجلیسێک کە بنەماڵەیەکی هەژاری وەک من و بنەماڵەی دەوڵەمەندی وەک ئاسف پێکەوە دانیش، هەموو گیانی وەلەرزە دەخست. باوکم لە میوانیەکاندا بە شانازیەوە باسی لە کارەکانی دەکرد و ئازایەتی یەکانی خوی لە کارەکەی دا دەگێڕایەوە، هەروەها هیچ کات پێم خۆش نەبوو کە بنەماڵەکەم لە بەرامبەر مێردەکەم دا هەست بە نامۆیی بکەن و نەتوانن هەڵسوکەوتی ئاسایی خۆیان هەبێ. کە وایە هیچ ڕێگەیەک نەبوو بێجگە لەوەی کە واز لە ئاسف و هەموو ئەو هەستە جوانانەی کە لە دڵم دا دەپشکووتن بێنم. نەسرین کاتی چاوپێکەوتنی بۆ دیاری کردین. کاتێک پاش هەموو ئەو ماوەیە کە ئاسفم بینی، تێگەیشتم کە لەگەڵ ئەو هەموو خۆ ڕاگرتنەم تۆسقاڵێک لە هەستم کەم نەبۆتەوە. نزیکتر کە بوومەوە و چینی دەمووچاوی و مووی ماش و برینجی یەکەیم بینی، دڵم زیاتر لەرزی. هەمووی ئەو ماوەیە دڵنیا بووم کە منی لە بیر چۆتەوە و شوێن ژیانی کەوتووە. کەم نەبوون ئەو کچانەی کە پێیان خۆش بوو ببنە ژنی. زۆر بە ئاسوودەیی دەیتوانی ببێتە باوکی بنەماڵەیەکی شاد و بەختەوەر. بەڵام ئاسف هەر بە تەنیا بوو. زگم بۆ بۆخۆمان سوتا. ئەگەر رۆژگار جۆرێکی تر بووایە لەوانە بوو بتوانین ژن و مێردێکی بەختەوەر بین و چۆک بە نائومێدی دادەین و پشتی بشکێنین. دەستەکانم کە دەلەرزین خستمنە ناو گیرفانم و شاردمنەوە و بۆ یەکەم جار لە ژیانم دا دانیشتم و بە دڵێکی پاک و سادقانەوە لەگەڵ خۆم و ئەو کەسەی کە خۆشم دەویست، قسەم کرد. ئیتر لەوەی کە کچێکی بنەماڵەیەکی هەژارم خەجاڵەتیم نەدەکێشا. ژیان فێری کردبووم کە زیاتر بایەخ بە شەرافەت و ئینسانیەت بدەم تا شێوەی قسە کردن و جل لەبەر کردن و دەوڵەمەندیی و لەوەی کە هەم، هەڵنەیەم و خۆی لێ نەشارمەوە. هەموو شتێکی بۆ باس بکەم رۆیشتووم و ئەو ماوەیەشم بۆ گوزەراندووە. ئەویش خزمایەتی یەکی دووریان لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە هەیە و تەنیا وێک چوونی ناو و خۆش ڕواڵەتی بۆتە هۆی ئەوە کە ئەو وێنایە ساز بێ. تۆزێک هەستم بە سووک بوون دەکرد. ئەو قسەکردنە کۆڵێکی لەسەر شانم سووک کرد. ئێستاش نازانم بە ئاکام دەگەین یا نە.

بەڵام ئەو سووکناییە هەموو دونیای دێنا. رزگاربوون لە داخ و پەژارەی قسە کردن لەگەڵ ئاسف و ناسینی ئەو باشترین هەڵکەوت بوو کە دەیتوانی لەم رۆژە تاریکانە دا بێتە پێش و رەنگی بەهاریان پێ بدا. دەپاڕێمەوە کە رۆژەکانی هەمووی ئێوە ئازیزانیش پڕ بێ لە شادی و سەر سەوزی.

سەرچاوە:
راە زندگی ٣٠٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژن ئەستێرە

# حەپسە خانی نەقیب

ئا: دایکی یەسنا

حەپسە خانی نە قیب کچی شێخ مارفی حەفیدە لە ساڵی ١٨٩١ لەشاری سلێمانی لە دایک بووە، حەپسەخان ئامۆزای شێخ مەحموودی حەفید و هاوسەری شێخ قادری حەفیدبوو.

حکوومەتی تورکیە نازناوی نەقیبی دابوو بە شێخ مارف کە نوێنەری شێخ و عەشیرەتەکان لە کوردستان بوو. حەپسەخان یەکێک لە ژنە گەورەو ناودارەکانی کورد و کەسێکی خۆش نێو و بە ناوبانگ بوو کە سەرپەرەشتی ژنانی سلێمانی دەکرد، ماڵەکەی شوێنی چارەسەرکردنی کێشەی ژنانی سلێمانی بوو بە جۆرێک هەر ژنێک کێشەی هەبا یان تووشی کێشەبووبا پەنای بۆ حەپسەخان دەبرد و ئەویش بە شێوەیەکی گونجاو بۆی چارەسەر دەکردن. حەپسەخان سەرپەرەشتی راستەقینەی ژنان بوو چ لە بواری کۆمەڵایەتی و چ لە بواری نەتەوەیی و رۆڵی گرینگی دەگێرا و جێگای شانازی ژنان و پیاوانی کورد بوو. حەپسەخان کەسێکی بەشەردۆست و ماڵەکەی جێگای قسەوباس لە سەر چۆنێتی نەمانی نەخوێندەواری بوو، وەکوو مەکتەب وابوو، یارمەتیدەری زۆرلێکراوان و هەژاران بوو.

جێگای وەبیر هێناوەوە ئەم ژنە تێکۆشەرە لە ساڵی١٩٣٠نووسراوەیەکی چر وپری لە سەر بە فیرۆ چوون و پێشێلبوونی مافی نەتەوەیی کورد بە دەستی داگیرکەرانی بریتانیا بۆ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نارد.

حەپسە خان دوای زەحمەتێکی زۆر توانی بۆ پەروەردە و بارهێنان قوتابخانەیەکی شەوانە بۆ ژنانی کورد بە مەبەستی بن بڕ کردنی نەخوێندەواری دابمەزرێنێ و بۆخۆشی لەم قوتابخانەدا خەریکی خۆیندن بێت، ئەم قوتابخانەیە وەکوو یەکەمین قوتابخانە لە کوردستان بۆ نەمان و بن بڕ کردنی نەخوێندەواری دەهاتە ئەژمار و ماڵەکەشی بۆ ئەو مەبەستە پێشکێش بە پەروەردەی سلێمانی کرد.



کاتێک کە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دامەزرا، حەپسە خان لە هیچ جۆرە یارمەتییەک بەم کۆمارە دریغی نەکرد و قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان بە ناردنی برووسکەیەک سپاسی یارمەتیەکانی کرد.

کاتی بریندار بوونی شێخ مەحموود لە ناوچەی دەربەندی بازیان لەگەڵ ئەرتەشی بریتانیا،حەپسە خان وێرای زۆربەی شێخەکانی تر رێگای ئێرانیان گرتە بەر و تووشی ناخۆشی و، هەژاری و برسێتی بوو بەڵام وەکوو کەسێکی خۆراگر ئەم کێشانە نەیانتوانی ورەی دابەزێنن

کەسایەتی و گرووپی جۆراوجۆر لە دەورووبەروو و وڵاتە ئوروپاییەکان بۆ دیتن و رێزگرتن لە حەپسە خان دەهاتن بۆ سلێمانی،ماڵی حەپسەخان ببوو بە شوێنی پێشوازی لێکردنیان.

مامۆستا شاکرفەتاح لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی ((ژنانی کورد)) دەنووسێت. چەند بەندکراوی عەرەبی خەڵکی بەسرە لە سلێمانی داوای یارمەتی لە حەفسەخان دەکەن و ئەویش بە ناردنی نامەیەک لە وڵامی داواکاریەکەیان بۆیان دەنووسێت کە ، تا ئەو کاتەی ئێوە لە سلێمانی لە بەند دابن وەکوو میوانی من وان و من دایکی ئێوەم و هەرچی لە دەستم بێت دریغی ناکەم.

حەپسە خان لە رێکەوتی ١٥ی نیسان ١٩٥٣ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە گیانی لەدەستدا و لە گردی سەیوان لە سلێمانی بە خاکسپێردرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org














کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org



# سمێڵ

له سه‌عات شه‌شی ته‌واوی ئێواره‌دا
له جاده‌یه‌كدا دره‌ختێ
به‌سه‌ر ژنێكی كوژراودا
قژی خۆی ئه‌ڕنێته‌وه .
پێنج خوله‌ك و
چه‌ند چركه‌یه‌كیش دره‌نگتر
هه‌ر له جاده‌كه‌ی ئه‌و دیودا
پۆلیسێك پیاسه ئه‌كات و
گوڵه به‌رۆژه ئه‌خوات و
هه‌ر له‌به‌رده‌م ئه‌ویشدا
پیاوێك جه‌نجه‌ره‌كه‌ی ئه‌سڕێ و
پێ ئه‌كه‌نێ و
سمێڵی شه‌ره‌ف با ئه‌دا !

شێركۆ بێكه‌س

# كه‌س نازانێ

كه‌س نازانێ . ئا ئێستاكه
له‌و دیوی ئه‌و دیواره‌وه له‌و ماڵه‌دا
چی ڕوو ئه‌دا ؟!
كه‌س نازانێ . له وانه‌یه
چۆڵ چۆڵ بێ و كه‌سی تیا نه‌بێ !
له وانه‌یشه پڕ بێ له خه‌می هه‌ژاریی
ژن و مێردێ!
له وانه‌یه عاشقێكی تیا بێ و ئێستا
گوێ له ده‌نگی « مه‌ردان « بگرێ..
له وانه‌یه میوانێ له‌وێ نووستبێ!.
كه‌س نازانێ. له‌و دیوی ئه‌و دیواره‌وه
له‌و ماڵه دا . چی ڕوو ئه‌دا ؟!
له پڕێكدا پیاوێكم دی
به‌هه‌ڵه‌داوان، شڵه‌ژاو
چووه ژووری و پاش ماوه‌یه‌ك
له‌و سه‌ره‌وه له‌گه‌ڵ چه‌ند پیاوێكی تردا
ئافره‌تێكی
سووتاویان هێنایه ده‌رێ!.

شێركۆ بێكه‌س



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەگەر هاتی بەگەڕەکی باخا وەرە ...



دەنگێک لەغەیبەوە ئەرژێ
ریزە موروویەکی سپییە
بەگەردنمەوە ئەئاڵێ
پوشی لەبیرچووی هێلانەیەک
کۆشم ئەکاتەوە وڵات
وڵاتی جریوەی سپی
ئەرۆم و رووم جێ ئەمێنێ
بەنەشئەی سێبەر مەست ئەبم
باخچە بەناونیشانی گوڵ ئەناسمەوە
رێگەی چوونم هاوتەریبی
هەورێکی چاو بە ئۆغرە
سات نە ساتێ
لێم وێڵ ئەبێ
دەنگێک لەغەیبەوەئەرژێ
چوون کریستاڵێکی سپی
لە قوڵمدا بازنە ئەکا
سروشت وەک منی پۆشیوەو
لاڕێ ئەگرێ
جار نە جارێ
هەواڵی زەمەن ئەپرسێ
وەڵام بەشی وشە ئاونگاوییەکانی لێوم ناکا
خەونەکانم نایەنە رۆژ
تا چەند چرگەیەکی عومرم
لەئامێزتا بەسەربەرم
سەفەر لە منەوە فێربوو
خەونی هەور بکاتە ماڵ
عەشق لەمنەوە فێربوو
گوێ بەوانەی خەیاڵ بدا
ژیان لەمنەوە خووی گرت
نەگاتە جێ
هاوڕێ فەلسەفە ئەمگوژێ و
لێم تێناگا
رێگەکان هەر ونم ئەکەن
دوو گەڵای سەوز
دەبنە گوارە و چرپەی بەهار
بەبیستنم ئاشنا ئەکەن
بەهاری دووری مەنفاکان. .

لەتینووبوون بمبینەوە
چرپەی ئەو شەوە دوورانە
بخۆرەوە بەمنەوە خەیاڵ ئەبووی
ئێستا پڕم لە ختوورەی
ئەگەر و نەگەری ژیان
سەدایەک لە غەیبەوە دێ
وەکو کراسی بوکێنی شەڵاڵی سپێتیم ئەبێ
تەماشام لێ ئەکاتەوە و ئەیدا
لە رەنگی گوڵەکان
بەسوحبەتی نمایشی گوڵەکان هەڵچوونی من
هەورێک ئەرژێ و
چاوەکانم تاپۆ ئەکا
گەر بە دیدەنیم شاد ئەبی
بەگەڕەکی تەڕوتوتوشی باخا وەرە
گوڵەکان لێ مەکەرەوە
تەنیا بۆنیانم بۆ بێنە
ناونیشانم لەولاتری ماڵی بە ئاژاوەی پایزە
بەڵام نەکەی بیرت بچی
پڕ هەناسەت بۆنی گوڵ و
پڕ بەدەستت مورووی سپیم لەتۆ ئەوێ
چاوەڕێمە تا ناو ماڵی خەمێکی تازە ئەماڵم
پایزێکی تر بە پەلە
دێ بەسەرم ئەکاتەوە
کەچی گوارە سپییەکانم بانگی بەهارێکی تازە
بەبیستنم رائەدێرن
گەر ئەتەوێ بمناسییەوە
بەکوچە رێی بەهاری رابوردوو وەرە
هەندی سێبەری پاڵکەوتوو لە چاو بدە
بەڵام نەکەی
خەونی رەنگەکان ببینی
تەنیا ئەو رەنگانە نەبی
کە تامی لێوی من ئەدەن
دەنگێک لەغەیبەوە ئەرژێ
تەماشام ئەکاتە ئاسمان
پووشی لەبیرچووی هێلانەیەک
بەرئەبێتەوە ناو دەستم
فەلسەفەی فڕینی دوور و
کاڵبوونەوەی ساتەکانم بۆ باس ئەکا
گەر ئەتەوێ بمبینیەوە
نزیک سایدی شاری خەونەکان مەکەوە
لەوێ رەنگی مردووەکانت لێ ئەنیشی
لەوێ چرپە خەواڵووەکان لێوت ئەبەن
لەوێ خەونی حەوت ئەستێرە هۆشت ئەبەن
بەشوێن گەڵا پەخشەکانی دەستما وەرە
ملوانکەیەک لەرەنگی غەیب
کریستاڵێکی بازنەیی و
جوتێ گوارەی پڕ لە حەدیسەکانی گەڵا
کۆتم ئەکەن
بەڵام هێشتا لەوانەیە
نەمناسییەوە
باڵام نوقمی سپێتییە و
چاوم پڕە لەوێنەی تۆ و
دڵم لەهیچ!!

**چنوور نامیق**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مۆنا

و: چیمەن بارام میرزا

مۆنا کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵانەیە و لە خراپەخانەیەک دا کەوتۆتە داوی پۆلیسەکان، فیلمەکە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی ناو ئازارەکانی، ژیانی بەم شێوەیە دەخاتە بەرچاو.

ناوم مۆنایە و تەمەنم ١٩ساڵە باوکم بەننا بوو . لەو رۆژەی لە دایک بووم دە نگی شەڕ و کێشەکانی دایک وبابم لە گوێم دا دەزرینگێتەوە.دایکم کەسێکی دیکەی خۆش دەویست بەڵام بنەماڵەکە ی ئەویان بە زۆری دابوو بە بابم. لە نێوماڵێکی پڕ رق وکێشە دا گە ورە بووم. دایکم هیچ گرینگیی بە من وخوشکەکەم نەدەدا. ئیتر لە و بارودۆخە بێزار ببووم.

بە ئاواتی سۆز و خۆشەویستیی دایکم بووم. بەڵام مەخابن کە دایکم بیرو هۆشی لە لای خۆشەویستەکەی واتا عەلی بوو.

ژیانی مە لەبەر عەلی شێوا بوو. نەم دەتوانی خیانەتە کانی دایکم قەبووڵ کەم. لە ئاکامەکەی دەترسام کە ئەگەر رۆژێک بابم بزانێ چ دەبێ؟ باوکم لە بەیانی تا شە و لە سەر کارەکەی بوو و دایکیشم لە نەبوونی بابم عەلیی دێنایەوە ماڵێ.

جارجاریش لە گەڵ ئەو دەچوون بۆ گەڕان وسەیران. بەزییم بە بابم دا دەهاتەوە. بۆ دایکم ومنداڵەکانی لە بەیانی تا شەو کاری دەکرد بەڵام چەندە بێ سوود بوو، شەوانەش لە گەڵ دایکم شەڕ و کێشەیان بوو.

چونکە دەیدیت کە دایکم چەندە بەرامبەر بە ژیان و منداڵە کانی بێ خەیاڵە.

سەرئەنجام ئەوەی لێ دەترسام روویدا. رۆژێک کە وەک هەمیشە عەلی لە ماڵێ بوو، بابم لە ناکاو هاتەوە. هیچ کات ئەو رۆژەم لە بیر ناچێتەوە، هەڵاوبەزمێک دەستی پێ کرد، عەلی لە بابمی دا وهەڵات. دایکیشم لە گەڵی رۆیشت. بابم رۆژی دواتر داوای جیابوونەوەی کرد. بەستە زمانە تەنانەت سکاڵاشی لە دایکم نەکرد. هەر لەو گێرە و کێشەیە دا بوو کە بابم لە خەفەتان دڵی تۆقی و مرد. لەوانەیە خەفەتی ئەوەی کە پیاوێکی بێگانە لە ماڵمان بوو ئازاری دەدا.

دوای مردنی بابم من وخوشکم ناچار بووین بچینە لای دایکم. دایکیشم نەیهێشت چلەی بابم تێپەڕێ مێردی بە خۆشەویستەکەی کرد. عەلی پیاوێکی زۆر تووڕە و بەدڕەوشت بوو. ماددەی هۆشبەری بە کار دەهێناو لە دایکمی دەدا، من وخوشکەکەمی ئازار دەدا. و سووکایەتیی پێ دەکردین. تەنانەت جارێکیان کە خەریکی تریاک کێشان بوو بە شیش لاقی سووتاندم. دەستم کرد بە گریان،دایکم لە جیاتی ئەوەی پشتی کچەکەی بگرێ بە دەنگی بەرز داوای لێ کردم برۆم بۆ دیوێکی دیکە. ئەو شەوە تا بەیانی گریام و دەمگووت بۆ دەبێ چارەنووسی من ئاوابێ. بۆچی لەو بنەماڵەیەدا لە دایک بووم. بۆ بابم مردوو.........

ئەو شەوە هەموو کەل و پەلەکانم کۆکردەوە و بڕیارم دا لەو ماڵە بڕۆم. بەیانی زوو لە کاتێکدا کە عەلی لە خەودا بوو لەو ماڵە وەدەر کەوتم. هەستم بە خۆشی و ئارامی دەکرد.

وەک ئەوەی کۆتری دڵم ئازاد بێ و بۆ ئاسمان هەڵ بفڕێ. نەمدەزانی بۆ کوێ بڕۆم بەڵام دڵنیا بووم لەوەی کە لەو شکەنجەگایە رزگارم بوو.

چووم ماڵە پوورم بەڵام پوورم ئەوەندەی تووک ودوعای لە دایکم وعەلی کرد کە لەوێش بێزار بووم. لە ماڵێ رزگارم بووبوو بەڵام هەر باسی دەکردن، شەوێک زیاتر نەمتوانی بمێنمەوە. رۆژێک دواتر لە ماڵی پوورم وەدەرکەوتم، نەمدە زانی بۆکوێ بڕۆم، نە پووڵم پێبوو نە شوێنێک بۆ حەوانەوە. جل وبەرگی کوڕانم لە بەرکرد و لە ئاودەستی پارکەکان دا دەخەوتم. شەوێک لە ناو ئاودەستی پارکدا لە گەڵ کچێک ئاشنا بووم کە چارەنووسی منی هەبوو، دەیگوت لە گەڵ کوڕێک بۆتە هاوڕێ کە بەڵێنی داوە زەماوەندی لە گەڵ بکا. جاروباریش دەچێتە ماڵەکەی. داوای لێکردم کە بڕۆمە ماڵی هاوڕێیەکەی. بۆ سبەینێ کە چووینە ماڵیان ماڵێکی گەورەیان هەبوو لە ناوەندی شار. کچ وکوڕێکی زۆر هاتوچۆی ماڵیان دەکرد.

ئەوکات زانیم کە ئەو ماڵە خراپە خانەیە. سەرۆکی ئەو شوێنە پیاوێکی پیر بوو کە وێڕای نەوەکەی واتە ئەو کوڕەی بە لێنی زەماوەندی بە کچەکە دابوو ئەو شوێنە یان بەڕێوە دەبرد. داوایان لێکردم لەش فرۆشی بکەم و لە و شوێنە بمێنمەوە. منیش بە ناچاری قەبووڵم کرد چونکە شوێنێکم نەبوو بۆ مانەوە. هەموو شەوێ منیان بە کرێ دەدا بە پیاوانی بە تەمەن وپیاوە پیرەکە پووڵەکەی وەردە گرت. ئەوکچەش کە لە ئاودەستی پارکدا ناسیم ئامرازێک بوو بۆ ئەوەی کە کچانی سەر شەقام لە داو بخا. لە هەرحاڵدا لە شوێنە دا گرفتار و لە خۆم بێزار بووم. وا گیرۆدە بووبووم کە پێم خۆش بوو بمرم. هەمیشە بە خۆم دەگوت کە ئەگەر دایک وباوکێکی دڵسۆزم هەبا نەدەکەوتمە ئەو ژیانە رەشەوە.

ئاخ کە چەندە پێویستم بە لاوانەوەی بابم هەبوو بەڵام نە مدەزانی چی بکەم، هیچ رێگایەکم بۆ نەمابوو. وەها گیرۆدە ی ناپاکی ببووم کە ئیتر بیرم لە هیچ کەس وهیچ شتێک نە دەکردەوە. دەبوو ملم بۆ چارەنووس راکێشم. چە ند مانگێک تێپەڕی رۆژێک پۆلیسەکان رژانە ناوماڵ و منیشیان دەستبەسەر کرد. لەوانەیە خەڵک پێکەنینیان بەو قسەیەی من بێ بەڵام وەڕەزی دایکم دەکەم، لەوانەیە ئازارەکانی ئەو شکەنجگایە باشتربێ لەو ناپاکیە. بەڵام ئەو زۆر دڵڕەق بوو. وەک ئەوەی سۆز و خۆشەویستی دایکانەی لە دڵدا نەبێ. ئەو تەنانەت لە دوای رۆیشتنی من سەردانی پۆلیسی نە کردبوو بۆ ئەوەی داوای ئەوەیان لێ بکا منداڵەکەی بۆ بدۆزنەوە. جاروبار دەڵێم منی کردە قوربانی خۆشەویستەکەی.

وەڕەزی خوشکەکەم دەکەم، پێم خۆشە بزانم ئێستا چی دەکا. داخوا عەلی ئێستاش شکنجەی دەدا؟ بەڵام پێم خۆشە خۆڕاگر بێ بۆ ئەوەی کە تووشی چارەنووسی من نەبێ.

کچە خەیاڵ هەڵی دەگرێ و دوای چەند چرکەیەک درێژە دە دا: گەورەترین ئاواتم بەختەوەریی خوشکەکەمە، پێم خۆشە زووتر لە گرتووخانە رزگارم بێ و بگەڕێمەوە لای خوشکەکەم، هەر دووکمان کاربکەین و داهاتی ژیانمان دابین بکەین. چ حەز و ئاواتێکم هەبوو. پێم خۆش بوو دەرس بخوێنم و بۆ خۆم ببم بە کەسێک بەڵام بە لەعنەت بێ ئەم رۆژگارە کە منی خستە گرتووخانە وە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشداریی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژنانی سوسیالیست ئەنترناسیۆنال لە ئاتێن




ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە، ٧ و ٨ ی پووشپەڕ( بەرابەر لە گەڵ ٢٨ و ٢٩ی مانگی ژوئەن) لە شاری ئاتێن و بە میوانداریی وڵاتی یونان کۆبوونەوەی سۆسیال ئینتێرناسیۆنالی ژنان بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوە جیهانیەدا کە لە ژێر ناوی چارەنووسی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی بە دوای بەهاری عەرەبدا گیرا، هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی گوڵاڵە شەرەفکەندی و هاوڕێیەتی شەهین زادەحمەد بە مەبەستی خستنە ڕووی ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی ژنان بەشداریی ئەم کۆبوونەوەیان کرد.

کۆبوونەوە کە بە پەیامی ویدئۆیی جۆرج پاپاندرۆ کە نەیتوانی بوو لە سالۆن ئامادە بێ دەستی پێ کرد و دواتر ئانتیگۆن کارالی دیمیتریادی، جێگری سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال و ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیری یۆنان بۆ پرسی ژن لە حیزبی پاسۆک وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد و پێداگری لە سەر گرینگیی چارەنوسی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی لە پرۆسەی بەرەو دێمۆکراسیدا کرد. مافی ژنان و دیاری کردنی زەمانەتێک بۆ مافەکانیان بە جۆرێک کە بەشدارییان و وێستەکانیان ڕەنگدانەوەی لە داهاتووی ئەم وڵاتانە هەبێ، ئەم بابەتانە بوون کە دەبوو لەو کۆبوونەوەیەدا بخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

پیپا لۆکاتێللی، سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە قسەکانی خۆیدا ئاماژەیەی بە بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچە کرد. ناوبراو لە ژمارەی مردنی ژنان لە سودان لە کاتی منداڵ بووندا دەستی پێ کرد و گەیشتە ڕادەی بەشداریی ژنان لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتانە و ڕەچاو کردنی سیستەمی کۆتا کە لە عەرەبستان و یەمەن و قەتەر سیفرە و لە وڵاتانی وەک بەحرەین و ئێران تەنیا ٢ لە سەدە و ڕایگەیاند کە ئەو ئامارە زۆر جێگای مەترسییە.

سەرۆکی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە قسەکانی خۆیدا باسی ئەو وڵاتانەی کرد کە بە زوویی هەڵبژاردنیان هەیە و ڕوون نیە چەند ژن بۆ پۆستی سیاسی خۆیان کاندید کردووە یان چەندە شانسی هەڵبژێردرانیان هەیە. ناوبراو قسەکانی بەو وتەیە کۆتایی هێنا کە ئەگەر ئێستا نا، ئەدی کەی؟

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا مۆنا موکەڕەمە ئەبەید، مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی ئامریکایی قاهیرە و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی میسری مافی مرۆڤ لە باسەکەی خۆیدا ئاماژەی سەرەکی خستە سەر سێ فاکتۆر کە گرینگترینیان ئامادە کردنی ڕەشنووسی بنەمای یاسایی ئەم وڵاتە پێش هەڵبژاردنەکان لە میسر بوو کە بە پێی بەندەکانی جارنامەی مافی مرۆڤ بە


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org




جۆرێک بتوانێ هەموو لایەنەکان و بە تایبەت ئیخوانولموسلیمین بەو کۆمەڵە بنەمای یاساییە پابەند بکا. بە واتایەک لەو پرۆسەیەدا دیتنەوە زەمانەتەکان بۆ پابەند کردنی دەوڵەتی داهاتوو بە رەچاو کردنی هێندێک بنەما بۆ پاراستنی مافی ژنان تیشکی خرایە سەر.

دواتر نانا مینت شێکنا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی میللی ژنانی موریتانی کە وڵاتێکی ئیسلامیە، لە باسەکەی خۆیدا ئاماژەی بە ژیانی سیاسیی ژنانی وڵاتەکەی لە ژێر سایەی ئیسلامێکی میانەرەو کرد و گرفتەسەرەکیەکانی ژنانی خستە بەر باس.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە دوای کاری ئەو پانێلەدا پرسیار و تێبینییەکانی خۆیان ئاراستەی پانێل گێران کرد و لە لایەن ئەوانەوە وەڵامیان درایەوە.

لە رۆژی دووهەمی کۆبوونەوەکاندا، وەفا حاجی، ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییە بیانییەکانی « یو ئێس ئێف پ» لە وڵاتی مەراکێش، باسێکی لە سەر وەزعی ژنان لەو وڵاتە و لە رەوتی ئاڵوگۆرەکاندا پێشکەش کرد.

دواتر هەرییەت هەرمان لە حیزبی کرێکارانی بریتانیا لە سەر یارمەتیدان بە رەوتی ئالوگۆرەکان لە میسر و تونیس دوا و چۆنییەتی یارمەتی دان بە ژنان لەو وڵاتانە بۆ بە رێکخراوە بوون و بەشداری لە هەڵبژاردن و دەربرینی دەنگی خۆیان و بەشداری کردنیان لە نووسیان چارەی ئەو وڵاتانە لە رەوتی بەرەوە دێمۆکراسی هێنایە بەرباس.

پاشان شانتاڵ کامبیوا، بەرپرسی بەشی ئافریقیی سۆسیال ئینتێرناسیۆناڵ لە کامێرۆن لە باسەکەی خۆیدا ئاماژەی بەو دێکیۆمێنت و زانیارییانە کرد کە یان لە ئارشیودا هەن یان لە لای ژنان ئافریقی لە رێگەی تەجرەبەکانیان کۆکراونەوە و دەکرێ بۆ ژنان لە وڵاتانی عەرەبی بە کەڵک بێن. ناوبراو دواتر ئاماژەی بە گرینگی وشیاری لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هێندێک لەو وڵاتانە کرد و ئەو مێکانیزمانە کە دەکرێ بۆ ئەو پرسە کەلکیان لێ وەربگیرێ.

لە بەشێکی دیکەی کاری کۆنفرانسەکەدا و لە بەشی دانیشتنی وڵاتانی هەر ناوچەیە، یەکیەتی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان کە دەکەوێتە بەشی مێدیتەرانە، قەفقاز و خاورمیانە ی سۆسیال ئەنتێرناسیۆنال، لە گەڵ بەرپرسی ئەو ناوچەیە واتە ئانتیگۆن کارالی دیمیتریادی و رێکخراوەکانی سەر بەو ناوچەیە کۆبوونەوە.

لەو بەشەدا گرینگترین بابەت بۆ هەرکام لەو رێکخراوانە لە وڵاتەکانی خۆیان و لە بەرنامەیان بۆ ٣ مانگی داهاتوودا باس کرا.

دواتر لە کۆبەندی باسەکانی کۆبوونەوەی گشتیدا، لە بەشی ئەو بابەتانە کە دەبێ سۆسیاڵ ئەنتێرناسیۆنالی ژنان لە بەرنامەی داهاتووی خۆیدا بیگونجێنێ، نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان پێداگریی لە سەر پێویستی بەرەوروو بوونەوەی توند ئاژۆیی ئیسلامی لە ناوچە و پشتگیری لە ژنان و لە مافەکانیان لە وڵاتێکی وەک وڵاتی ئێراندا کرد و داوای پشتگیری بۆ مەسەلەی ژنی کورد و پێناسە و مافەکانی خستە روو و باسی ژنانی زیندانی کرد و لە پێویستی ئاوروودانەوە و لێپرسینەوە دوا.

هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەروەها ئاماژەی بە گرفتی دەستدرێژی بە کۆمەڵ بۆ سەر ژنانی کرد کە ئێستا لە ئێران بەربینگی بە ژنان گرتوە و لە کۆتاییشدا ئارەزووی کرد ژنان لە وڵاتانی عەرەب لە تەجرەبەی ژنانی ئێرانی دەرس وەرگرن و خۆیان تووشی چارەنووسی هاوشێوە نەکەن.

لە بەشی کۆتایی کاری کۆبوونەوەکەدا ئەو قەتعنامەیە کە بۆ پشتگیری لە ژنان لە وڵاتانی عەرەبی لە لایەن سۆسیال ئەنتێرناسیۆنالی ژنان ئامادە کرابوو، بە لە بەرچاو گرتنی تێبینییەکان ئامادەبووان، پەسەند کرا.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org









# جۆراوجۆر









کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

# سکچوون

ن: د.زاهیر تاهیر گەردی
ئا: رەحمان مەحموودی

سکچوون بریتیە لە زۆر پیسایی کردن و گۆڕان لە باری پیسایی یا لە رادەی زۆر پیسایی کردن، و بە چەند جارێکی بەردەوام لەهەر کەسێکی تووش هاتوو. سکچوون لەهەر تەمەنێک روودەدا و باوە. جاری وا هەیە کاتیە و تووشبوو کە دوای چەند کاتژمێرێک یا چەند رۆژێک چاک دەبێتەوە، یا مەترسی لەسەر ژیانی کەسەکە دروست بکا. سکچوون لای پزیشکان بە نەخۆشی دانانرێ بەڵکوو بە نیشانەی نەخۆشی دادەنرێ و زۆر نەخۆشی هەن کە دەبنە هۆی سکچوون.

سکچوون چۆن روو دەدا؟

کاتێک هۆکاری زگچوون کە ( بۆ نموونە میکرۆب ) دەچێتە ناو رێخۆڵەی مرۆڤ دەبێتە هۆی داڕوشانی ناو پۆشی ( دیوارە ) ریخۆڵە و لە ئاکامدا بەرگری لەش کارا دەبێ و دەکەوێتە خۆ بۆ بەرگری کردن دژی میکرۆبەکە. لەبەر ئەوە دەبێتە هۆی دەرکردنی ئاو لە ریخۆڵ و کەم هەڵمژینی ئاو لە ئاکامدا پیسایی شل دەبێ و هاتنە دەرەوەی ئاسان دەبێ. هەروەها جووڵەی ریخۆڵە زیاد و بەهێز دەبێ، وا دەکا کەسەکە هەست بە ژانە زگ بکا. لەو کاتەدا ئارەزووی خواردن کەم دەبێ و زۆرجار دڵ تێک هەڵاتن و هێڵنج یا رشانەوەی لەگەڵە.

نیشانەکانی سکچوون:

١- نیشانەکانی سکچوون وەک: زگ ئێشە، رشانەوە، کەم بوونەوەی خواردن ( کم اشتهایی )

٢- تەب زۆر دەبێ، ئازار، داهێزان، ماندووبوون و بێ تاقەتی

٣- ئەگەر سکچوونەکە زۆر بێ لەوانەیە ببێتە هۆی کەم بوونی ئاوی لەش و وشکبوونەوە. چەند حاڵەتێک بۆ نەخۆش دێتە پێش وەک: بوورانەوە، دابەزینی کێشی لەش، کەم میز کردن، وشکبوونەوەی دەم و کەم بوونەوەی فرمێسک لە کاتی گریان و ئەگەر سکچوونەکە زۆر توند بوو لەوانەیە ببێتە هۆی مردن.

سکچوون لە منداڵان دا

سکچوون لە منداڵان دا زۆر باوە بەڵام بە زۆری لە وەرزی هاوین ( گەرما ) دا زۆر دەبێ. جۆری پیسایی بە گوێرەی تەمەنی منداڵ و جۆری خۆراکەکەی دەگۆڕێ.

A – پیسایی کردن: ژمارەی پیسایی کردن: منداڵی سیرەخۆرە لەوانەیە لە رۆژێک دا لە نێوان سێ تا دەجار پیسایی بکا. ئەوەش بە گوێرەی جۆری خۆراکی منداڵەکە ( ئایا شیری وشک دەخوا ) چونکە ئەو منداڵانەی شیری دایکیان دەخۆن زیاتر پیسایی دەکەن. هەرچی منداڵی گەورەیە لەوانەیە لە رۆژێک دا یەک دوو جار پیسایی بکا. ئەگەر ژمارەی پیسایی کردن دوو هێندی باری ئاسایی بوو بە سکچوون دەژمێردرێ.

B – رەنگی پیسایی: رەنگی پیسایی و رەقی و شلی بە گوێرەی تەمەنی منداڵ دەگۆڕێ. لەبەر ئەوەی دەبێ هەر دایکێک رەنگ و و رەقی و شلی پیسایی منداڵەکەی بزانێ. لە کاتی ئاسایی ( نۆرماڵ) دا رەنگی پیسایی منداڵ دەبێ زەرد یا کەسک یا تاریک بێ یا پارچە پارچە بێ. هەر کاتێک زانیت منداڵەکەت پیساییەکەی شل ببووە یا وەک ئاوی لێهاتووە یا ماددەی لینجی تێدایە چاوەدێری بکە، بەڵام ئەگەر خوێنی تێدابوو ئەوا بە خێرایی سەردانی پزیشکی منداڵان یا نەخۆشخانە بکرێ.

جۆرەکانی زگچوون و ماوەکانی سکچوون:

– سکچوونی لەناکاو: ئەو زگچوونە کەمتر لە یەک حەوتوو دەخایەنێ.

– سکچوونی درێژخایەن: ئەگەر منداڵەکەت ماوەی زگچوونکەی لە یەک تا چوار حەوتووی خایاند ئەوە زگچوونی درێژخایەنی هەیە و پێویستە سەردانی پزیشک بکەی بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری سکچوونەکە.

هۆکارەکانی سکچوون:

هەو کردن ( عفونت )Infection:

هەو کردن بە هۆکارەکانی وەک باکتری، ویروس و مشەخۆرەکان پێک دێ و ئەو هۆکارانە زۆرجار لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازرێتەوە واتا واگیرە. بۆیە یەکێک لە باشترین چارەسەری پاک و خاوێنیە بە گشتی.

١- هەو کردن بە ویروسەکان:

هۆکارێکی سەرەکی زگچوون لە منداڵان بە تایبەت لە وەرزی زستان دا و نیشانەکانی سکچوونی شل، رشانەوە، بەرزبونەوەی پلەی گەرمی لەش، سەر ئێشە، و نەبوونی ئارەزووی خۆراک و گیان ئێشان. سکچوون دوای ١٢ کاتژمێر لە تووشبوون بە ویرووسەکە دەست پێ دەکا. ماوەی ( ٣-٧ ) رۆژ دەخایەنێ. چارەسەرێکی دیاریکراوی نیە. و چارەسەری بە پێدانی پۆدری ( ORS ) و دابەزینی تەب.

٢- هەوکردن بە میکرۆبەکان:

زۆربەی کات زەحمەتە لە زگچوونی بە هۆی ویروس جیا بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر تەبی منداڵەکە درێژەی کێشا و زیاتر بوو لە ٤٠ پلەی سەدی یا زگچوونەکە خوێن یا ماددەی لینجی تێدابوو ئەو هەو کردنە بە میکرۆبە.

چارەسەری: پێدانی دژە باکتری ( Anti-biotic )

٣- هەوکردن بە مشەخۆرەکان:

ئەو هۆکارە زۆر دەگمەنە بە زۆری بە هۆی خواردنەوەی ئاوی پیس تووش دێن و ماوەکەی ٢ حەوتوویە.

٤- سکچوون بە هۆی کاردانەوەی ئانتی بیوتیکەکان:

زۆر لە دژە باکتریەکان ( انتی بیوتیک ) هەن کە دەبنە هۆی سکچوون لە منداڵ و گەورە ساڵاندا. بە راگرتنی ئەو جۆرە دەرمانەی سکچوون تەواو دەبێ.

٥- هەوکردنی هەندێک لە ئەندامەکانی تری لەش دەبنە هۆی سکچوون وەک:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





هەو کردنی گوی نێوەڕاست، ڕێڕەوەکانی میز و ............

٦- نارێکی لە خۆراک: وەک پێدانی خواردنی زۆر بە منداڵ و یا منداڵ حەساسیەتی بە خۆراک دەبێ یا خواردنێکی پیس بخوات.

٧- هۆکارە دەگمەنەکان: وەک بەد خۆراکی، هەوکردنە درێژخایەنەکان.

چارەسەر:

چارەسەر بە گوێرەی باری تەندروستی منداڵەکە دەگۆڕێ. ئایا منداڵەکە لەگەڵ زگچوون وشک بوونەوەی هەیە یا نا؟

ئەگەر منداڵ زگچوونی هەبوو پێویستە ئەو خاڵانەی خوارەوە لەبەر چاو بگیرێ:

١- پێدانی شیر بە بەردەوامی بەتایبەتی شیری دایک.

٢- ئەگەر منداڵ جگە لە شیر، خواردن دەخوا پێویستە خواردن و خواردنەوەی پێ بدرێ وەک ئاوی برینجی بێ ڕۆن و شۆرباوی نیسک و سووب، نان، گۆشتی بێ چەوری و سەوزەو میوە نابێ ئەو خۆراکانەی پێ بدرێ کە قورس و چەورن.

٣- نابێ ئەو شەربەتانە بدرێن کە شەکریان زۆر تێدایە ( شەربەتی سێو ) و هەروەها ئەو گیراوە یا ئەو شەربەتانەی کە دەبنە هۆی داڕووشانی ریخۆڵە ( شەربەتی ترێ، شەربەتی پرتەقاڵ ) و پێدانی شلە گازدارەکان ( پیپسی ) کە هەم ترشی و شەکریان زۆرە.

٤- پێدانی پۆدری ORS کە بە پێنج لیوان ئاو دەگیرێتەوە و بۆ ئەوانەی کە لەگەڵا زگچوونەکە ئارەزووی خواردنیان کەمە یا لەگەڵ سکچوونەکە رشانەوەیان هەیە. پێویستە ئەوە بزانین ORS چارەسەر نیە بەڵام یارمەتی دەدا بۆ زوو چاکبوونەوە.

٥- ئەو منداڵانەی کە نایانهەوێت بخۆنەوە و یا دوای پێدانی دەرشێنەوە و دەبێ چاوەدێری باش بکرێن نەوەک تووشی وشک بوونەوە ببن.

٦- ئەو منداڵانەی کە تووشی وشکبوونەوەی ناوەند یا توونو بوونەوە ئەوە پێویستە پزیشک بیانبینێ.

دەرمان:

١- دەرمانەکانی کە سکچوون رادەگرن وەک: Imodium نابێ بدرێ بە منداڵ و کۆرپەی شیرەخۆرە لەبەر ئەوەی مەترسی زۆر دروست دەکا. نیشانەی مەترسیدار دەشارێتەوە و چارەسەرکردن وەدوا دەخا.

٢- دەرمانی ئانتی بیوتیک: زۆربەی کات پێویست ناکا بدرێ بە منداڵ لەوانەیە زەرەری پتر بێ لە قازانجی، لە هەندێک باری دیاریکراو نەبێ کە ئەویش دەبێ پزیشک بینووسێ.

چاوەدێری وشکبوونەوەی منداڵ:

١- وشکبوونەوەی کەم نیشانەکانی وەک: دەم وشکبوونەوە، زۆر تینووبوون و کەم میزکردن.

٢- وشکبوونەوەی توووند و مام ناوەند وەک: کەم میزکردن و لە کاتی گریان فرمێسکی کەم دەبێ و دەمی وشک هەڵدەگەڕێ و چاوی سپی دەبن و یا دەسووڕێن.

ئەو کاتەی پێویستە کە منداڵ پزیشک ببینێ:

١- زگچوونی توند کە ماوەکەی ٢ تا ٣ ڕۆژ بخایەنێ

٢- ئەگەر پیسایی خوێن یا ماددەی لینجی تێدا بێ

٣- تەبی بەردەوام

٤- دابەزینی کێشی لەش

٥- زۆربوون و بەردەوام رشانەوەی منداڵەکە

٦- ئەگەر منداڵەکە جووڵە و وازی یاری کردنی نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆ ئەوەی خاوەنی قژێکی جوان و سالم بین پێویستە چی بکەین؟

وەرگێڕان لە عەرەبیەوە: ڕۆژە عەزیزی

- یەکێک لە ڕێگە چارە هەرە گرینگەکان بۆ سالم ڕاگرتنی پێستی سەروو و قژ بریتیە لە ڕێگای سروشتی بەو شێوە دەتوانرێت بێ کەڵک وەرگرتن لە مەوادەی شیمیایی خاوەنی پێست و قژێکی جوان و سالم بین.

بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ ببنە خاوەنی ئەم جۆرە قژە جوانە دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە جێ بە جێ بکا:

١- شەوانە پێش خەوتن مووەکانی سەر بە ڕۆنی زەیتون چەور بکەین سوود لە ڕۆنی ( خەردەل) وەربگرین و بۆ بەیانی سەرمان بشۆین.

٢- بۆ ڕاگرتنی سەلامەتی قژ لەگەڵ پێست بەردەوام دەبێت ئاگامان لە خواردنی ڕۆژانەمان بێت و لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە وەرزشی پێویست بکرێت، هەروەها خواردنی بڕێکی گونجاو لە ئاو ڕۆژانە هەروەها خواردنی میوە و سەوزەی تازە باشترین ڕێگەن بۆ بوونی قژێکی بریقەدار.



٣- چەند مانگ جارێک کەمێک لە قژەکانمان ببڕێت. بە تایبەت ئەگەر دەتانەوێ خاوەنی قژێکی درێژ بن حەتمەن ئەم کارە بکەن.

٤- قژەکانتان بە جیر(کێش) هیچ کات مەبەستن چونکە دەبێتە هۆی شکانی مووەکان و لە بەینیان دەبا لە جێگای ئەوە دەتواندرێ سوود لە جۆرە قەیتان یان نەوارێکی تایبەتی قژ بەستن وەربگیردرێ.

٥- ئەگەر بتواندرێ ماوە ماوە سوود لە ئاوی لیمۆ وەربگیردرێ بۆ شۆردنی مووەکان دەبێتە هی درەوشانەوەی مووەکان.



٦- هیچ کات مووی تەڕ شانە مەکەن چونکە ئەو خۆ ڕاگرییەی مووی وشک هەیەتی هی تەڕ نیەتی و دەبێتە هۆی شکان. باشترە دوای حەمام کردن بە خاولی قژەکان وشک بکرێتەوە. دواتر بە شانە دابهێنرێ و حاڵەتی پێ بدرێت.

٧- بۆ درەوشانەوەی مووەکان دەتواندرێ مۆز لەگەڵ هەنگوین تێکەڵ بکرێ بۆ ماوەی ٤٠ دەقیقە بدرێ لە مووەکان دواتر بشۆردرێ.

٨- بۆ سالم بوونی پێستی سەر دەوانین سوود لە ئاوی (گشنیز) وەربگرین هەروەها بۆ ئەو کەسانەی تووشی شورەی سەر بوون دەتوانن تێکەڵەیەک دروست بکەن لە ( ئاو _ سرکە) شەو پێستی سەری پێ تەڕ بکەن و ڕۆژی دواتر بشۆردرێ.

٩- هەروەها دەتواندرێ ڕۆنی زەیتون و بادامیش بەکار بهێنرێ بۆ لابردنی شوورەی سەر.

بێگومان پەیرەوکردنی بەرنامەیەکی خۆراکی باش و ژیانێکی باش دەبێتە هۆی سەلامەتی قژ و پێست، چونکە هەر شتێک لە جەستەی مرۆڤ ڕوو بدات ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەم دوو بەشەی جەستە دەبێت و دڵەراوکێ و کەمی ڤیتامین و نەخۆشی هەموو ئەمانە کاریگەریان دەبێت لەسەر مووەکانی سەر و دەبێتە هۆ دروست بوونی گرفت وەک ( هەڵوەرینی یان سپی بوونی پێش وەخت و هتد.... ).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سوودەکانی ئاوی قۆرە

و: پەیام

بەرسیلە میوەی پێنەگەیشتووی ترێیە و تامی ترشی دەدا. قۆرە چەندین جۆر ئەسیدی تێدایە وەکوو:

ئەسید مالیک، ئەسید فورمیک، ئەسید سوکسینیک ( Succinique Acid )، ئەسید ئیگزالیک و ئەسیدگلۆکۆلیک( Glucolique Acid ) .

– ئاو قۆرە بۆ ئەو کەسانەی کە چەوری خوێنیان لەسەرێ یە زۆر بەسوودە و دژە چڵکێکی باشە بۆ لەشی مرۆڤ.

– ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێ کێشی لەشیان دابەزێ دەتوانن ئاو قۆرە لەگەڵ سالاد بخۆن.

– نەخۆشی ئیسکۆربۆت ( اسکوربوت ) کە بە هۆی کەمی ڤیتامین لە لەش دا دروست دەبێ بە خواردنەوەی ئاوی قۆرە چارەسەر دەبێ.

– بە هۆی بوونی ماددەیەک بە ناوی تار تاراتی پۆتاسیۆم لە ناو ئاوی قۆرە دا بۆ چارەسەری نەخۆشی فەقەرات و (سیاتیک) و باداری زۆر بە سوودە.

– بۆ چاکبوونەوەی ئەستووری گەروو دەتوانن ئاوی قۆرە غەر غەرە بکەن.

– بۆ دانانی کرمی ریخۆڵە و بە هێزکردنی گەدە، بۆ ماوەی ٥ رۆژ هەر رۆژێ ١ جار دەتوانن ئاوی قۆرە و زیرەی رەش بخۆن.


– بۆ راوەستایی خوێنرێژی لووت، دەتوانن چەند دڵۆپ لە ئاوی قۆرە لە ناو لووتتان بکەن.

– بۆ چارەسەر کردنی چڵکی گوێ دەتوانن ئاوی قۆرە و سرکەی ترێ بە یەک ئەندازە تێکەڵ بکەن و بۆ ماوەی چەند رۆژ و هەر رۆژێ ١ تا ٢ جار لە کونی گوێتانی بکەن.

– ئاو قۆرە بۆ چارەسەری سکچوونی ئاسایی زۆر باشە و دەتوانن بۆ ماوەی ٣ رۆژ و هەر رۆژێ ١ کەوچکی چێشتی لێ بخۆنەوە.

## سوودەکانی خەیار

خەیار بەرهەمێکی خۆماڵیی وڵاتی هیندوستانە و لەوێرا بردراوەتە وڵاتانی دیکەی جیهان.



گیایەکی یەکساڵەیە و چڵەکانی خشۆک و پڕ لە درکی ناسکە.

– خوارد ن و بۆن کردنی و لێدانی خەیار لەسەر نێوچاوان بۆ چاکبوونەوەی ژانە سەر زۆر باشە.

– خواردنەوەی ئاوی خەیار بۆ دابەزینی تای زۆر، چاکبوونەوەی ئازاری کیسەی زراو و خوێن و چڵکی گەدە، تێنوێتی، خاوێنکردنەوەی جەرگ، میزکردنی زۆر و هەروەها دانانی بەردی گورچیلە و میزڵدان زۆر بەسوودە.

– خواردنی کولاوەی توێکڵی خەیار بۆ چاکبوونەوەی زەردوویی باشە.

– ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە دەتوانن خەیار و تۆوی خەیار زۆر بخۆن.

– خەیار چەوری خوێن دەپاڵێوێ.

– شیلە (گوشراوەی) گەڵای خەیار دەبێتە هۆی رشانەوە، هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە بە خواردن مەسموم دەبن دەتوانن بۆ چاکبوونەوە لەو شیلەیە کەڵک وەرگرن.

–بۆ لابردنی چرچ و لۆچ و جوان راگرتنی پێستی دەموچاو دەتوانن توێلکی خەیار لە پێستی دەموچاوتان بدەن.

–ئەگەر پێستی دەموچاوتان چەورە دەتوانن ١ دانە خەیار لەگەڵ کەمێک ئاوی موقەتەر بکوڵێنن و دەموچاوی پێ بشۆن.

–هەمیشە پێش نانخواردن خەیار بخۆن چونکە یارمەتی باشتر هەرس کردنی خواردنەکە دەدا و ئەو کەسانەش کە خەیاریان بۆ هەرس نابێ دەتوانن لەگەڵ کەمێک خوێ بیخۆن.

–ئەو کەسانەی کە بە خواردنی



خەیار سکیان با دەکا دەتوانن دوای خوارنی خەیار کەمێک نەباتاو یا عارەقی نەعنا بخۆن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵدانەوەی لاپەڕێک لەژیانی ژنێک

## گومان و دڵپیسی ژیانی لە شیلان ستاند

ن: دایکی خانی

بەیانی بە زەنگی موبایلەکەم لە خەو راپەڕیم کە وڵامم دایەوە دەنگێگی گیراو لەم بەری شەپۆلەکانی تەلەفونەکەوە گوتی دادە بەداخەوە شیلانیشمان رۆی. ئاخر بۆ چۆن شتی وا دەبێ؟ بۆ ئاگری لە خۆی بەرداوە؟ ئەوانە و دەیان پرسیاری دیکە گێژیان کردبووم لە حاڵێک دا وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانم باش دەزانی.

شیلان کچێکی باڵابەرزی جوانکیلەی، رووح سووک بوو کە دایکی خەڵکی سلێمانی و باوکی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

لە کاتێک کە خۆی دادەڕشت و بە دەوری خۆیدا دەهات و دەچوو بەر ئاوێنە و سەری بەر دەرگای دەدا و دەهاتەوە ژووری دایک و باوکی دایان بە کابرایەک کە خۆی هیچ حەزی لەم بە شوودانە نەبوو بەڵام بە هۆی بێ ئاگایی و منداڵی نەیتوانی لەبەرامبەر ویستی دایک و بابی دا راوەستێ و ملی دا بۆ زەماوند کردن و رۆیشتن بەرەو ژیانێکی تەواو نامۆ کە لەگەڵ روحیات و ویست و ئاواتەکانی ئەو نەدەگونجا. هەر زوو بیستمەوە کە گۆیا زۆر لە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ مێردەکەی رازی نیە و ناکۆکیان هەیە هەر لەم سەر و بەندەدا بوو کە گوتیان شیلان دووگیانە، ساڵ دەهات و دەڕۆی و شەڕ و نێوان ناخۆشی نێوان شیلان و مێردەکەی هەر دەهات پەرەی دەسەند، تا وای لێهات کە بە خۆی و بە کچە دوو ساڵەکەیەوە هانای بۆ ماڵی باوکی برد و گوتی: دایە و بابە هیچی دیکە بۆ ئێوە ژیان ناکەم ئەوە لەگەڵ (دونیا) هاتینەوە چی دیکە دڵپیسی ئەو کابرایە تەحەموول ناکەم جا چۆن بڕیار دەدەن کەیفی خۆتانە. پاش ماوەیەک بیستم کە شیلان تەڵاقی وەرگرتووە و بە پێی حوکمی دادگا تا تەمەنی ١٨ ساڵی (دونیا)ش هەر لە لای خۆی دەبێ. شیلان لە ماڵە باوکی نەنکێکی بە ساڵاچووی بوو کە نەخۆشی ماوەیەک بوو خستبوویە سەر جێگا. کاتێک تەڵاق درا بڕیاری دا لە مەودوا بە جوانی خزمەتی نەنکە نەخۆشەکەی بکا.

شیلانی رووح سووک بۆ ماوەی سێ، چوار ساڵان خزمەتی دایە گەورەی خۆی کرد لەو ماوەیەدا زۆری خوازبێنی هەبوو بەڵام بڕیاری دا تا نەنکی ئاوا بێت مێرد نەکاتەوە و خزمەتی نەنکە نەخۆشەکەی بکات و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەش دا (دونیا) تەوا گەورە ببوو. دوای چەند ساڵێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لێیدابوو شیلان گوتبووی ئەگەر وازم لێ نەهێنی خۆم دەسووتێنم مێردەکەی گووتبووی جا بە جەهەنەم خۆت بسوتێنە شیلانی ماندوو لە ژیان بۆ ترساندنی کابرا دەبەیەکی نەوت لە سەرڕا تا خواری بە خۆی داکردبوو پاشان ئاگری تێ بەردابوو مێردەکەی بە دیتی ئەم وەزعە نەک بە لایەوە نەچوو بوو بەڵکوو لە ماڵەوە هاتبوو دەرێ تا دشەکانی دەگەنە سەر شیلان و دەیبەنە نەخۆشخانە. ئاگر جەستەی شیلانی وەک خەڵوز لێ کردوو جەستەی شیلان ١٠٠٪ تووشی سووتان ببوو پاش دوو سەعاتان لە نەخۆشخانە ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو. بەر لە مردنەکەی گوتبووی من مەبەستم تەنیا ترساندنی مێردەکەم بوو نەک مردنی خۆم بەڵام مەخابن ئاگر بێ بەزییە و شیلان ئاواتە وەدی نەهاتووکانی بردە ژێر گڵ. شیلان بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیانی پڕ لە نەهامەتی و لە دوو کچە نازدارەکانی و لە دایک و خوشکە دڵ بریندارەکانی کرد.

نەنکی شیلان ماڵئاوایی لە ژیان کرد ئیتر شیلان بڕیاری دا کە ئەگەر بێتوو دڵی چووە سەر کەسێک بۆ جاری دووهەم مێرد بکاتەوە. لە زەماوەندی برا بچووکەکەی دا لەگەڵ برای بووکەکە دڵیان چووبوو سەر یەکتری و پاش ئەوەی کە هاتبوو بۆ داواکاری شیلان بە دایک و بابی گوت جاری دیکە بە دڵی ئێوە مێردم کرد با ئەو جارە بە دڵی خۆم بێ ماڵی شیلان بەرگریان لێ نەکرد و رازی بوون بەڵام مەخابن کە ئەو مێردەشی نەخۆشی گومان و دڵ پیسی هەموو ناخی داگرتبوو تا ئەو جێگایە کە کاتێک دەرۆیشتە سەر کار تەوای دەرگا و پەنجەرەکانی لە شیلانی چارەڕەش دادەخست. ساڵێکی نەخایاند کە شیلان لەو مێردەشی کچێکی دیکەی بوو، شیلان زۆر بە نەرمی داوای لەو مێردەی دەکرد کە واز لەم خوویە بێنێ بەڵام کابرا رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر ئازاری شیلانی دەدا تەنیا ٢ مانگ بەسەر منداڵ بوونی شیلان دا تێدەپەڕی کە رۆژێکیان شەڕێکی گەورە لە نێوانیان دا رووی دا بوو شیلان داوای لە مێردەکەی کردبوو کە ئازاری نەدا بەڵام ئەو پەلاماری دەدا و تا ئەو جێگایەی پێی کرابوو


کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org